# چۆن و چی بۆ منداڵ بنووسین...؟!

**لێکۆڵینەوە**

**لەتیف هەڵمەت**

**کەرکوك – ٢٠١١**



**ناوی کتێب: چۆن و چی بۆ منداڵ بنووسین...؟!**

**بابەت: لێکۆڵینەوە**

**ناوی نووسەر: لەتیف هەڵمەت**

**تایپ: زانا جاف**

**دەرهێنانی هونەری: ئەنجام سەعید**

**لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد– لقی کەرکووك ژمارە (١٤٦)**

**چاپخانە: کارۆ**

**چاپی یەکەم– ٢٠١١**

**تیراژ: (٥٠٠) دانە**

## فیلمی کارتۆن و بووکە شووشە..

فیلمی کارتۆنو بووکە شووشە پایەیەکی بەرزی لە جیهانی سینەمادا هەیەو کۆمەڵێ هونەرمەندی جیهانی ژیانی خۆیان بۆ تەرخان کردووەو گەڵێ فلیمی کارتۆنو بووکە شووشەی بەناوبانگ لە لایەن ئەو هونەرمەندانەوە هاتوونەتە بەرهەم لەوانە: (سەمای پەیکەرە ئاسکەکان / ١٩٣٠) هونەرمەندی ناسراوی ئەمریکایی واڵت دیزنی دەریهێناوە.

هەروەها فیلمی – غالیفەری نوێ – کە ساڵی ١٩٣٥ هونەرمەندی سۆڤیەتی جاران ئەلیکسەندەر بتۆشکۆ هێناویەتیە بەرهەمو فیلمی – دوورگە بچکۆلەکە – کە هونەرمەندی ئینگلیزی ریشارد ولیامز ساڵی ١٩٥٨ دەریهێناوەو فلیمی – کچە شوان – ی هونەرمەندی فەڕەنسی پول غریمو کە ساڵی ١٩٥٣ هاتۆتە بەرهەم .

شایانی باسە هونەرمەند – ئەمیل کۆل – بە یەکەم هونەرمەندی هونەری فیلمی کارتۆنو بووکە شووشە دادەنرێ ئەم هونەرمەندە بۆ یەکەم جار لە نێوانی ساڵانی ١٩٠٨ – ١٩٠٩دا بەرهەمەکانی خۆی لەم بوارەدا خستۆتە روو فلیمەکانی لە سەرەتادا زۆر کورت بوونو کەرەستەی کارەکانی بریتی بوون لە چیلکەی بچووک وەك دەنکە شقارتەو زۆر جار لە هێڵی سپی دەچوون لەسەر پاشینەیەکی ڕەشو



ئەم جۆرە فلیمە فلیمی فانتاسماجۆری – بوون واتا تارمایی نوورانی لە شوێنێکی تاریکدا. ئەم هونەرمەندە فلیمێکی بەناوبانگی هەیە بە ناوی مۆتەکەی فانتۆش – فانتۆش کەسایەتییەکی دیاری زۆربەی فلیمەکانی ئەم هونەرمەندە بووەو نموونەی کەسێکی قۆشمەو بەدبەختی رۆح سووك بووە.

بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە هونەری شانۆیی – خەیاڵی سێبەر – ی چینیو وێنەی ئەو ئاژەڵانەی کە لە ئەشکەوتەکانی تامێرا – و – لسکۆ – دا لە کاتی بازداندا کێشراونو هەموو دەستو پێی زۆریان بۆ دروست کراوە کاریگەری زۆریان لەسەر ئەم بابەتە فلیمانە هەیە.

دەبێ ئەوەش بڵێین کە فلیمی تارمایی سێبەر جۆرە فلیمێکی وێنەیی بزۆزەو هونەرمەند – لووتی رێینجەر – دایهێناوە.

هەروەها هونەرمەند – ئەمیل کۆل – لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا ئامێرێکی بە ناوی (براکسینۆ سکۆب) داهێناوەو جۆرە هونەرێکی پیشانداوە لە فلیمی کارتۆنو بووکە شووشەوە نزیك بووە.

دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێ هونەرمەندێکی دی بە ناوی میلیس – پێش – ئەمیل کۆل – کاریگەرێتی خۆی لەم بوارەدا هەبووە. دوای ئەمیل کۆل هونەرمەندی ئەمریکایی والت دیزنی هەڵکەوتو کۆمەڵێ فلیمی شاکاری هێنایە بەرهەم لەوانە: غێرتی دیناسۆری درێژ کۆڵە / ١٩٠٩و فلیمی – خنکانی لۆریتانیا. شایانی باسە لۆریتانیا ناوی ئەو کەشتییە ئەمریکاییە کە ئەڵمانیا لە جەنگی جیهانیدا بە دوانزە هەزار سەر نشینەوە لە دەریادا خنکاندی. پێشکەوتنو پەرەسەندنی

هونەری فلیمی کارتۆن گەلێ کۆسپو تەگەرەی لە ڕێدا بوو لەوانە: ماندوو بوونی زۆر لە پێناوی چەسپاندنو بەرجەستەکردنی هەموو جموجۆڵێکی کەسانی ناو فلیمەکەو دەسکەوتی مادی کەم لەو فلیمانە لە سینەکاکاندا بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم جۆرە فلیمە لە هەندێ ناوەندا بینراو ڕەواجی تایبەتی خۆی هەبوو. هەرچۆنێ بێ هونەرمەندانی فلیمی کارتۆن کۆڵیان نەداو گەلێ کەسایەتی میللییان کرد بە پاڵەوانی فلیمەکانیان وەکو کەسایەتی – بیتی بۆب – و – کوکووی زەرتەك ئەم دوو کەسایەتییە هونەرمەند ماکس فلیشەر لە جیهانی هونەری کارتۆندا دایهێنان. جگە لەوەش لە نێوانساڵانی ١٩١٤ – ١٩٢٠دا هونەرمەند – بات سولیڤان – کەسایەتی فلیکسی پشیلەی داهێنا ئەم هونەرمەندە ڕەوەندێکی ئوستورالی بوو لە بواری هێلکاریو ڕۆژنامەگەریدا کاری دەکردو سەرەنجام لە ئەمریکا نیشتەوەو بوو بە هونەرمەندێکی ناسراوی فلیمی کارتۆنو پاش هەوڵێکی زۆر توانرا ڕێگای ئاسانو کەم خەرجیو پڕ لە قازانجی مادی بۆ بەرهەمهێنانی فلیمی کارتۆن بدۆزێتەوە. دەبێ ئەوەمان لەبیر نەچێ کە هەندێ لەم فلیمانە لە سەرەتادا بێ دەنگ بوونو لەگەڵ مۆسیقادا پێشکەش دەکرانو فلیمی کارتۆنو دەنگداری ڕاستەقینە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٢٨دا هاتە کایەوەو باشترین هونەرمەندی ئەم بوارەش والت دیزنی ئەمریکاییەو توانیویەتی پێشکەوتنی گەورەو گرنگ لەم بوارەدا ئەنجام بدات ئەم هونەرمەندە لە بواری فلیمی کارتۆندا کەسایەتییەکی سەرنجڕاکێشی دروستکرد بە ناوی میکی



ماوس – ئەم کەسایەتییە مشکێکی زیتو وریایەو بۆ یەکەمجار لە فلیمی پاپۆری ویللی – دا خۆی نواند. لە کاتێکدا فلیمی کارتۆن لە ئەمریکادا گەورەترین پێشکەوتنی بە خۆیەوە دەبینی بە پێچەوانەوە بایەخی پێ نەدەدراو بە هونەرێکی باڵا نەدەژمێردراو بەرامبەر بەوەش دەتوانین بڵێین ئەو فلیمە کارتۆنەی کە هونەرمەندی ئینگلیزی – نانسون دایر – هێنایە بەرهەم فلیمێکی زۆر هاکەزایی بوو سەرکەوتنێکی ئەوتۆی وەدی نەهێنا کە شایانی باسکردن بێ. لە بیستو سییەکانی ئەم سەدەیەدا دوور لە مەبەستی بازرگانی گەلێ هونەرمەند شێوازی نوێیان لەم بوارەدا تاقی دەکردەوە وەکو هانز ریختەرو لووت رینجەرو برۆتۆڵد بارتۆشو ئەلێکس ئەلیکسییفو کلێر بارکەرو ئۆسکار فیشجەرو لین لایو هکتۆر هۆبنو ئەنتۆنی غروسو جۆرج بالو سناروشو ئەلکسەندەر بتۆشکۆو.. هتد. لە هەندێ لەو فلیمە کارتۆنو بووکە شووشانەدا ئەکتەری ڕاستەقینەش دەوریان بینیووە. هەر لەم بوارەدا هونەرمەندی هەنگاری ئینگلترا نشین – جۆرج بال – بووکە شووشەی لە تەختە دروستکراوی بەکارهێناوە. لە ساڵی ١٩٣٩دا هونەرمەندی فەرەنسی ئەنتۆنی غروس لە فلیمی کارتۆنی جەژنی ژیان – دا شێوازێکی پڕ لە فەنتازیای نوێی بەکارهێنا کە بە تەواوی لە شێوازی والت دیزنی جیاوازبوو دوای ئەوەش ئەم هونەرە لەسەر دەستی هونەرمەندان: ئەلیکس ئەلیکسیفو کلێر بارکەری خێزانیو مۆهۆلی ناجیو بارتۆڵد بارتۆشو جۆرج بالو فلاد سلافو ستارۆشو هتد پەرەی سەندو شێوازی زۆر نوێی بە خۆیەوە

دیو ئەم هونەرمەندانە لە فلیمە کارتۆنییەکانیاندا بایەخی زۆریان بە رەنگو جووڵانەوە داوەو جووڵانەوەی کارتۆنەکانیان وەکو جووڵانەوەی ماسی لە ئاودا وابوونو سەرنج راکێش بوونو جوانکاریو کارامەییو هەندێ جاریش توندو تیژییان پێوە دیاربووەو لە ئەنجامی هەندێ ناکۆکیدا کۆمەڵێ هونەرمەند بە ناوی گروپی – UPA کە بریتی بوون لە – ستیڤان بۆزۆف – و – جۆن هۆبلنو ویلیەم هۆرتز – و – بۆب کانوونو هتد لە واڵت دیزنی جیابوونەوەو شێوازێکی تایبەتییان بۆ ئەو فلیمە کارتۆنانە دامەزراند کە دەریان دەهێنان لەوانە فلیمی (مادلینو جیرالد ماکو بوینغ بوینغو یەکانە لە باخچەکەدا)و گەلێ فلیمی دی... فلیمەکانی ئەم کۆمەڵە لە شێوەو جووڵانەوەدا ساکار بوونو بایەخیان بە جەوهەری شتەکان دەدا نەك شتە لابەلاکان.. لە دروستکردنی فلیمەکانیشدا زیاتر قامیشو چیلکەو تەلو شووشەیان بەکار دەهێناو کاکڵەو ناواخنی فلیمەکانیش بە پێی پێویست گاڵتەجاڕی کاریگەریان دەگرتە خۆیان. ئێستا کۆمپیوتەرو کامیرای سەکۆ دەوری باڵا لە پێشکەوتنی فلیمی کارتۆندا دەبینێو گەلێ ئەرکی قورسی سەرشانی فلیمی کارتۆنیان سووكو ئاسان کردووە.. وەکو کورتکردنەوەی کاتو کەمکردنەوەی خەرجی فلیمەکان. لە جیکوسلۆفاکیاو یۆگسلافیاو هەنگاریاو یەکێتی سۆڤیەتی جاراندا بایەخو برەوی باشو لە رادەبەدەر بە فلیمی کارتۆنو بووکە شووشە دراو گەلێ فلیمی زانستیو ئایدۆلۆژیو مێژوویيو ئەفسانەیی هێنرانە بەرهەم لەوانە فلیمی ئامادەیی تیپە



بزۆزەکە  کە فلیمێکی سیاسی بوو ساڵی ١٩٦٨ هونەرمەند ریشارد ولیامز پێشکەشی کرد. هەروەها فلیمی کارتۆنی تیۆری رێژەیی – کە هونەرمەند ماکس فلیشەر لە ساڵی ١٩٢٣دا هێنایە بەرهەم. ئێستا گەلێ ڤیستیڤاڵی ساڵانەی پێشکەشکردنی فلیمی کارتۆنو بووکە شووشە لە جیهاندا هەن وەك ڤیستیڤاڵی – ئەنیسی – لە فەڕەنساو ڤیستیڤاڵی – مامایا  لە رۆمانیاو هتد. لە پەنجاکاندا گرووپی UPA گەلێ بەرهەمی گرنگیان لەم بوارەدا هێنایە بەرهەم.. و هونەرمەندانی وەك جۆن هۆبلیو ئەرنست بینتوفو جین دیتش تەکانی گەورەیان بە فلیمی کارتۆندا لە ئەمریکادا هەر بۆ نموونە بینتۆفو دیتش لە ساڵی ١٩٥٧ کەسایەتی فلیبۆس – یان لە فلیمی کارتۆندا خولْقاند. هەر لە ئەمریکادا گەلێ هونەرمەندی تر هەڵکەوتن وەك ستان فاندەریبكو رۆبرت بریرو تیکسی ئەفیریو شوك جۆنز شایانی باسە ئەم دوو هونەرمەندەی دوایی کەسایەتی – تۆم – و – جیری. یان لە بواری فلیمی کارتۆندا هێنایە کایەوە هەروەها فرینز فریلینغ کەسایەتی کەروێشکی ناسراو بە – بۆغز بۆنی – داهێناو والتەر لانتەر کەسایەتی ئۆدی دار کونکەرە – ی هێنایە بەرهەمو ویلیەم حەناو جۆزیف باربارە کەسایەتی تانجی ناسراو بە – هۆند یان هێنانە مەیدانی فلیمی کارتۆنەوە جگە لە ئەمریکا لە هەندێ وڵاتی تریشدا لە سەرەتای پەنجاکانی ئەم سەدەیەدا فلیمی کارتۆن پێشکەوتنی باشی هێنایە دی لە وڵاتی کەنەدا دا هونەرمەندان نۆرمان ماکلاینو کۆڵن لۆ لە ساڵی ١٩٥٢دا فلیمی چیرۆکی گوازتنەوە – و لە ساڵی – ١٩٦٠دا

فلیمی گەردوونیان هێنایە بەرهەم جگە لەوانیش رۆبەرت فیرال‌و موریس بلاکبۆرن‌و ریان لارکن هاتنە مەیدانەکەوە. لە بەریتانیاش جۆن هالاس‌و جۆی باتشیلور ئستۆدیۆیەکیان دامەزراند کە لە سەرەتای پەنجاکانەوە بۆ سالآنێکی زۆر بوو بە گەورەترین ئستۆدیۆی بەرهەمهێنانی فلیمی کارتۆن لە سەرجەمی ئەوروپاداو گەلێ فلیمی بەناوبانگیان هێنایە بەرهەم لەوانە فلیمی – کۆن هێندەی کۆنی گردۆڵکەکان – ١٩٥٠ فلیمی لە (پێناوی تەندروستیدا) ١٩٥٦و – باخچەی ئاژەڵان – کە لە رۆمانە ناودارەکەی جۆرج ئۆریل وەرگیرابوو. جگە لەوانە لە بەریتانیادا سێ کەسی دی لە بوارەکەدا هەڵکەوتن یەکەمیان – بۆب غۆدرڤ – لە ئوستralیاوە هاتبوو دوانەکەی تریان جۆرج دۆننغ‌و ریشارد ولیامز بوون شایانی باسە ولیامز گەلێ فلیمی کۆمیدی کارتۆنی هێنایە بەرهەم لەوانە: (دوورگە بچوکەکە) ١٩٥٨. جۆرج دۆننغ بەرەو سوریالیزم دەکشاو ئەم رێبازەی لە فلیمی کارتۆنی سێو – دا رەنگی دایەوە. بەلآم بۆب غۆدرڤ بایەخی بە توندو تیژی‌و شەرخوازی‌و زایەند داو ئەم دیاردانە لە فلیمی بۆلیغا مۆس بۆللونیۆس کە ساڵی ١٩٦٠ هێنایە بەرهەم‌و فلیمی هنری لە نۆوە بۆ پێنج – کە ساڵی ١٩٧٠ دەرهێناوە رەنگیان داوەتەوە. لە فەرەنساش فلیمی کارتۆن زۆر پێشکەوت‌و گەلێ هونەرمەندی ناودار هاتنە مەیدانی فلیمی کارتۆنەوەو لە ساڵی ١٩٤٧دا هەردو هونەرمەندی ناودار – بۆل غریمۆ – و ئەندریە سارۆ – فلیمی بەناوبانگی سەربازە بچکۆلەکەیان هێنایە بەرهەم‌و هونەری



فلیمی کارتۆن لە چیکسلۆڤاکیاشدا زۆر پەرەی سەندو گەلێ فلیمی بەناوبانگ هاتنە بەرهەم. وەکو فلیمی (پارچە مۆسیقایەکی ئۆتۆماتیکی) کە ساڵی ١٩٥٩ هونەرمەند لفۆکۆتیش دەریهێناو فلیمی (دزینی گەوهەرە گەورەکە) کە ساڵی ١٩٦٠ هونەرمەند (کەیستل) دەریهێنا. لە ولآتی سۆڤیەتی جارانیشدا هونەری فلیمی کارتۆن گەیشتە چڵە پۆپەی سەرکەوتن‌و گەلێ فلیمی شاکار هاتنە کایەوە لەوانە فلیمی – گێچی ئۆتۆماتیکی – کە ساڵی ١٩٦٤ هونەرمەند ئیڤانۆڤ دەریهێناوە. هەروەها فلیمی (فلم – فلم – فلم) کە ساڵی ١٩٦٩ هونەرمەند خیترۆك هێناویەتیە بەرهەم.. ئێستاش هونەری فلیمی کارتۆن‌و بووکە شووشە لە سەرجەمی ولآتە پێشکەوتووەکانی جیهاندا لە گەشەسەندنی زیاتردایەو رۆژ لە دوای رۆژ پێشتر دەکەوێ‌و هیواداریین بواری باش برەخسێ بۆ ئەوەی منالآنی کورد بتوانن سوودو چێژ لەم جۆرە فلیمانە وەربگرن‌و لە کوردستانیشدا لەباتی جبەخانە ئستۆدیۆی بەرهەمهێنانی فلیمی کارتۆن‌و بووکە شووشە بۆ منالآن بێتە کایە.

..................................

* لە نووسینی ئەم وتارەدا سوودی زۆر لە کتێبی:
(أفلام الرسوم المتحركة والدمى) لە نووسینی رضا الطيار. وەرگیراوە.

## منداڵ لە هەندێ چیرۆك و رۆماندا
## بە گشتی‌و
## لە چیرۆکەکانی یەشار کەمال دا
## بە تایبەتی..

لە زۆر بەرهەمی رازەکی‌و نووسراوی جیهانی‌و خۆماڵیدا منداڵ دەوری گرنگ دەبینێ هەر بۆ نموونە لە چیرۆکی (کالآی باڵآی پاشا)دا کە وابزانم بابەتێکی فۆلکلۆری جیهانییەو هانز ئەندرسن‌و عەلائەدین سەجادی هەریەکەو بە شێوازێکی تایبەتی دایان رشتۆتەوە. منداڵ جەڤەنگی ئازایی‌و بێ باکی‌و راستگۆییەو لە کاتێکدا خەڵکی مەملەکەتێك بە تەواوی لە پادشا دەترسن‌و گەرچی پادشا رووت‌و قووتە کەسیان ناوێرن ئەو نهێنی یە ئاشکرا بکەن.. لەپڕ منداڵێك لەناو عەشاماتەکەدا هاوار دەکات: هەی لەوە خۆ پاشا رووتە.. بەو جۆرە منداڵ دەوری خۆی دەبینێ.

لە چیرۆکی فۆلکلۆری کوردیشدا گەلێ جار کوڕە بچکۆلەی پادشا هەر لە منداڵییەوە خێرخوازەو پشتگیری لێقەوماوان دەکات‌و کلك‌و گوێی دێوو درنج دەبڕێ.

جگە لە بابەتە فۆلکلۆرییە جیهانی‌و خۆماڵییەکان لە گەلێ رۆمان‌و چیرۆکی جیهانی دا منداڵ کراوە بە جەڤەنگ بۆ گەلێ لایەنی تاریك‌و



رووناکی ژیانی مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی گشتی.. هەر بۆ نموونە لە رۆمانی ئۆلیڤەر تویستدا منداڵ هێماو رەمزی چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتییە لە سەردەمی بەرپابوونی شۆڕشی پیشەسازی دا لە بەریتانیا بە تایبەتی‌و لە ئەوروپادا بە گشتی..

لە چیرۆکی (سەگە بازە)ی جەنگیز ئیتماتۆف دا منداڵ سەرمایەی پاشەڕۆژو بەردەوامبوونی ژیان‌و ئومێدو ورە بەرزییەو پەیامبەری سەدەکانە.. لە رۆمانی (ماڵئاوا ئەی چەك)ی هەمەنگوای دا ئەو منداڵەی کە بە مردوێتی لەدایك دەبێ جەڤەنگ‌و هێمایە بۆ رەنجبێوەری شەڕو ئەوە دەگەیەنێ کە هەتا شەڕ هەبێ مرۆڤایەتی سەرفراز نابێ‌و خۆشی‌و شادی مرۆڤ لەبار دەچێ..

هەروەها لە چیرۆکەکانی سەمەدی بەهرەنگی دا منداڵ زۆر جار رەمزی چەوساندنەوەو نائومێدییە بە تایبەتی لە چیرۆکی (بیست‌و چوار سەعات لە خەون‌و بێداری)دا کە منداڵەکە ناتوانێ رەشاشی ئەو دیوی جامخانەکە بکڕێ. لە چیرۆکی (یەك قۆخ‌و هەزار قۆخ)دا دیسانەوە (بەهرەنگ) منداڵ دەکات بە رەمزی بێ هودەیی.. لە چیرۆکەکەدا دوو منداڵ ساحیب عەلی‌و پۆلاد دەور دەبینن‌و دار قۆخێك دەڕوێنن‌و لە ئەنجامدا ساحێب عەلی مار پێوەی دەداو دەمرێ‌و دار قۆخەکەشی باخەوانێکی دەسەڵاتدار بۆ خۆی دەیدزێ‌و لە باخەکەیدا دەینێژێ.. پۆلادیش بە ناچاری بڕیار دەدات کە دێ چۆڵ بکاو بۆ شار بڕوات.. رەنگە ئەم دێ جێهێشتنەی پۆلادیش هێما بێ بۆ دەربازبوونێکی نادیارو بێ هوودە لە دەست دەسەڵاتی

دەرەبەگایەتی. دیسانەوە لە چیرۆکی (گوریژگەیەکی چەوەندەر فرۆش) دا تاوی وەردیو خوشکەکەی جەڤەنگی چەوسانەوەن لە کۆمەلگایەکی دەرەبەگایەتی دا کە هەندێ لە پیشە دەستی یەکانی تیادا باوە.. وەکو پیشەی رستنو چنینو تەونکاری.

منالێ لە سەدان بەرهەمی دی جیهانیو خۆمالّی دا دەوری جۆر بەجۆریان هەیەو کراون بە جەڤەنگو هێما بۆ گەلێ رووی رەشو سپی ژیان.

دەتوانم بلێم یەشار کەمال یەکێکە لەو چیرۆکنووسە هاوچەرخانەی کە لە زۆربەی چیرۆکەکانی دا منداڵێك یا چەند منداڵێك هەن رەمزو هێمان بۆ نوشتسیو سەرکەوتنو هیواو نائومێدیی..

هەر بۆ نموونە لە چیرۆکی (کۆرپەلە)دا کەزالا دەمرێ.. ئیسماعیلی مێردی زالا نازانێ کۆرپەلە بێ دایکەکەی بە چ ژنێ بسپێرێ بۆ ئەوەی بەخێوی بکات.. هیچ دایەنێ ئامادە نییە کۆرپەکەی زالاو ئیسماعیل بەخێو بکات.. لە ئەنجامدا ژنێکی نابینا کۆرپەکەی زالا دەگرێتە خۆیو لەگەلّ کۆرپەکەی خۆیدا شیری دەداتێ.. بەلاّم پاش ماوەیەك ژنە نابیناکە دەمرێو ئیسماعیل کۆرپەکەی دەدا بە کۆلّی داو نازانێ بۆ کوێ ی بەرێ.

دەبێ ئەم منداڵە رەمزی چی بێ؟ من وای بۆ دەچم ئەم منداڵە هێمایە بۆ تورکیای نوێ ی دوای دەولّەتی عوسمانی.. زالا کە دەمرێ رەمزی مردنی دەولّەتی عوسمانی یەو کۆرپەلەکەشی لەدایکبوونی تورکیای نوێ دەگەیەنێ.. دایەنە کوێرەکەش هێمای کۆمەلّگەی کۆنە.. یەشار



کەمال لەم چیرۆکەدا ئەوە روون دەکاتەوە (ژنە کوێرەکە کە منداڵەکەی زالای لەلایە) هێمایە بۆ بەردەوامی دابو نەریتو بەندو باوی کۆن لە تورکیای نوێ دا.. یەشار کەمال لەم چیرۆکەدا دەیەوێ بلّێ گۆڕانکاری یەکانی تورکیاو گواستنەوەی هەندێ روالّەتی ئەوروپا بۆ ناو تورکیای نوێ نەیتوانیوە تورکیا بکات بە دەولّەتێکی شارستانیو پێشکەوتوو.. بەلّکو هەر لاوازەو منداڵێکی شیرەخۆرەیەو وابەکۆلّی باوکییەوەو نازانێ بۆ کوێ ی بەرێ.

لە چیرۆکی (قرچەی گەرما)دا عوسمان ئەگەرچی منداڵە بە دایکی دەلّێ: دایە سبەینێ زوو هەلّمستێنە دەچم بۆ ئیش.. لە چیرۆکەکەدا عوسمان منداڵێکی لاوازەو بە ناچاری لە بارودۆخێکی زۆر سەختو ناهەمواردا ئیش دەکاتو عوسمان لەم چیرۆکەدا رەمزە بۆ کرێکاری تورکیا کە هێشتا بێ دەسەلاّتەو لە منداڵێکی لاواز دەچێو ناچارە بۆ ئەوەی لە برسا نەمرێ بارودۆخی چەوساندنەوە قبوولّ بکات.

لە چیرۆکی (شەروالّ سپی)دا مستەفا منداڵێکە لە کوورەکەی (حەسەن)دا لەگەلّ چۆمالی دا ئیش دەکاتو مستەفا خەو بەوەوە دەبینێ شەڕوالێکی وەکو شەڕوالّەکەی سامی لەبەر بکات.. سامی دەولّەمەندێکی ناسراوەو هایلاڤانە دەژی. مستەفا سێ رۆژ ئیشدەکات بەلاّم لە ئەنجامدا کرێی رۆژێکی دەدەنێ چونکە هەمیشە بەسەر ئیشەکەوە خەو دەبیاتەوە.. مستەفا لەم چیرۆکەدا جارێکی دی رەمزە بۆ منداڵێتی چینی کرێکاری تورکیاو چەوساندنەوەی لەلایەن سەرمایەدارانەوە.. یەشار کەمال بەشێوەیەکی هێماکاری ئەمە روون

دەکاتەوە.. ئەوەتا لە کۆتایی چیرۆکەکەدا دەڵێ: لەو سەردەمەدا پارەی تورکی (پێنج لیرەیی) وێنەی گورگێکی تیژڕەوو زماندرێژی پێوەبوو.. کە دەتگوت دەفڕێ.. بێ گومان ئەم گورگە هێمایە بۆ سەرمایەداریو سەرمایەداران کە دەیانەوێ بە خێرایی پەلاماری نێچیرەکانیان بدەن.. نێچیرەکانیشیان چینی کرێکارانە.

لە چیرۆکی (نوێن)دا دوورمووش عەلیو هاوڕێکەی دوو قوتابی هەرزەکارنو پێکەوە لە گوندەوە روودەکەنە شارو لە هەرزانترین ئوتێلدا نیشتەجێ دەبنو بە کولەمەرگی دەژین.. ژنە کارەکەری ئوتێلەکە سەرنجیان رادەکێشێ.. بەڵام خۆیان نادەنە دەستی لافاوی جوانی لەشیەوە.. بەڵکو رقیان لێیەتیو تەنانەت کە شقارتەیان لێ وەردەگرێ بۆ داگیرساندنی جگەرەو دەیەوێ ئەوانیش سەرو جگەرە بکێشن، کەسیان جگەرەی لێ وەرناگرن.. ژنە کارەکەری ئوتێلەکە هێماو جەڤەنگە بۆ قاوغی بۆشی شارستانیەت لە تورکیا.. شقارتەکە رەمزە بۆ ئەوەی کە ئەو شارستانیەتە پووچو بودەڵەیە وزەو توانای مرۆڤ بۆ خۆی دەدزێو بەڵام هیچی پێ نابەخشێ لە دووکەڵ بەولاوە.. جگەرەکە رەمزی دووکەڵەکەیە کە دوورمووش عەلیو هاوڕێکەی پێ ی قایل نابن.. بەڵام لە ئەنجامیشدا دەستەوەستان دەوەستنو بە ناچاری ئوتێلەکە جێدێڵنو بە ئاوارەییو سەرگەردانی دەژین..

یەشار لەم چیرۆکەدا پێمان دەڵێ شارستانیەتی تورکیای نوێ تەنها رووکەشو بریقو باقو رواڵەتەو هیچ خزمەتێکی بە هاووڵاتی خۆی



نەبەخشیوەو لە بارودۆخی شارستانیەتی وابوەدەڵەدا مرۆڤ بەردەوام نائومێدو سەرگەردانو سەراسێ دەبێ.

لە ڕۆمانی (حەمە لەڕ) ئینجەمەمەد — دا کە بە ناونیشانی (حەمەدۆك) کراوە بە کوردی ئەگەرچی رۆمانێکی ریالیزمانەیە، بەڵام گەلێ لایەنی ئەفسانەییو جادوویی تیایەو لەدایکبوونی کوڕەکەی ئینجەمەمەد لە ئەشکەوتەکەدا ئەوە دەگەیەنێ تاوەکو زۆردار هەبێ ئینجەمەمەدێکیش هەیە لەڕووی زۆرداردا بوەستێو بەرگری لە مافخوراوان بکات..

لە چیرۆکی (ئەگەر مار بکوژن)دا حەسەن کوڕی ئەسماو خەلیلە — و لە یادێتیو خەڵکی گوندەکەش زیاتر دەیوروژێننو سەردەخەنە سەری کە بە پیلانی دایکی لە سۆنگەی کەینو بەینێکی خێڵەکی دا باوکی کوژراوە.. حەسەن لە تۆڵەی باوکیدا بە گوللە دایکی خۆی دەکوژێ.. دایکی حەسەن لە چیرۆکەکەدا رەمزی قوربانی یەکی کۆمەڵگایەکی دەرەبەگایەتییەو (حەسەن) کە منداڵێکی توولەکە نموونەی بەردەوامبوونی رژێمی دەرەبەگایەتیو کۆمەڵگای کشتوکاڵیو خێڵایەتییە.. بۆ سەلماندنی ئەم راستییەش یەشار کەمال لە کۆتایی چیرۆکەکەدا ئەوە دەردەخات کە حەسەن ئێستا سێ تراکتۆری هەیەو لە ناوەندی بێستانەکەیدا کۆشکێکی گەورەی بەرز کردۆتەوەو ژنی هێناوەو سێ کوڕو سێ کچی هەیە.. هەموو شتەکان لە کۆتایی چیرۆکەکەدا ئاماژە بۆ بەردەوامبوونی رژێمی کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی دەرەبەگایەتی دەکەن لە تورکیای دوای دەوڵەتی

عوسمانیدا. تراکتۆرو کۆشکی ناوەندیی بێستانێکی پرتەقاڵ هێمان بۆ ئەو لایەنەی کە باسم کرد.

سێ کوڕو سێ کچەکەش هەر ڕەمزن بۆ بەردەوامبوونی ئەو بارودۆخە.. سێ کچەکە هێمایە بۆ بەردەوامبوونی ڕژێمی پێشوو سێ کوڕەکەش هێمایە بۆ سەرهەڵدانی ڕژێمی سەرمایەداری.. یەشار کەمال لەم چیرۆکەدا پێمان دەڵێ: تورکیا ئەگەرچی شارستانیەتێکی ڕووکەشی هەیە.. بەڵام هیچ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی تیا ڕوو نەداوەو دیاردە کۆنەکانی ڕژێمی جاران واتا ڕژێمی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی تاکو ئێستاش شان بەشانو ئەوەندەی دیاردە تازەکانی تورکیای نوێ بەردەوامەو تەنگی پێ هەڵچنیوە.

لە ڕۆمانی (باڵندەکانیش کۆچیان کرد)دا مردنی (تۆغرۆل) بەو شێوە نالەبارە لەناو سەدان یان هەزاران سەرە باڵندەی قرتاودا هێمایەکی ئاشکراو قووڵە بۆ مردنی دڵسافیو خۆشەویستیو هەستو سۆزو بەزەیی لە شارێکی جەنجاڵی وەکو شاری ئەستەمبوڵ دا کە بە پڕوپووشو توێکڵو قاوغی شارستانیەتێکی لە ڕۆژئاواوە خوازراو داپۆشراوەو ڕازێنراوەتەوە.

ئیتر با ئەمە بەشی یەکەم بێو ئەگەر خوا بوار بڕەخسێنێ ئەم بابەتە دەیانو سەدان بەشی تریش هەڵدەگرێ.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

***بۆ ئەم وتارە سوود لە هەموو ئەو ڕۆمانو چیرۆکانە بینراوە کە لە وتارەکەدا ناویان هاتووە.***



## منداڵ و فیلمی سینەمایی

سینەما هونەرێکە هیچ کەلێنێکی ژیانی لە تیشکی خۆی بێ بەش نەکردووە. بێگومان منداڵانیش بەشی تایبەتی خۆیان لە سینەمادا هەیە.

سینەمای تایبەت بە منداڵیش وەکو بەشەکانی دی سینەما لایەنی ڕەشو سپی خۆی هەیەو بەڵام بە گشتی جیهانێکی فراوانەو دەوری باڵا لە ژیانی منداڵان دا دەبینێ.

شایانی باسە سینەمای بێدەنگ لە کۆتایی ساڵی ١٨٩٥دا هاتۆتە کایەوەو سینەمای دەنگدار لە ساڵی ١٩٢٧داو هەر لەو ساڵەش بەدواوە ناو بەناو منداڵ لە تەمەنی هەمەجۆردا لەم فیلمو لەو فیلمدا بەشداری کردووە. بەڵام دەوری منداڵ لەو ماوەیەدا دەورێکی لاوەکی بووەو هەر بۆ سەرنج ڕاکێشانی بینەران بووە (ئەگینا هیچ بایەخێکی هونەری ئەوتۆی نەبووە کە شایانی باسکردن بێ) جگە لەوەش لە ساڵانی بیستی ئەم سەدەیەدا گەلێ فیلمی ئاراستەکراوی منداڵان هاتە کایەوە، بەڵام نەتوانرا فیلمێکی سەرکەوتوو لەو بوارەدا بهێنرێتە بەرهەم.. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین فیلمی (منداڵ) کە لە ساڵی ١٩٢١دا هونەرمەندی ناسراو (شارلی شاپلن) دەریهێناوەو هەشتا خولەکی خایاندووە. درێژترینو باشترین فیلمی ئەو سەردەمەیە لەم

فیلمەدا پیاوێکی جامچی منداڵێکی هەژار دەدۆزێتەوەو دەوری منداڵەکە لە فیلمەکەدا ئەوەیە جامی پەنجەرەی ماڵان دەشکێنێو بەردەوام ئیشی چاککردنەوەی پەنجەرەی ماڵان بۆ کابراکە دەرەخسێنێ.

شارلی شاپلن لە گەلێ فیلمی تردا منداڵی بەشدار کردووە لەوانە فیلمی (شایەك لە نیویۆرك) کە فیلمێکی دەنگدارەو لە ساڵی ١٩٥٧دا هێناویەتیە بەرهەم.

لەم فیلمەدا (میشیل)ی کوڕی شارلی شاپل دەورین باڵا دەبینێو پەردە لەسەر کارەساتەکانی سەردەمی رژێمی مارکسی لە بلۆکی رۆژهەلاتدا هەڵدەماڵێ.

بەبێ دوو دڵی دەڵێین بایەخدانی تەواو بە فیلمی منداڵ لە چلەکانو پەنجاکانی ئەم سەدەیەدا پەرەی سەندو هەڵپەی بۆ کرا.

منالێ لە گەلێ فیلمدا دەست لە ژیانی کەسانی گەورە وەر دەدات هەر بۆ نموونە لە فیلمی (هایدی)دا کچۆڵەیەك بە ناوی هایدی باپیرە گۆشەگیرەکەی خۆی قایل دەکات بازنەی دوورە پەرێزی بشکێنێو سەر لەنوێ لەناو کۆمەڵدا جێگای خۆی بدۆزێتەوە.

هەروەها لە فیلمی (پاڵەوان)دا کە هونەرمەندی ئیتاڵی فرانکۆ زیفریللی لە ساڵی ١٩٧٩دا دەریهێناوە.. منداڵێك کار لە باوکی خۆی دەکات کە پاڵەوانێکی مشتەکۆڵەیەو نوشستی هێناوە.. وای لێ دەکات ئومێد بە سەرکەوتن پەیدا بکاتو بگەڕێتەوە بۆ مەیدانو سەکۆکانی مشتبازی.

لە فیلمی (لۆرد فۆنتلبۆی بچکۆڵە)دا کە ساڵی ١٩٨٠ هاتۆتە



بەرهەم.. منداڵێك دەورێکی زۆر باڵا دەبینێو لافو گەزافی ئۆرۆستۆکرایەت لە مێشکی باپیرەی دەردەکات..

لە هەندێ فیلمدا منداڵ دەورێکی وادەبینێ کە مایەی ئەوەبێ خەڵك بەزەیی پیادابێتەوە وەك فیلمی (هەڵهاتنێك لە یابان)و فیلمی (کوڕەکەم)و فیلمی (تۆفان) کە لە منداڵێك دەدوێ لە سەربانی ماڵێکی گوندێکداو لە نزیك خەتێکی کارەباوە لافاو گەمارۆی داوەو خەریکە رایماڵێتە ناو دارو پەردووی گوندە وێرانەکەوە کە لافاو سەرەو ژێری کردووە.

هەندێ فیلمیش هەن لەبارەی کەسایەتی منداڵەوە لە ماوەیەك لە ماوەکانی ژیانی دەدوێن وەك فیلمی (چین ئایەر) ١٩٧٠و فیلمی (دوو بەش لە ژیان) کە لە سەرەتای حەفتاکاندا (سامی بافل) نووسیویەتیو دەرهێناوە.

لە هەندێ فیلمی تردا منداڵ دەوری سەیرو سەمەرە دەبینێ لەوانە (منداڵێك لەبری دوو پارچە نەستەلە) ئەم فیلمە لە ساڵی ١٩٥٥دا هونەرمەندی بەریتانی (کارۆل رید) دەریهێناوەو باسی منداڵێکی لاسار دەکات کە هەمیشە دەیەوێ دایکی جێبێڵێ لەم فیلمەدا هونەرمەندی منداڵ (جۆناسان ئەشموور) دەور دەبینێ.

هەروەها فیلمی (چاوپێکەوتنێك لە ناپۆلی)دا ئەم فیلمە لە ساڵی ١٩٥٩دا هونەرمەندی ئەمەریکایی ماڤیل شافلسۆن دەریهێناوەو فیلمی بووکە شووشە کە لە ناوەندی حەفتاکاندا هونەرمەند فرنسیس فییەر نووسیویەتیو دەریهێناوە.

جگە لەوانەی باسکران لە گەڵ فیلمی دیدا منداڵ دەوری پاڵەوانی فیلم دەبینێ لەوانە فیلمی (مرواری رەش) ئەم فیلمە باسی ئەمەریکای لاتینی دەکاتو لەم فیلمەدا منداڵێکی هەژار بیر لەوە دەکاتەوە مرواری رەش بدۆزێتەوە.

ئەم مرواریی لە ئەفسانەکانی ئەو ناوچەیەدا باسکراوەو دڕندەی دەریا پاسەوانی دەکەنو بە ئاسانی دەسناکەوێ. لە فیلمەکەدا منداڵی هونەرمەند ماریۆ کۆستۆدیۆ دەوری پاڵەوانی فیلم دەبینێ.

جگە لەوەش لە فیلمی (میری بچکۆلە)دا کە ساڵی ١٩٧٥ هاتۆتە بەرهەم باسی میرێکی بچکۆڵە دەخرێتە بەرچاوی بینەر کە لە ئەستێرەیەکی بچکۆڵەوە هاتووە سەر زەوی.. لەم فیلمەدا منالێك بە ناوی (ستیڤزن وارسەر) دەوری میری بچکۆڵە دەبینێ.

لە فیلمی (ئای تی)دا کە لە ساڵی ١٩٨٢ هونەرمەندی ئەمەریکایی (ستیڤن سبیلبرغ) دەریهێناوە.. سێ منداڵ دەور لە فیلمەکەدا دەبینن‌و یارمەتی ئەو گیاندارە لاوازە نامۆیە دەدەن کە لە شوێنێکی ترەوە هاتووە بۆ سەر زەوی.

لە فیلمێکی تری هەمان دەرهێنەردا بە ناوی (چاوپێکەوتنێکی نزیك لە جۆری سێیەم) کە لە ساڵی ١٩٧٧ دا دەریهێناوە دیسانەوە منداڵان دەوری سەرەکی دەبینن.. ئەم فیلمە فیلمێکی زانستییەو باسی کەسانێك دەکات لە ئەستێرەیەکەوە هاتوون‌و تەنیا منداڵان دەیان بینن.



جێی خۆیەتی کە بڵێین سینەمای یەکێتی سۆڤیەتی جاران بایەخی زۆری بە فیلمی منداڵ دەدا.. لەوانە فیلمی (رێگای ژن) کە لە ساڵی ١٩٣٣دا نیقۆلائیك دەریهێناوەو فیلمی (بێ باوکەکان) کە نیقۆلا غۆینکۆ هێناویەتییە بەرهەم‌و فیلمێکی دی (دیتس) کە لە ساڵی ١٩٨٣دا شاعیری سۆڤیەتی یەفتۆشینکۆ دەریهێناوەو باسی ژیانی ئەو منداڵانە دەکات کە لە شەڕی جیهانی دووەمدا رەوانەی سێبریا دەکران.

لە فیلمە ترسناکەکانیشدا منداڵان دەوری خۆیان بینیوە.. هەر بۆ نموونە لە فیلمی (گیان راونەکەرەکان)دا کە ساڵی ١٩٢٧ هونەرمەند (ولیەم فرێدیکن) لە سیناریۆیەکی (ولیەم بنتەر بلانی)یەوە هێناویەتییە بەرهەم.. رۆحی نەگریسی شەیتان دەچێتە لەشی کچۆڵەیەکی ساویلکەوە بە ناوی (رێجین)و کچە هونەرمەندی بچکۆڵە (لیندا بلیر) دەور دەبینێ‌و دەبێتە کچێکی کینە لە دڵ‌و رقاوی‌و شەڕخواز. هەروەها لە فیلمی (چاوەزار)دا کە ساڵی ١٩٧٦ هونەرمەند ریشاردۆنەر) لە چیرۆکێکی (دیڤید سلتزەور)ەوە ئامادەی کردووە منداڵێکی پێنج شەش ساڵان بە ناوی (هارڤ سیفنز) دەوری کوڕی شەیتان دەبینێ.

دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە بەناوبانگترین منداڵی جیهانی سینەما منداڵێك بوو بە ناوی (جاکی کۆجان) ئەم منداڵە لە ساڵی ١٩٢١دا لە فیلمی (منداڵ)دا کە شارلی شاپلن دەریهێناوە سەرنجی سەرجەم بینەرانی جیهانی راکێشاو لەو فیلمەدا (جاکی کۆجان) لە

تەمەنی شەش ساڵاندابوو.. ئەم منداڵە بۆ یەکەمجار هونەرمەندی ناسراو شارلی شاپلن لە تەمەنی یەك ساڵو نیویدا ئاشنای دنیای سینەمای کرد..

جگە لەوەش لە فیلمی (ئۆلیڤەر تویست)و (دادی)و (رۆبسۆن کرۆز)ی بچووکدا کە یەکەمیان ساڵی ۱۹۲۲و دووەمیان ساڵی ۱۹۲۳و سێیەمیان ساڵی ۱۹۲٤ هاتۆتە بەرهەمو هونەرمەندی بچکۆلە جاکی کۆجان بە سەرکەوتوویی دەوری تیا بینیوە.

گەلێ هونەرمەندی منداڵی دیش بە لێهاتوویی‌و سەرکەوتووانە دەوری خۆیان لە فیلمی سینەمادا بینیوە لەوانە (شیرلی تمبل) ئەم هونەرمەندە کچۆڵەیەکی بچکۆڵە بووەو لە کۆمەڵێ فیلمی دامو دەزگاکانی هۆلیۆددا دەوری بینیوەو سەرنجی بینەرانی سینەمای راکێشاوە.. ئەم کچۆلە هونەرمەندە لە ساڵی ۱۹۲۸دا لە ئەمەریکا لەدایك بووە. بێگومان ئێستا ئەگەر مابێ پیر بووە.

هەروەها (هایلی میلز)یش کە کچێکی بەریتانیەو لە ساڵی ۱۹٤٦دا لە لەندەن لەدایك بووە لە تەمەنی منداڵی دا یەکێك بووە لە ئەستێرە گەشەکانی ئاسۆی جیهانی سینەمای منداڵانو گەلێ منداڵی نێرو مێ ی دی هەن لە بواری سینەمای منداڵدا ناوبانگیان دەرکردوەو لەلای بینەرانی سینەما ناسراون وەکو (کمارك لیستەر)و (جۆدی فۆستەر) یەکەمیان بەریتانی یەو لە تەمەنی ۱۰ ساڵی داو لە ساڵی ۱۹٦۸دا لە فیلمی ئۆلیڤەردا بەشداری کردو ناوبانگی دەرکرد.



دووەمیشیان لە تەمەنی ۳ ساڵییەوە ئاشنای جیهانی سینەما بووەو لە گەلێ فیلمدا بەشداری کردووە لەوانە (پیشاندانی مۆمێك) لە ساڵی ۱۹۷۷داو دەنگو باسی هاوین دیسانەوە لە ساڵی ۱۹۷۷دا.. ئەم کچە هونەرمەندە لە ساڵی ۱۹٦۲ لەدایك بووە.

یەکێکی دی لە منداڵە بەناوبانگەکانی جیهانی سینەمای منداڵ کچە هونەرمەند (دراو باریمۆری) ناوەو لە ساڵی ۱۹۸۲دا بەشداری لە فیلمی بەناوبانگی (ئای.. تی) دا کردو لە ساڵی ۱۹۸٥یشدا دەورێکی باڵای لە فیلمی (چاوەکانی پشیلە)دا بینی.

گەلێ لە فیلمەکانی سینەمای منداڵان لە چیرۆکەکانی (هانز ئەندرسن)و داستانو ئەفسانەی میللی‌و چیرۆکی گوێی ئاگردانەوە ئامادە کراونو هەندێ لەو فیلمانەش بابەتی گەورەنو کراون بەهی منداڵ وەکو فیلمی (رۆبسۆن کرۆزۆ) کە نووسەری بەریتانی (دانیل ریفو) نووسیویەتی.. دەبێ ئەوەش بزانین گەلێ لە نووسەرانی ناوداری جیهان لە بواری سینەمای منداڵدا بەشداری گرنگیان کردووە لەوانە (مارك توین)ی ئەمەریکایی. منداڵ لە گەلێ چیرۆکی بەناوبانگدا کە کراون بە فیلم دەور دەبینێ وەکو چیرۆکی (سەندرێللا) کە کراوە بە فیلم لە جیهاندا ناوبانگی دەرکردووە.

سینەمای منداڵ لە جیهاندا بایەخی زۆری پێدراوەو لە گەلێ وڵاتانی جیهاندا دامو دەزگای تایبەتی بۆ تەرخان کراوە.،. وەکو ئیستیۆدیۆی گۆرکی لە یەکێتی سۆڤیەتی جارانو کۆمپانیای فیلمی رانك لە بەریتانیاو چەندین کۆمپانیاو دامو دەزگای دی لە پۆلۆنیاو

یابـانو ئـەڵمانیاو هیندسـتانو هـەنگاریاو گـەلێ لـە وڵاتـانی تـر. لـە ئەمەریکاش دەزگای (واڵت دیزنی) بایەخی تەواوی بە سینەمای منداڵ داوەو بودجەیەکی زۆری بۆ ئەو بابەتە گرنگە تـەرخان کـردووەو ئـەم دەزگایە بـە یـەکێك لـە دەزگـای گرنگـەکانی فیلمـی منـداڵ لـە قەڵـەم دەدرێ.

بـێ گومـان بابەتـەکانی ئـەم دەزگایـە لەسەداسـەد خزمـەتی منـداڵ ناکات.. چونکە ئەم دەزگایە سـەر بـە وڵاتێکـی زلهێـزەو دەیـەوێ لـە هەموو ڕێگایەکەوە تەنانـەت لـە ڕێگـای فیلمـی منداڵیـشەوە ڕێگـا بـۆ گەشەسـەندنی مەبەسـتە تایبەتییـەکانی خـۆی خۆشـکاتو نابـێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کـە گـەلێ فیـستیڤاڵی جیهـانی هەیـە بـۆ فیلمـی منـداڵان وەك فێـستیڤاڵی شـاری خیخووتـەی ئەسـپانیاو سـالێرنوی ئیتاڵیاو فیستیڤاڵی سـاڵانەی بـەلگرادو فیـستیڤاڵی تـامیرای فنلەنـداو فیستیڤاڵی مۆسکۆو.. تاد.

لەم جۆرە فیستیڤالانەدا گەلێ خەڵاتی گـەورە تـەرخانکراوە بـۆ فیلمـە سەرکەوتووەکانی سینەمای منداڵو ئەو منداڵانەی کـە دەوری بـاڵا لـە فیلمەکاندا بەرجەستە دەکەن.

شـایانی باسـە سـینەمای منـداڵیش وەکـو سـینەمای گـەورە لایـەنی سـوودبەخشو زیـان بەخـشی هەیـەو دەبـێ منـداڵان لـەو دوو لایەنـە ئاگادار بکەینـەوە، چـونکە سـینەما کاریگـەرێتی تـەواوی لەسـەر ئـەو منداڵانە هەیە کە بۆیان دەلوێ سەیری بکەن.



لە کۆتاییـدا هیـوادارین لـە کوردسـتانی خۆشمانـدا بـارودۆخی لـەباری وەها بڕەخسێ منداڵانیش ماوەی ئەوەیان هەبێ لە فیلمـی کـوردی دا دەور ببیـنن‌و خۆیـان بـە جیهـانی سـینەما بناسـێنن.. ئـەم هیوایـە خەونێکە خەریکە بەرجەستە دەبێ بـە تایبـەتی لـە فلیمـی کاتێـك بـۆ مەسـتیی ئەسـپەکانی بەهمـەنی قوبـادیو هەنـدێ هونەرمەنـدی دی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

.........................................................

**بۆ ئەم نووسینە سوود لە کتێبی (افلام الرسوم المتحرکة والدمی)و کتـێبی — في عالم السینما — ی رضا طیارو د. علی شلشو هەندێ سەرچاوەی دی وەرگیراوە.**

## خەیاڵی زانستی لە ئەدەبی میللی دا

لە ئەدەبی میللی دا خەیاڵی زانستی زۆر بەرچاو دەکەوێ‌و لە گەلێ چیرۆك‌و داستان‌و ئەفسانەی میللی دا خەیاڵی زانستی زۆر بە وردی‌و زیرەکانەو شارەزایانە بەکارهاتووەو چیرۆك‌و رۆمانی نوێش زۆر کەڵکیان لە خەیاڵی زانستی زادەی وێژەی میللی وەرگرتووە.
ئاشکرایە مرۆڤ بەردەوام لە کۆششدایەو لە کۆششدا بووە بۆ ئەوەی زیاتر زانین وەدەس بێنێ، لەو بوارەشدا گوێ ی نەداوەتە کۆسپ‌و تەگەرەو لە تەقەلاو هەوڵدان لەو بوارەدا نووچی نەداوەو نائومێد نەبووەو ئەگەر ماندوو ببوایەو لە هەوڵدان بکەوتایە مرۆڤایەتی نەدەگەیشتە ئەم ئاستی زانستی یەی کە ئەمڕۆ پێ ی گەیشتووە..
لێرەشدا جێ ی خۆیەتی بڵێین ئەو ئەدەبەی کە ئێستا بڵاوەو پێ ی دەڵێن وێژەی خەیاڵی زانستی لە بنەڕەتدا زۆر قەرزاری خەیاڵی زانستی وێژەو کەلەپووری میللیی یە. هەر بۆ نموونە ئەڵقە لە گوێ کردنی دێوو درنج‌و جنۆکە لە لایەن مرۆڤەوە. هەروەها کڵاوی حەزرەتی سلێمان‌و دارەکەی حەزرەتی موسا کە لە قورئانی پیرۆزیشدا باسکراوەو قالیچەی جنۆکە کە لە سەری دانیشی دەفڕێ‌و لە دەستی دوژمنان رزگارت دەکات‌و قسەکردن لەگەڵ ئاژەڵ‌و باڵندەو دارو بەردو ئاوو گەلێ شتی دیش دا کە لە ئەدەب‌و کەلەپووری میللی دا بەرچاو دەکەون لەلایەن چیرۆکنووسی نوێوە زۆر سوودی لێ



وەرگیراوە.. دەتوانم بڵێم کاری گەرێتی ئەو بابەتانە لە بەرهەمی گەلێ شاعیری نوێشدا بەرچاو دەکەوێ.. لە ئەدەبی میللی دا هەندێ جار هێزی ئەفسوونی بۆ کرداری چاکەو هەندێ جاریش بۆ کاری ناڕەوا دەخرێتە کار.. بۆ نموونە لە چیرۆکی دەنکە هەنارەدا پیرەژنی ئەفسوون باز لە پاداشتی چاکەی کچە هەژارەکەدا پرچێکی زێڕینی دەداتێ‌و هەرچەند دای دێنێ تۆپەڵێ زێڕی لێ دەبارێ..
هەر هەمان پیرەژنی ئەفسوون باز لە پاداشتی قسەی سووك‌و تەوەزلی کچە پاشادا پارچە گۆشتێکی زیادە لە ناوچەوانی دەروێنێ‌و نابووتی دەکات.. ئێستاش لە هەندێ رۆمان‌و شیعرو چیرۆکدا هێزی ئەتۆم هەندێ جار بۆ کرداری سوودبەخش دەخرێتە کارو هەندێ جاریش بۆ کرداری زیان بەخش.
هەروەها فرۆکەو دینامیت‌و هەموو کەرەسەیەکی کوشندەو وێرانکەر لە وێژەی نوێ دا بۆ کاروباری سوودبەخش‌و زیان بەخش بەکاردەهێنرێ.. هەروەها کارەباو هێزی ئەلکترۆنیش لایەنی دروست‌و لایەنی نادروستیان هەیە.
لەم بارەیەوە نموونەی تریش هەن وەکو بەکارهێنانی سیمرخ‌و چەرخ‌و فەلەك‌و قسەکردنی ماسی‌و نەهەنگ.. هتد. لە ئەدەبی میللی دا شان بەشانی هێزی نابووت کردن‌و گۆڕینی مرۆڤ لە مرۆڤەوە بۆ پەیکەری بەردین‌و ئاژەڵ‌و سەگ‌و سەگسارو هەندێ جۆری باڵندەی دی کە رۆحی مرۆڤەکە بە دەستی ئەو جادووەوە کە لێی کراوە ئازار دەچێژێ‌و دەناڵێنێ ئەم بابەتانە کەم یا زۆر نووسەری چیرۆکی نوێ

یا چیرۆکنووسانی خەیاڵی زانستی نوێ سوودیان لێ وەرگرتووەو تانو پۆی چیرۆکو ڕۆمانی خۆیان پێ چەسپ کردووە.

لە ئەدەبی میللی دا هەندێ جار ماین بە سێ لنگ دەڕواو دەفڕێو قسە دەکات.. هەروەها ئەنگوستیلەش گەلێ کارو فەرمان ئەنجام دەدات.. زۆربەی ئەم نموونانەی باسمان کردن لە چیرۆکەکانی هەزارو یەك شەوەو چیرۆکی مەمو زینی ئەحمەدی خانیو چیرۆکی میللی گەلێ لە نەتەوەکانی جیهانو ئەفسانەکانی سۆمەرو بابلو گریکو میسری کۆندا هەیەو دەتوانی کاریگەریێتیان بەسەر ئەدەبی خەیاڵی زانستی نوێوە بە ئاسانی دەستنیشان بکەی.

شایانی باسە لە ئەدەبی میللی دا بایەخ بە بوونەوەری ژێر زەویو دانیشتوانی ژێر زەوی دراوە.. بۆ نموونە لە چیرۆکێکی خۆماڵی دا مەلیك ئەحمەد دوای کوشتنی ئەو دێوەی کە سێوی بەختی شاری دەخوارد لەلایەن براکانیەوە فێڵی لێ دەکرێو دەکەوێتە ژێر حەوت تەبەقەی زەمینەوەو لەوێ لە ماڵی پیرەژنێکدا لەباتی ئاو میزی دەرخوارد دەدەنو بۆی دەردەکەوێ سەرچاوەی ئاوی شار ئەژدیهایەك گرتوویەتیو تاکو هەموو ڕۆژێ کچێکی جوانی دەرخوارد نەدەن ئاویان ناداتێ.. ئەم جۆرە باسەی خەڵکی بن زەوی ئەوە دەگەیەنێ کە ئەدەبو کەلەپووری میللی بیریان لەبن زەوی کردۆتەوەو باوەڕیان وابووە چۆن سەر زەوی خەڵکی تیادەژی بن زەویش ئاوا خەڵکی تیادەژی.. بەرامبەر بەم خەیاڵە میللی یە چیرۆکی زانستی نوێ بایەخ بە بوونەوەری ناو دەریاو گەنجینەو دارو



درەختو بەردی گرانبەهای بن دەریاو ئۆقیانووسەکانو نەوتو کانزاکانی بن زەوی دەداتو لە شوێنو هەتەری بوونەوەرە بوو بە بەردەکان دەکۆڵێتەوەو لەم لایەنەوە شوێن پێ ی خەیاڵی ئەدەبی میللی هەڵگرتووە بەڵام ئەو بە شێوەیەك ئەمیش بە شێوەیەکی دی کە بگونجێ لەگەڵ بیرکردنەوەی سەردەمداو زۆرترینی ئەم خەیاڵە زانستییانەش لە ئەفسانەو چیرۆکی گوێئاگردانی کوردەواری دا بەرجەستە کراوە کە هەموو منالێك تاسەی گوێ لێ گرتنیان دەکەن... و مایەی خۆشحاڵی یە کە کلتووری کوردی لەم بارەیەوە زۆر زۆر دەوڵەمەندەو هونەرمەندانی لێهاتووی بواری سینەمای کوردی دەتوانن سوودی لێ ببینن بۆ بابەتی منداڵ.

## ئەدەبی منداڵ و چەند قسەیەك

لەو بەرهەمانەدا کە بۆ منداڵی دەنووسین گەلێ لایەن هەن کە دەبێ رەچاو بکرێن‌و پشت گوێ نەخرێن وەکو لایەنی پەروەردەو رەوشت بەرزی‌و رۆشنبیری‌و کۆمەڵایەتی‌و خۆشەویستی نیشتمان‌و گەلێ خاڵی تر، چونکە ئێمە کە بۆ منداڵ دەنووسین دەبێ لەو نووسینەدا شتێکیان پێ راگەیەنین کە لە ژیانی رۆژانەدا کەڵکی لێ وەربگرن.. دەبێ ئەوەش بزانین چەسپاندنی خوو رەوشت‌و نەریتی پاك‌و بەرز رۆڵێکی مەزن لە بەرەو پێشچوونی رەورەوەی کۆمەڵایەتی‌و شارستانێتی کۆمەڵەکەماندا دەبینێ.

هەر لەبەر ئەوەیشە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان‌و رێکخراوی یونسکۆش لە دەورەیەکی تایبەتیدا گرنگی یان بە رۆشنبیری منداڵان داوەو رێ‌و شوێن‌و هەل‌و مەرجی تایبەتی یان بۆ ئەدەبی مناڵان داناوەو.. دەبێ هەموومان ئەوە بزانین کە نووسینی دەقێکی ئەدەبی چ شیعر چ چیرۆك چ شانۆیی.. هتد. هێندە کارێکی سادەو ئاسان نیەو وەکو هەندێ لەو برایانە تێگەیشتوون بە ناوی شیعر بۆ منداڵ یا چیرۆك بۆ منداڵ بەرهەمێکی بێ پێزو کرچ‌و کاڵ بڵاودەکەنەوە.. جاری واش هەیە بەوە دڵیان ئاو ناخواتەوە لە سووچێکی رۆژنامەیەکدا بەرهەمەکە بڵاوبکەنەوە بەڵکو کۆمەڵێ دەقی لەڕو لاواز کۆدەکەنەوەو لە دوو توێی کتێبێکدا چاپی دەکەن.



من سەیرە لام گەلێ کەس لە توێی ئەو کتێب‌و نامیلکانەدا کە بە ناوی شیعرو چیرۆکی منداڵەوە لە چاپیان داوە بەرهەمی فۆلکلۆری یان بەرهەمی وەرگێڕدراو دەکەن بە بەرهەمی خۆیان‌و واش دەزانن ئەم خەڵکە خەوتووە یان ئاگاداری هیچ نییە.. کە من دەتوانم ئێستا ناوی چەند بەرهەمێك لەو بەرهەمە وەرگێردراوانە بخەمەڕوو بەڵام حەزناکەم جارێ وا زوو لێیان بێمە دەنگ چونکە بەرهەمەکانیان دوو سێ مانگێکە لە چاپ دراون ئەڵێم بەشکو ئەمە خوایە دڵیان نەرم بێ‌و ئاماژەیەك بۆ ئەوە بکەن‌و داوای لێبوردن لە خوێنەران‌و نووسەران بخوازن‌و بڵێن لە کاتی خۆیا لەبیریان چووە ئەو لایەنە لە پەراوێزدا روون بکەنەوە.. مەسەلەکە وای لێ هاتووە هەندێکیان چیرۆکی ناو کتێبی جارانی قوتابخانەکانیشیان کردووە بە بەرهەمی خۆیان‌و لە کتێبدا بڵاویان کردۆتەوە.. بێ دەنگی لەم جۆرە کارە بوار خۆش کردنە بۆ گێرەشێوێنی‌و زۆربوونی بەرهەمی لاوازو بودەڵەی وا کە هیچ سوودێك بە منداڵی کورد نەگەیەنێ.. لە هەمووشی سەیرتر ئەوەیە کە گەلێ کەس لەو برایانە لەرۆژنامەو بواری دیشدا قسەی زل دەکەن‌و تیۆر بۆ ئەدەبی منداڵ دادەنێن‌و جاری واش هەیە گلەیی دەکەن کە بۆچی کەس بەرهەمەکانیان بۆ زمانی دی وەرناگێرێ.. ئەمە لەلایەك‌و لەلایەکی دیشەوە بۆ ئەوەی منداڵانی کورد کە بەشێکی زۆرن لە کۆمەڵەکەمان زەوق‌و شەوقی خوێندنەوەی ئەو بەرهەمانەیان ببێ کە ئێمە بۆیان دەنووسین داواکارییەکی برایانەم لەرۆژنامەو گۆڤارە

کوردی یەکانمان هەیەو دەبێ ئەوەش بڵێم کە داواکاری یەکەم هی زۆربەی ئەو منداڵانەیە کە بەرهەمی بۆ منداڵ نووسراو دەخوێننەوە.
ئەویش ئەوەیە ئەدەبی منداڵ چ شیعرو چ چیرۆکو چ شانۆیی بەشێوەیەکی جوان بڵاوبکەنەوەو لە جێگایەکی دیاری داو هەوڵی ئەوەش بدرێ هەڵەی چاپی تێنەکەوێو بە هەلیشی دەزانم لێرەدا پێشنیاری ئەوە بکەم کە دەزگا رۆشنبیرییەکان بایەخی زیاتر بە ئەدەبی منداڵ بدەنو چەند کۆڕێك بۆ ئەدەبی منداڵ سازکەنو شیعرو چیرۆکی منداڵانی تیا بخوێننەوەو داوا لە منداڵانی ئامادەبووی کۆڕەکان بکرێ رای خۆیان دەربارەی ئەو بەرهەمانە دەربڕن چونکە ئێمەی گەورە بۆ منداڵ دەنووسین نەك بۆ خۆمانو دەبێ بابەتەکان بە دڵی منداڵان بێ نەك بە دڵی خۆمان.. ئیتر تا وتارێکی تر لەم بارەیەوە بە خواتان دەسپێرم..



## توانای رۆشنبیری ئاراستەی کێ دەکرێت.. منداڵ یاخود کۆمەڵ..؟!

منداڵ بەشێکی بنەڕەتی یە لە کۆمەڵو هیچیان لەوی دییان جیاناکرێنەوەو توانای رۆشنبیری ئاراستەی هەردووکیان دەکرێت، بەڵام هەریەکەو بە جۆرە شێوازی تایبەتی خۆی..
مناڵان پێویستیان زۆرەو هەموو منداڵێك لە خێزانێکی بەختەوەردا ناژیو پێویستی بەوە هەیە کەلێنەکانی ژیانی بە خوێندنەوە پڕ بکاتەوە، نووسەرانی سەرکەوتووی بواری نووسینی بابەتی مناڵ دەتوانن ئەم ئەرکە ئەنجام بدەن.
منداڵان پێویستییان بەوە هەیە نهێنی هاتنە کایەیانو ئەو بازنە سەرەتاییانە بزانن کە بە رابردووی نادیاریان دەبەستێتەوەو حەزدەکەن لە گرێ ی لێکچوونەکانی نێوان گەورەو منداڵو کۆنو نوێو شتە شاراوەکانی پشت ژیان.. بگەن، لەو چیرۆکو بابەتانەدا کە بۆیان دەنووسین دەبێ خەونێکی نوێیان لەلا بخەملێنینو لەوە بگەن کە شتەکان مەرج نیە کە هەر بەم شێوەیە بن کە هەن.

بێگومان منداڵیەتیش چەند قۆناغێکەو هەر قۆناغەو شێوازی نووسینی تایبەتی خۆی هەیەو دەبێ نووسەری منداڵان رەچاوی ئەم خاڵە بکات.

چیرۆکی کورتی پڕ لە ڕووداوی سەیرو سەرنج راکێش رۆڵێکی گەورە لە بواری نووسینی منداڵدا دەبینێو ئەگەر راپرسی بکرێ دەبینین ئەو چیرۆکانەی بۆ منالآنی دەگێڕینەوە یاخود بۆیانی دەخوێنینەوە.. یا لە تەلەفزیۆنی ماڵدا سەیری دەکەن کاریگەرێتی زۆری لەسەر ژیانیان هەیە.. بە تایبەتی چیرۆکی خەیاڵی زانستی یا پڕ لە ڕووداوی نائاساییو ئەفسووناوی کە بە زمانی ئاژەڵو باڵندەوە دەگێڕدرێتەوەو دەبینین زۆربەی نووسەرانی بواری منداڵ لە ولآتانی پێشکەوتودا بایەخی زۆر بەم جۆرە نووسینە دەدەن.

جگە لەمانەش لە زۆر بەرهەمی زارەکیو نووسراوی خۆماڵیو جیهانی دا منداڵان رۆڵی گرنگ دەبینین هەر بۆ نموونە لە چیرۆکی – کالآی بالآی پاشا – دا کە لە بنەڕەتدا هانز ئەندرسن نووسیویەتیو عەلائەدین سەجادی بە کوردی دایڕشتۆتەوە بە تەنها منداڵێك لەناو ئاپۆڕەی خەڵکەکەدا دەوێرێ هاوار بکات: پاشا رووتەو جلو بەرگی لەبەردا نییە.

هەروەها لە رۆمانی – ئۆلیڤەر تویست دا منداڵ جەڤەنگی چەوسانەوەی کۆمەلآیەتییە لە ئەوروپای سەردەمی بەرپابوونی شوڕشی پیشەسازی داو لە رۆمانی ماڵئاوا ئەی جەنگ – ی هەمەنگوای دا منداڵی ژنو پیاوی پاڵەوانی رۆمانەکە بە مردوێتی



لەدایك دەبێ ئەمەش ئاماژەیە بۆ بێ هوودەییو رەنجەڕۆیی جەنگو لە ڕۆمانی سەگە بازەی جەنگیز ئەیتماتۆف دا منداڵ سەرمایەی بەردەوامبوونو ئومێدیو ورە بەرزی یەو پەیامبەری سەدەکانی داهاتووەو مژدەی سەرکەوتنی پێ یەو لە زۆربەی کورتە چیرۆكو رۆمانەکانی یەشار کەمالیشدا منداڵ دەوری گرنگ دەبینین لەوانە چیرۆکی (کۆرپەلەو قرچەی گەرماو شەرواڵی سپیو نوێنو رۆمانی حەمە لەڕو باڵندەکانیش کۆچیان کرد)و.. هتد.

لە چیرۆکی فۆلکلۆری کوردیشدا گەلێ جار کوڕە بچکۆڵەی پاشا هەر لە منداڵییەوە خێرخوازو ئازایەو یارمەتی داماوان دەداتو کلكو گوێی دێوو درنج دەبڕێ.

بیاجییە – دەڵێ منالآن تاوەکو تەمەنی سیازدە چواردە ساڵی وادەزانن کە هەموو شتەکانی دەوروبەرمان گیاندارەو هەتاو خۆشی دەبین بۆیە بەسەرماندا هەڵدێو بەرد رقی لێمانە بۆیە بۆ بەر پێمان دەتلێو هتد.. بەلآم جۆن ئیکن دەڵێ: من لەو باوەڕەدام ئەم جۆرە بیرکردنەوانەی منداڵ زۆر ناخایەنێو ئەمڕۆ منداڵان بەشێوەیەکی زۆر خێرا پێدەگەنو قۆناخی منداڵییان وا زوو تەواو دەبێ ناتوانن بە تەواوەتی تامو چێژی لێ ببیننو خۆشی لێ وەربگرن، تەمەنی منداڵیی گرنگترین قۆناخەکانی تەمەنی مرۆڤەو دۆستۆیفسکی دەڵێ: بەهێزترین یادگارو یادەوەری یەکانی تەمەنی منداڵی یەو تۆڵستۆی دەڵێ لە تەمەنی پێنج ساڵی یەوە تاوەکو تەمەنی پەنجا ساڵی هەنگاوێکە.. بەلآم لە کاتی لەدایکبوونەوە تاکو پێنج ساڵی

رووبەرێکی زۆر بەربڵاوو فراوانە.. جا لەبەر ئەوەی قۆناغی منداڵێتی قۆناغێکی گرنگە پێویستە لەسەرمان لالەو بەهرە ئاوەزی یانەی منداڵان بکەینەوەو پێ بەپێی ئەوە پێویستە بایەخ بە لایەنی بیرو خەیاڵی منداڵان بدەین‌و گەشەی پێ بکەین (روباد کبلنك) دەڵێ جوانترین دیمەن لەژێر ئاسماندا منداڵێکە بە نوکتەیەك پێ دەکەنێ.

کەواتا دەتوانم بڵێم با سەرەتا تواناکانی رۆشنبیریمان بۆ ئەوە تەرخان بکەین منداڵانی ژێر ئاسمان پێبکەنن.. ئەم خاڵە گرنگترین خاڵی ئاراستە کردنە لە ژیانی منداڵدا... بەڵام جێ ی داخە زۆرینەی منداڵی کورد عەلاگەو جگەرەو وردەواڵە دەفرۆشن‌و هەر ئاگایان لە قۆناخی منداڵێتی خۆیان نیەو لە دە دوازە ساڵی یەوە وەکو کەسێکی بە تەمەن بیر دەکەنەوە...



## خەیاڵ لەلای گەورە و منداڵ و نووسین بۆ منداڵ

خەیاڵ لە ژیانی گەورەو منداڵدا هاورێیەکی هەمیشەییەو هەموو شتێك لە پێشدا خەیاڵەو دوایی بەرجەستە دەبێ‌و هەر بۆ نموونە یەکێك خەیاڵ دەکا پاسکیلێك بکڕێ.. لە پێشدا خەیاڵ دەکا چۆن پارەی کڕینی پاسکیلەکە پاشەکەوت کات دوایی کە پاشەکەوتی کرد دەچێ دەیکڕێ... کاتی خۆی کە هێشتا فڕۆکەو مانگی دەستکردو کەشتی ئاسمانی دروست نەکرابوون کوڕو باوکێك بە ناوی (ئیکاروس‌و دیکاروس) وەکو لە ئەفسانەیەکی گریکییەوە هاتووە خەیاڵ دەکەن بفڕن‌و ئەنجا خەیاڵ لەوە دەکەنەوە بەچی دوو باڵی گەورە بۆ خۆیان دروست بکەن‌و پێی بفڕن... وەکو سەرچاوە زانستییەکان ئاماژەی بۆ دەکەن چەند هەزار ساڵێك دوای ئەو باوك‌و کوڕە مرۆڤ خەیاڵی دروستکردنی فڕۆکەی کەوتە سەرو فڕۆکەی دروست کردو شایانی لەبیر نەکردنە کە خەیاڵ‌و بیرۆکەی ئامێرێك کە توانای فڕین‌و هەڵگرتنی مرۆڤی هەبێ لە چیرۆکی گوێ ئاگردانی کوردەواریدا لەدێرزەمانەوە هەیەو لە گەڵ چیرۆکی فۆلکلۆری کوردیدا پیرەژنێکی جادوباز چەرخ‌و فەلەکێك بە دارو پەتك دروست دەکات‌و بە ئاسماندا دەفڕێ‌و دەچێ لە شارێکی دوور کچە پاشایەك فریو دەدات‌و سواری چەرخ‌و فەلەکەکەی دەکات‌و بە ئاسماندا دەفڕێ‌و دەیبات بۆ کوڕە پاشایەك کە لە خەوندا ئەو کچە پاشایەی دیوەو عاشقی بووە..

هەروەها لە چیرۆکی گوێئاگردانی کوردەواریدا خەیاڵی باوباپیرانمان هەر لە دێرزەمانەوە گەلێ ئەفسانەیان بۆ دروست کردووین‌و هەندێکیان هێشتا زارەکین‌و هەندێکیشیان چوونەتە تویێ بڵاوکراوەکانەوەو سەرنجی گەورەو منداڵ بەلای خۆیاندا رادەکێشن: هەر بۆ نموونە لە هەندێ لەو چیرۆکانەدا سەری بڕاوی مرۆڤ قسە دەکات‌و سیمرخ کوڕە پاشایەك لەژێر زەوییەوە لەسەر هەردوو باڵی خۆی هەڵدەگرێ بۆ ماڵی خۆیانی دەباتەوە لەسەر زەوی‌و لە هەندێ چیرۆکی دیدا باڵندە رێنمایی مرۆڤ دەکات‌و دەرمان بۆ نەخۆشی پادشایەکی دادوەر دەدۆزێتەوەو گەلێ جاریش لەو دیرۆك‌و بەسەرهاتە ئەفساناویانەدا کچە پادشا کۆشکێك لەسەری لاوان دروست دەکات یان پیرەژنێکی جادوگەر دانیشتووی شارێك بە جادو دەکات بە دارو بەرد یان باوەژنێك زڕ منداڵەکانی لە ماڵ دەردەکات‌و ئەوانیش ئاوارەی دەشتودەر دەبن‌و لەپڕ بنچکە درەختێك لەبن هەڵدەکێشن بۆ ئەوەی بیخۆن... کاتێك دەزانن لەژێر بنچکەکەوە قاڵدورمەیەك هەیە بەرەو ژێرزەوی‌و ئیتر بە قاڵدورمەکەدا دەچنە خوارەوەو لەوێ ماڵێکی خۆش لە ئامێزیان دەگرێ‌و بۆ خۆیان بە شادی تیادا دەژین. هەروەها لە هەندێ چیرۆکدا خەیاڵی ئەفسانەیی باوباپیرانمان بۆ ئەوە چووە کە لەژێر زەویدا شارو وڵات‌و مرۆڤ هەبن‌و زۆرجار سەرچاوەی ئاوی ژیانی ئەو شارە ئەژدیهایەکی حەوت سەر داگیری دەکات‌و بۆ ئەوەی شار لە تینوێتیدا نەخنکێ... خەڵکی شار هەموو رۆژێ کچێکی جوان دەرخواردی ئەژدیهاکە دەدەن‌و ئەویش نەختێ ئاویان دەداتێ‌و



شار ئەوەندە بێ ئاوە خەڵکەکەی هەندێ جار میزی خۆیان دەخۆنەوەو تا بە ڕێکەوت پاڵەوانێکی سەر زەوی ڕێی دەکەوێتە ئەوێ‌و ئەژدیهاکە دەکوژێ‌و ئەوانیش کچی پادشای خۆیانی لێ مارە دەکەن‌و خزمایەتی لە نێوانی خەڵکی ژێر زەوی‌و سەر زەویدا دروست دەبێ. ئەم جۆرە خەیاڵ‌و بیرانەی کە لە ئەفسانەو چیرۆکەکانی گوێئاگرداندا هەن کەرەسەگەلێکی بنەمایی‌و ژێرخانێکی پێویستن کە نووسەری بابەتی منداڵ لێیان وەربگرێ‌و بە شێوەیەکی نوێ دایان بڕێژێتەوە بۆ ئەوەی منداڵ پەیوەست بن بە رابوردووی شکۆداری باوباپیرانیانەوە... دەبێ ئەوەش بزانین کە ئەو بیرۆکەو خەیاڵانەی لە چیرۆکدا هەن زۆرجار رۆڵی باڵایان بینیوە لە ژیانی زانایانی گەورەدا چونکە زۆر ئامێرو کەرەستەو داهێنراو سەرەتا هەر خەیاڵ بوون‌و دوایی لە لایەن زانایانەوە بوون بە ڕاستی بەڵام دەبێ ئەوەمان لەلا بەرجەستە بێ کە خەیاڵ جۆری زۆرە وەك خەیاڵی ئاسایی رۆژانەو خەیاڵی جادویی‌و خەیاڵی ئەفسانەیی‌و خەیاڵی زانستی بە هەموو جۆرەکانی زانستگەری کیمیاو فیزیاو زیندەوەری‌و فەلەکگەری‌و دەرمانسازی‌و دەریاگەری‌و ئاسمانگەرییەوەو لە گەلێ فیلمی کارتۆن‌و فیلمی زانستیدا کە بۆ منداڵ‌و گەورە هاتوونەتە بەرهەم، ئەم جۆرە خەیاڵ‌و بیرۆکە زانستییانە زۆر بە جوانی بەرجەستە کراون‌و منداڵ‌و گەورەش تام‌و چێژ لە سەیرو بینینیان دەبینن‌و وا هەست دەکەن کە ئەو شتانە بەشێکن لە بارودۆخی ژیانی رۆژانەیان.

بەڵام دەبێ ئەوە بزانین نووسین بۆ منداڵ ئاسان نییەو گوتەزایەك هەیە دەڵێ نووسین بۆ منداڵ ناپاکییە چونکە گەورە نازانێ منداڵ چی دەوێ‌و گەورەترین تاوان ئەوەیە کە بە پێی شێوازێکی دیاریکراوو بە گوێرەی حەزو خواستی خۆمان بابەتێك بۆ منداڵ بنووسین‌و ئەم جۆرە نووسینە وەکو ئەوە وایە خۆراکێك بدەی بە منداڵێکی برسی کە حەزی لێ ناکات... یاخود چەترێکی دڕاوی لە ڕۆژێکی باراناوی زستاندا بدەیتێ. بەڵام ئێمە هەرچۆنێ بێ هەر دەبێ بۆ منداڵ بنووسین بە پێودانگی هەلومەرجێك کە منداڵ حەزی لێ بکات نەك بە شێوازێك خۆمان بمانەوێ‌و هەروەها نابێ بە پێی قاڵبی هیچ ئایدیایەك بۆ منداڵ بنووسین‌و تەمەنی منداڵیش بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێ‌و هەر قۆناغەش لەوی دییان جیاکارەو منداڵ لە هەر قۆناغێکی ئەو قۆناغانەدا پێوەری تاموچێژی دەربارەی ناوەڕۆکی ئەو دەقانە دەگۆڕێ کە بۆ ئەو نووسراون‌و ئەمەش ئەوە روون دەکاتەوە کە ئەو بابەتەی نووسەرێك بۆ منداڵانی باخچەی منداڵانی دەنووسێ دەبێ جیاواز بێ لەو بابەتانەی کە بۆ منداڵی یەك‌و دووو سێی سەرەتایی یا چوارو پێنجی سەرەتایی دەنووسن... هتد. ئەگەر سەرنج لە منداڵ بدەین‌و لێکۆڵینەوە لە بارەیەوە بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە منداڵ لە قۆناغەکانی تەمەنیدا حەزی لە هەموو جۆرە چیرۆکێکی ئەفسانەیی‌و زانستی‌و مێژوویی‌و جادویی‌و زیاتریش حەزی لەو چیرۆکانەیە کە پڕ لە رووداوی سەیرو سەمەرەو فەنتازیایە... هەر بۆ نموونە چیرۆکێکی لەم جۆرە:



پشیلەکە پشیلەی راستەقینە نەبوو لە پەڕۆو لۆکە دروست کرابوو بەڵام میاو میاوی دەکردو چڕنووکی لە منداڵ دەگرت‌و چۆلەکەی ئاسنینی داخواردو بە سواری پاسکیل دەچوو بۆ قوتابخانەو ئێواران تراکسوودی لەپێ دەکردو لەگەڵ کچی ماڵە دراوسێکەیاندا یاریی تۆپی سەبەتەی دەکردو هەندێ جاریش کاتی دەستبەتاڵی خۆی بە یاریی شەترەنج‌و کۆلارە دروستکردنەوە بەسەر دەبرد... بەداخەوە لای نووسەرانی کورد بابەتگەلی وا دەگمەنەو زۆربەی ئەو نووسەرانەی کورد کە بۆ مناڵ نووسیویانەو دەنووسن بابەتگەلێکی فۆلکلۆری‌و کلتوورین‌و دوور لە هەموو فەنتازیاکارییەك‌و دوور لە هەموو بە هاوچەرخی کردنێك.. بابەتەکە بە شێوە کۆنەکەی خۆی دەخەنە سەر کاغەز بۆ منداڵان‌و من وا هەست دەکەم هەندێکیان تەنانەت سەیری فیلمی کارتۆنی مناڵ ناکەن تاکو بزانن هەندێ لەو فیلمانە چ جۆرە فانتازیاو ئەفسانەکاری‌و خەیاڵێکی زانستی تیایەو چۆن سەرنجی منداڵان رادەکێشێ‌و بەڕای من چیرۆکی (کاڵای باڵای پاشا) کە خوالێخۆشبوو عەلائەدین سەجادی لە کلتووری یابانییەوە بە کوردی داڕشتۆتەوە ئەگەرچی ئەو بۆ کەسانی گەورە داڕشتۆتەوە بەڵام چیرۆکێکە هەموو ئەو هەلومەرجانەی تیایە کە لەو دەقانەدا هەیە کە بە سەرکەوتوویی بۆ مناڵ نووسراوون‌و خۆزگە دەخرایە کتێبی پۆلە سەرەتاییەکانی قوتابخانەوەو گرنگی ئەو چیرۆکە لەوەدایە کە پاڵەوانی چیرۆکەکە منداڵێکەو ناترسێ‌و هاوار دەکات هەی هەی خۆ ئەوە ئیمبراتۆر هیچی لەبەردا نییەو روت‌و قوتە...

جگە لەم چیرۆکە لە گەلێ بابەتو دەقی تردا کە بۆ منداڵ نووسراونو پاڵەوانی سەرەکی لە دەقەکەدا منداڵن هەر بۆ نموونە نووسەری ناسراو "مارك توین" دوو منداڵی بە ناوی "تۆم سوێرو هك فن" کردووە بە پاڵەوانو (تۆم) گوتاری رەوشتکاری نابەجێو ناپەسەندی زۆرەو (هك)یش کۆمەڵێ کێشەی رەوشتکاری هەیەو مارك توین لە رێگای دەقەکەوە دەروونی ئەم دوو منداڵە شیدەکاتەوەو زۆر بایەخ بە رواڵەتیان نادات. حەزدەکەم ئەوەش بڵێم کە منداڵ زۆرجار حەزی لە کتێبی رەنگاوڕەنگەو، یەکەم کتێبی بە ڕەنگاوڕەنگ چاپ کراو بۆ منداڵ کە پڕ لە وێنەی جوان بوو لە ساڵی ١٩٥٩دا بە ناوی "گەردوونی رەنگدار" لەلایەن دایکێکەوە بە ناوی کۆمنیوسو دوای ئەم کتێبەش کۆمەڵێ کتێبی ڕەنگاوڕەنگو وێنەداری دی لەسەر ئاژەڵو خێزانداری بڵاوکردەوەو لەو مێژووەش بەدواوە وردە وردە بایەخی زۆرو گرنگی زیاتر بەو بابەتانە درا کە بۆ منداڵ دەنووسرانو ئێستا چاپکاری بواری بابەتی منداڵ لە جیهاندا لە ترۆپکی پێشکەوتندایەو جێی داخە لە جوگرافیای وێژەی کوردیدا ئەم بوارە رووبەرێکی کەمی گرتووەتەوەو بایەخی زۆر کەمی دەدرێتێو ئەو میدیایانەی کە بۆ منداڵ فەراهەم کراون لە ئاستی پێویستدا نین.

.......................................


بۆ ئەم وتارە سوود م لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:

١- أفلام متحركة / رضا طيار.

٢- عالم السينما / د. علي شلش.

٣- مقالات في التربية الحديثة / خضير عباس اللامي.

٤- كيف تكتب للأطفال / جۆن ئيكن.

٥- الخيال العلمي في أدب الأطفال.




## خەیاڵی زانستی و ئەفسانەیی
## لە چیرۆکی منداڵدا

چیرۆکی خەیاڵکاری زانستی و چیرۆکی جۆرەکانی دی خەیاڵ لە پنتێکدا یەك دەگرنەوە ئەویش ئەوەیە کە ئەفسانەیینو تێکڕا خەیاڵئامێزو خەیاڵکارینو پێوەندییان بە هیچ قۆناغێکی مێژوویی یەوە نیەو لە هیچ بارودۆخێکی ژیانی رۆژانەوە هەڵنەهێنجراونو پەیوەست نین بە کاتو شوێنی ناسراوەوە... و لەگەڵ ئەوەشدا کە رووداوگەلێکی سەرسوڕهێنەرو عاجباتیو لە خەیاڵ چنراون... دەشێ رووداوی لەوجۆرە رۆژێ لە رۆژان رووبدەن... بە تایبەتی چیرۆکی خەیاڵی زانستی کە زۆرجار رووداوە لە خەیاڵ دروستکراوەکانی پەیوەستن بە داهێنراوەکانی بواری فیزیاو فەلەکگەریو گەردووناسی یەوە... هەر بۆ نموونە وەکو فڕینی هەندێ بوونەوەری خەیاڵییو قووتخواردنی لەبن دەریادا بەبێ ئەوەی بخنکێو هتد... شاراوەش نیە کە دافنشی هونەرمەندی ئیتالیایی چەندین سەدە بەر لە داهێنانی فڕۆکەو زریپۆشو تانگ... بە خەیاڵ وێنەی ئەو کەرەستە جەنگییانەی کێشاوەو دواتر ئەو خەیاڵە لەلایەن زانایانی بواری فیزیاوە بەڕاستی بەرجەستەکراوەو بۆتە بەشێك لە پێویستییەکانی ژیانی دەوڵەت... شایانی باسە چیرۆکی خەیاڵی زانستیو ئەفسانەیی گەلێ جار پێش داهێنانە زانستیەکان کەوتووەو زۆرجار زانایانی بواری

فیزیا لێرەو لەوێ کەڵکی باشیان بۆ بواری زانستی لەو خەیاڵانە وەرگرتووە... بەشێوەیەکی گشتی چیرۆکی خەیاڵی زانستی.. وێژەو زانست بە جۆرێك لە جۆرەکان پێکەوە گرێ دەداتو دەتوانین بڵێین چیرۆکی خەیاڵی زانستی لە هەندێ لایەنەوە ئەدەبێکی پەتی یەو لە هەندێ لایەنیشەوە زانستی یەکی پەتی یەو لە هەمان کاتدا لەبەر ئەوەی خەیاڵێکی پاراوەو دیاردەیەکی سایکۆلۆژی تێبینیکراوو ئاساییو لە هەمان کاتیشدا دەگمەنەو راستەوخۆ ناخی زانستی دەروونی دەپێکێ... بەو هۆیەوە نووسەرانو زانایانی سروشتیو دەروونناسان هەر یەکەو لە چمكو چەمکی تایبەتی خۆیانەوە بایەخی پێدەدەن... و رێکەوتووە زانایەك لە هەڵگرانی خەڵاتی نۆبڵ زیاد لە پێویستو زۆر بە سەرگەرمی یەوە لە نووسەرێك زیاتر خۆی بە چیرۆکی خەیاڵی زانستی یەوە خەریكو سەرقاڵ کردووە...

زانستو ئەدەب هەردووکیان لە پێویستیەکانی ژیانو دەبێ نووسەران ئاگایان لە داهێنراوە زانیاری یەکان ببێو زانایانیش ئاشنای ئەدەب بنو ئەوە بزانن کە زانستو ئەدەب دوو لایەنی رۆشنبیرییەکی کۆمەڵایەتینو هەردووکیان هاوتای یەکدین وەکو یەك پێویستن بۆ ژیانو لەم نوارگەیەوە پێویستە نووسەران سوود لە رەوتی زانستی نوێ وەربگرنو زانایان هۆگری رەوتی ئەدەب بنو پسپۆرانی بواری پەروەردەو خوێندنیش لە بەرنامەو پرۆگرامەکانی پەروەردەو خوێندنو ئامادەکردنی مامۆستایاندا رەچاوی بایەخدان بە ئەدەبو زانست بکەن...



دەگێڕنەوە دەڵێن ئانشتاین (١٨٧٠ – ١٩٥٥) زۆر حەزی لە خوێندنەوەی چیرۆکی خەیاڵکاریو فەنتازی بووە بە تایبەتی چیرۆکەکانی نووسەری ناوداری روسی دستۆیفسکی (١٨٢٢ – ١٨٨١)و لەم بارەیەوە گوتویەتی ئەوەی لە دیستۆیفسکی یەوە فێر بووم دەربارەی ماتماتێك زۆرترە لەوەی کە لە فیزیاگەرێکی وەکو نیوتن (١٦٤٢ – ١٧٢٧)و زانایەکی وەکو – کۆس (١٧٧١ – ١٨٥٥)ەوە فێر بووم... هەروەها ئانشتاین گوتوویەتی: بیرۆکەی زانستی هەمیشە رەگەزێکی شیعری تیایە... هەروەها گوتوویەتی مۆسیقای هونەرمەند – باخ – (١٦٨٥ – ١٧٥٠) هەردەم لۆژیکی ماتماتیکی دێنێتەوە یاد... هەروەها زانای فیزیایی ناودار – تێلز بۆهەر – ١٨٨٥ – ١٩٦٢ – کاتێ باسی پێوەندیو پەیوەستی نێوان هونەرو زانستی کردووە ئەوەی خستۆتەڕوو کە مۆسیقا دەوری بالای هەیە لەوەدا کە خەیاڵی زانستی چڕو پڕو فراوان بکاتو باڵی پێببەخشێو لە بوارە بەرینو بێ مەوداکاندا بفڕێ... و ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە لە زانستو هونەردا خەیاڵو لۆژێکی هاوبەش بە وێنەی هەستپێکراوو وێنەی زەینیو هێماو جەڤەنگ بە جۆرێك لە جۆرەکان لەبارەی سروشتەوە دەدوێنو لەبەر ئەوەی کە چیرۆکی منداڵ زیاتر پەیوەستە بە هەمو جۆرەکانی خەیاڵەوە چ ئەفسانەییو چ زانستیو هتد بە درێژایی مێژوو لەلایەن زاناکانەوە بە تایبەتی زانایانی بواری فیزیاو پزیشکگەرییەوە بایەخی زۆری پێدراوەو گەلێ لەو شتانەی کە لەو چیرۆکانەدا خەیاڵ بوون دواتر لەلایەن زانایانەوە

بوونەتە راستیو لە ژیانی رۆژانەماندا بەرجەستە بوون... هەر بۆ نموونە ئەگەر لە چیرۆکێکی منداڵانەدا نووسەری چیرۆکەکە بەر لە دروستکردنی فرۆکەو باڵۆن باسی ئەوەی کردبێ کە مرۆڤ یا گیانلەبەرێکی دی وەکو جنۆکەو دێوو درنج بە دوای جێبەجێکردنی مەبەستەکانی خۆیاندا لە جێگایەکەوە فڕیون بۆ جێگایەکی دی... ئەو خەیاڵە دواتر لەلای زانایان بوو بە راستیەکو ئێستا مرۆڤ بە هۆی فرۆکەو کەشتی ئاسمانی یەوە بۆ ناو چەندین ئەستێرە دەفڕێ... و هەروەها ئەگەر لە هەندێ چیرۆکی پڕ لە خەیاڵی زانستی دا کە باوباپیرانی پێشوومان بۆ منداڵانیان گێڕاوەتەوە باسی ئەوەی تیادابێ کە دوو باڵدار رێنمایی پادشایەکی کوێر دەکەن کە گەڵای فلان دارو فلان درەختو دەوەنو فلانە گوڵ پێکەوە بکوتێو خوێنی فلانە باڵداری کێوی تێکەڵ بکاتو بیکات بە مەڵهەمو بیدات لە چاوی ئیتر چاك دەبێتەوە... دەبینین دواتر لە بواری پزیشکی دا دەیان جۆری چارەسەر بۆ نەخۆشی یەکانی چاوو کوێر بوون هاتە ئاراوە.. یاخود ئەگەر لە چیرۆکێکی پڕ لە خەیاڵی زانستی دا کە سەدان یاخود چەندین هەزار ساڵ بەر لە ئێستا دەماودەم بڵاوبۆتەوەو باسی ئەوەی کردووە پاڵەوانێك هەبووە هیچ جۆرە شمشێرو رمو تیرێك لەشی نەبڕیوەو نەسمیوە... و برینداری نەکردووە ئەوا دواتر بە تایبەتی لەم سەدانەی دواییدا دەیانو سەدان قەڵغانو سوپەرو زرێپۆشو تانگو ئۆتۆمبێلی گوللە نەبڕ هاتۆتە کایەو بە بەرچاوامانەوە کاری پێدەکرێ... لە هەندێ چیرۆکی دیدا کە پڕ لە خەیاڵی زانستی یەو لە



گوێئاگرداندا گوێمان لێبووە باسی ئەسپی باڵدارو مایینی سێ قاچو ئەوە دەکرێ کە دێوێك لە دوورەوە فوو لە قەڵایەك دەکاتو دووکەڵێکی چڕی لێ بەرز دەبێتەوەو قەڵاکە دەسووتێ... لە هەندێ لەو چیرۆکانەدا باسی شارێکی گەورە کراوە کە دانیشتووانی بە جادووی جادوبازێك سەرجەم نوقمی خەوێکی قورس بوونو نایەنەوە سەرخۆ یاخود هەر هەموو بوونەتە بەردو پاڵەوانێك دێتو موویەك لەبن باڵی جادوبازەکە هەڵدەکێشێو دەیسووتێنێو خۆڵەکەی دەپرژێنێ لە شارەکەو هەر هەموویان وەکو جاران زیندو دەبنەوە... شایانی باسە گەلێ لە خەیاڵە فەنتازیو زانستی یەکانی ناو ئەو جۆرە چیرۆکانە بە شێوەیەك لە شێوەکان بەرجەستە بوونو هاتوونەتەدیو گەلێکیشیان هەر وەکو خەیاڵ ماونەتەوەو هیچ دوور نیە لە داهاتوودا لەلایەن زانایانەوە بە جۆرێك لە جۆرەکان لە خەیاڵەوە بکرێن بە حەقیقەتو ئەوەی کە ئەمرۆ بە عاجباتی بێتە بەردیدەی خەیاڵ نەوەکانی داهاتووی مرۆڤایەتی بە چاوی حەقیقەت ببینن و شتێکی ئاسایی بێ لە لایانو جێگای سەرسوڕمانو دۆشدامان نەبێ... و دەبێ ئەوەشمان لەبیر بێ کە سەدەیەك زیاتر یا نەختێ کەمتر دەبێ لە سەرانسەری وڵاتە پێشکەوتووەکاندا بە تایبەتیو لە جیهاندا بە گشتی نووسەرانی گەورە پەیدا بوون چیرۆکی خەیاڵی زانستیو ئەفسانەیی بۆ منداڵو بۆ گەورە دەنووسن... لەوانە: (ئێچ جی ویلزو سامۆئیل بەتلەرو ولیەم مورسو رۆبەرت ستیڤنسنو ئارسەر کلارکو بیتر دکسنو بۆبو شۆو ماری ستیلیو جۆن ویتد هامو ریمۆن هاوکیو

ئەدموند هاملتن‌و براو بری‌و ستانلی وێنبم‌و زالازین‌و کاسفۆرد سماك‌و دیکنزو ناودۆنراو رۆنەر نیاریك‌و فلادیمێر فرسۆف‌و فارا شافیزکی)و دەیان‌و سەدان نووسەری دی لەم بوارەدا لە بەریتانیاو ئەمەریکاو فەڕەنساو رووسیاو دەیان وڵاتی دیدا هەڵکەتوون‌و دەشێ رۆژێ لە رۆژان خەیاڵی زانستی‌و ئەفسانەیی ناو چیرۆکەکانیان لەلایەن هەندێ زاناوە بەرجەستەببێ‌و ببێتە بەشێك لە کەرەستە پێویستەکانی ژیانی رۆژانەی مرۆڤ... جێ ی هێنانەوە یادە کە پێشەنگی چیرۆکی زانستی ئینگلیزی جی ویلز لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا لە چیرۆکی — کەشتی باڵداری زەمان — دا باسی ئەوە دەکات کە کەشتییەکە پۆلێك کەشتیوان دەبات بۆ سەر مانگ‌و دەشتوانێ بیان بات بۆ سەر هەر ئەستێرەیەك کە خۆیان لە گەردووندا دەستنیشانی بکەن‌و لەبەر چاویشمانە کە هەندێ لەم خەیاڵە زانستی یانە هاتوونەتە دی‌و لە لایەن زانایانی بواری فیزیاگەرییەوە بوون بە راستی‌و شایانی باسە ئەم چیرۆکە زانستی یە لە ساڵی (١٨٩٥) هەزارو هەشت سەدو نەوەدو پێنجدا نووسراوەو بڵاوبۆتەوەو پێش ئەویش لە فەڕەنسا ساڵی (١٨٦٥) رۆماننووسی فەڕەنسی جۆن فێرن رۆمانی (گەشتێك بۆ ناو مانگ‌و دەوروبەری) بڵاوکردبۆوە کە رۆمانێکە پڕاوپڕە لە خەیاڵی زانستی‌و ئەفسانەیی‌و شایانی باسە ئێستا ساڵانە چەندین کەشتی ئاسمانی بەرەو ئەستێرەکان دەڕوات‌و کەشتیوانانی ئەو کەشتییانە لەسەر مانگ‌و ئەستێرەکان دادەبەزن‌و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە زانایانی فیزیا زۆر کەڵك لە خەیاڵی زانستی‌و جادوویی ناو چیرۆکی



کۆنو نوێ وەردەگرن بە تایبەتی چیرۆکی منداڵ‌و جێ ی لەیاد نەچوونە کە ویلز ئەم چیرۆکەی لە بنەڕەتدا بۆ منداڵان نووسیوەو دەبێ ئەوەش بخەینەڕوو کە لە کتێبی کۆماری ئیفلاتۆن‌و شاری بەختەوەری فارابی‌و کۆمیدیای خوایی دانتی‌و ریسالەتولغوفرانی مەعەڕی‌و مەقاماتی حەریری‌و هەمەدانی‌و کەلیلەو دیمنەی ئیبنولموقەفەع‌و ئەلف لەیلە وەلەیلەدا خەیاڵی هاوشێوەی خەیاڵی زانستی‌و خەیاڵی ئەفسانەیی هەیە... لە هەندێ لەو کتێبانەدا بە تایبەتی لە ئەلف لەیلە وەلەیلەو کەلیلەو دیمنەدا درەخت‌و دەوەن‌و داری دارستان قسە دەکەن‌و رێنمایی‌و ئامۆژگاری کەسانی دی دەکەن‌و ئاژەڵی جۆر بەجۆری وەکو شێرو گورگ‌و رێوی‌و وشترو باڵندەی وەکو تاوس‌و هتد گفتوگۆ دەکەن‌و پیلان دژی یەکدی دەگێڕن‌و پەندو فەلسەفەو ئامۆژگاری‌و هەمو جۆرێکی فرت‌و فێڵ لە پێناوی بەختەوەری خۆیاندا دەخەنە کار... هەروەها لە گەشتەکانی سیندەبادا کەشتی بە دەریاگەلێکدا دەڕوات هەر لە دوورەوە بزمارەکانی هەڵدەکێشرێ‌و بەشەکانی کەشتی یەکە لێکدی دادەژەنرێ‌و سەرنشینەکان نوقم‌و سەرگەردان دەبن... یا هەندێ جار لە دوورگەیەك لادەدەن لەوێ ئاگردەکەنەوەو خواردن لێ دەنێن‌و دەنوون‌و بۆ سبەینێ دەڕوانن دووگەکە لە ڕاستی دا دوورگە نیەو ئەرژەنگێکی ئاوی یەو خەوی لێ کەوتووە یاخود هێلکەی باڵندەیەکی زەبەلاحەو باڵندەکە بەجێیهێشتووە... و ئەمانە هەمووی خەیاڵ‌و چیرۆکنوسی بواری منداڵ دەتوانێ سوود لە فەنتازیای خەیاڵ‌و

دارِشتنو ناوەڕۆکیان ببینێو بە خەیاڵی خۆی بە جۆرێکی نوێ بۆ منداڵ دایبڕێژێتەوە...

دەبێ ئەوەمان لەیاد بێ کە چیرۆکی خەیاڵی زانستیو جادوویی بەشێکن لە ژیانی رۆژانەمان دەربارەی ژیانی رابوردوو ئێستاو داهاتوو دەدوێن بەڵام نووسەری چیرۆکەکە خەیاڵی فراوانی خۆی تێکەڵی دەقەکە دەکاتو بەو جۆرە مەودایەکی دی دەداتێ.. مەودای خەیاڵ ئەمە شانبەشانی مەودای کاتو شوێنی دیاری کراوو دیاری نەکراو بە پێ ی گرێچنی چیرۆکەکە.... و ئەم جۆرە خەیاڵکاری یە لە چیرۆکدا بە گشتیو لە چیرۆکو شیعری منداڵاندا بە تایبەتی سەرنجی خوێنەر رادەکێشێو ئاشنای سنووری جیهانێکی وایان دەکات کە لە حەقیقەتدا نیەو نابینرێ چونکە چیرۆکی خەیاڵی زانستیو ئەفسانەیی وەکو چیرۆکی ریالیزمی فۆتۆکۆپی کردنی ئەم جیهانە نیە کە تیادا دەژین... شایانی بیر خستنەوەیە خەیاڵکاری لە هەموو بوارەکانی زانستو زانستە مرۆییەکانو هەموو جۆرەکانی هونەرو ئەدەبدا هەیەو منداڵو گەورەش بەردەوام خەیاڵی تایبەتی خۆیان هەیەو زۆر جار بە خەیاڵ شانبەشانی جیهانی بینراو جیهانێکی نەبینراو بۆ خۆیان دروست دەکەن بە گوێرەی چڕیو دەوڵەمەندی ئەو خەیاڵەی کە هەیانەو خەیاڵیش بە پێ ی رۆشنبیری فرە لایەنی کەسەکە دەگۆڕێ چ گەورە بێو چ منداڵو هەر وەکو زانایانی دەروونناسی روونیان کردۆتەوە یاریو گەمەی منداڵو ئەو نیگارو وێنانەی کە منداڵان دەیکێشن چ منداڵی کوڕو چ منداڵی کچ خەیاڵکاری زۆری تیایەو ئەم



جۆرە خەیاڵکارییەش پێوەندی راستەوخۆی هەیە بەرادەی ژیریو وریاییو لێهاتوویی منداڵەوەو منداڵ چەندێ خەیاڵی زانستیو ئەفسانەیی زۆرو فراوان بێ ئەوەندە بیرو هزرو هۆشی فراوانو کراوە دەبێو هەست بە جوانی یەکانی ژیان دەکاتو وەکو دەروونناسانو پسپۆرانی پەروەردە سەلماندوویانە ئەدەبی خەیاڵی زانستیو ئەفسانەیی ئەوەندەی زانستو پەروەردە بۆ منداڵ پێویستە بە تایبەتی لە پۆلەکانی سەرەتاییو ناوەندی داو هەر لەبەر ئەم هۆیەشەوە لە گەلێ وڵاتی جیهاندا هەوڵی ئەوە دراوەو دەدرێ دەقگەلێکی ئەدەبیو هونەری پڕ لە خەیاڵکاری شانبەشانی بابەتی زانستیو دەروونیو ریالیستی بخرێنە پرۆگرامو بەرنامەی خوێندنو پەروەردەی نوێوە چونکە ئەم جۆرە دەقە ئەدەبی یە جگە لە بایەخو بەها خەیاڵکارییەکەی بایەخو بەهای جوانکاریشی گرتۆتە خۆی کە ئەمەش خۆی لە خۆی دا هۆکارێکی گرنگە بۆ جوانناسێتی لەلای منداڵ لە قۆناغە هەمە جۆرەکانی پەروەردەو خوێندندا... و زانایان بە ئەزموونو تاقیکردنەوە گومانیان لەوەدا چۆربڕ کردووە کە سەرجەمی منداڵان حەزیان لە ژنەوتنو خوێندنەوەی ئەو شیعرو چیرۆکانە هەیە کە خەیاڵی زانستیو ئەفسانەیی مرواریو گەوهەری رووداوەکانیان دەهۆنێتەوەو ئێستا لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهاندا سەدانو هەزارانو ملیۆنان کتێبو گۆڤاروناملیکەی لەم جۆرە خەیاڵئامێزە بۆ منداڵان لە چاپ دەدرێنو هاوتای ئەوەش ئەو شیعرو چیرۆکو دەقە هەمەجۆرانە بە شێوەیەکی جوان چاپدەکرێ کە

منداڵان بە خەیاڵکاری خۆیان دەینووسن... لەبەر ئەوە کە دەبینین منداڵێك لە خەیاڵی خۆی چیرۆکێك دروست دەکات کە پڕە لە سەیرو سەمەرەو بۆ منداڵانی دی دەگێڕێتەوە با ئێمەی گەورە یەکسەر منداڵەکە بە درۆزن لە قەڵەم نەدەین‌و نەڵێین سەیری بەم منداڵی یەی خۆیەوە ئەم درۆ گەورانەی لە کوێ هێناوە یا لە کوێ فێر بووەو با نەختێ بە ویژدانەوە قسە بکەین‌و لە منداڵەکە تێبگەین‌و هەست بەوە بکەین کە منداڵێکی لێهاتووەو خەیاڵکارییەکی دەوڵەمەندی هەیەو وەکو چۆن نووسەرێکی گەورە بۆی هەیە لە چیرۆکێکی نووسراوی خۆی دا بە خەیاڵ دارو بەرد بێنێتە زمان بەو جۆرە منداڵێکی چیرۆکبێژو چیرۆکنووسی ژیر بۆی هەیە بە شاباڵ بۆ ناو هەموو ئەستێرەکان بفڕێ‌و جۆرە پاڵەوانێك دروست بکات وەکو عووجی کوڕی عەلەق بتوانێ بە دەستی خۆی لە ناخی دەریادا ماسی جۆراو جۆر بگرێ‌و لەسەر تاشەبەردە ئاگرینەکانی هەتاو بیبرژێنێ... و پێویستە لە بواری پەروەردەو خوێندندا بە پێ ی قۆناخەکانی گەشەی منداڵ کە (بیاجیە)ی سویسری‌و (برۆزی) ئەمەریکاریی‌و (فیکوتزکی) سۆڤیەتی دیارییان کردووە بایەخ بە جۆرەکانی خەیاڵ‌و پەرەسەندنی خەیاڵکاری لەلای منداڵ بدرێ... چونکە خەیاڵ لەلای منداڵ لەو دەڤەرە دوور نیە کە تیادا دەژی‌و بەشێکە لە ژیانی راستەقینەی رۆژانەیی‌و بە گوێرەو رێژەی ساردی‌و گەرمی‌و بەرزی‌و نزمی‌و خۆشی‌و ناخۆشی‌و ئەو کات‌و جێیەی کە تیا دەژی چڕ دەبێتەوەو ترنگ دەبێتەوەو پێویستە کۆمەڵگاکان‌و پسپۆرانی بواری



پەروەردەو خوێندن بواری فراوان بڕەخسێنن بۆ گەشەسەندنی خەیاڵی زانستی‌و ئەفسانەیی لەلای منداڵ‌و ئەم ئەرکەشی ئێستا لەلایەن پسپۆرانی وڵاتانی پێشکەوتۆوە بە سەرگەرمی یەوە رەچاوو جێبەجێ دەکرێ‌و سەرئەنجامی باشیشی بووەو هیوادارم لە وڵاتی ئێمەشدا رەچاوی ئەم لایەنە بکرێ‌و بەبێ دوو دڵی دەیڵێم خەیاڵی ئەفسانەیی‌و زانستی شانبەشانی یەکدی جیهانێکی لەم جیهانە بینراوەمان جوانتر بۆ منداڵ دروست دەکات‌و منداڵ ئەزموونەکانی خۆی لەو جیهانەدا تاقیدەکاتەوەو ئەنجا هەوڵی ئەوە دەدات جوانکاری یەکانی جیهانە خەیاڵکاری یەکەی خۆی بگوازێتەوە بۆ ناو ئەو جیهانە راستەقینەیەی کە تیادا لەدایك بووەو تیادا لەگەڵ هەزاران منداڵی دی‌و سەدان هەزار مرۆڤی گەورەو دارو درەخت‌و ئاژەڵ‌و باڵندەو کەرەستەو ئامێری وەکو قەڵەم‌و دەفتەرو ئۆتۆمبیل‌و تەلەفزیۆن‌و رادیۆو مۆبایل‌و چی‌و چی دیدا دەژی‌و کات‌و تەمەن دەباتە سەرو... ئێمە کاتێك بۆ منداڵ دەنووسین... ئەو نووسینەمان چ شیعر بێ‌و چ چیرۆکێکی کورت بێ یا درێژ دەبێ ئەوەمان لەیادبێ کە مێژووی شارستانیەتی مرۆڤایەتی بەدرێژایی هەموو سەدەکان لە پێشدا خەیاڵێکی ئەفسانەیی بووەو دوایی خەیاڵەکە جێ بەجێکراوەو رۆشنبیرییش بە گشتی کە جۆگەیەکی سەرەکی شارستانیەتە بەشێکە لەم بزووتنە گشتگیرە فراوانەی کە لە هەموو بوارەکانی مرۆڤایەتی دا بەرپا بووەو ئەدەبی منداڵیش بە هەموو لق‌و بەشەکانیەوە کە ئەدەبێکی خەیاڵ ئامێزەو پشت بە خەیاڵی ئاسایی‌و ئەفسانەیی‌و

زانستی دەبەستێت بەشێکی بنەڕەتیو گرنگە لە بونیادی ڕۆشنبیری هەموو مرۆڤایەتی دا... غاندی جارێکیان گوتوویەتی: من نامەوێ چوار دەوری ماڵەکەم هەمووی شۆراو دیوار بێو حەز دەکەم هەموو پەنجەرەکانم وازو واڵاکەم بۆ ئەوەی تەوژمی ڕۆشنبیری هەموو نەتەوەکانی جیهان بگاتە ناو ماڵەکەم... ئەم گوتەزایەی غاندی پێویستە لە ئەزموونی ئەدەبی منداڵاندا جێبەجێ بکرێو هەمو جۆرەکانی خەیاڵ لە تانو پۆو ئەتەمی شیعرو چیرۆکو شانۆنامەو سیناریۆی فلیمی منداڵدا بە وردی بخرێتە کار... چونکە منداڵ بە گوێرەی قۆناخەکانی تەمەنی منداڵێتی زۆربەی یاخود هەموو جۆرێکی خەیاڵ لەو دەقانەدا کە دەیخوێنێتەوە بەڕاستی دەزانێو شتێك لەلای منداڵ نیە لەو بوارەدا کە ڕەنگدانەوەی ڕاستی تیا نەبێو ئەو منداڵانەی کە بابەتی وێژەیی وەکو چیرۆکو شیعر دەنووسن خۆیان لە دەقەکانیاندا باسی شتە ئاساییەکانی دەوروبەری خۆیان بە شێوەیەکی نا ئاسایی فەنتازیاکاری دەکەن... هەر بۆ نموونە منداڵێك بە ناوی – جۆ بێڵ – لە بەریتانیا چیرۆکێکی نووسیوە بە ناونیشانی (سنووقی جادوویی) ئەمەش چیرۆکەکەیەتی:– (بۆ پیاسە کردن چوومە دەرێو پێم لە سنووقێك هەڵکەوتو سنووقەکەم کردەوەو لە ناو سنووقەکەدا پەیژەیەکم بەدیکردو بە پەیژەکەدا چوومە خوارەوەو گەیشتمە ئەشکەوتێکی ئاڵۆزو لەوێ دڕندەیەك هەبوو بەرەو رووم هاتو بەخێرایی بە پەیژەکەدا سەرکەوتمە سەرەوەو هەر ئەوەندە کاتم بە دەستەوە مابوو کە سەرقاپی سنووقەکە دادەمەوەو قفڵی



بدەم... جادوو بێ سوودە... باشتر وایە بزانی چی دەکەی...) بێگومان ڕووداوی ناو ئەم چیرۆکە لە ژیانی ڕۆژانەوە دوورە بەڵام – جۆ بێڵ – بە جۆرێکی وا جوانو پڕ لە فەنتازیاو خەیاڵکاری نووسیویەتی... کردوویەتی بە بەشێك لە راستییەکانی ژیانو هیچ دوور نیە ڕۆژێك لە ڕۆژان ڕووداوێکی وا لە راستی دا روو بدات... و منداڵ لە نووسینی شیعریشدا زۆرجار خەیاڵی ئەفسانەییو جۆرێك لە فەنتازیا ئامێتەی شیعرەکەی دەکات... هەر بۆ نموونە: (فۆسای هایۆدو) قوتابیەکی دوازدە ساڵانی یابانی یەو شیعر دەنووسێو شیعرەکانی پڕن لە خەیاڵی سەیرو خوێنەر بەو خەیاڵانە سەرسام دەبێو حەز دەکەم پێکەوە ئەم شیعرەی بخوێنینەوە کە بە ناونیشانی (ئەوانەی کە شیعر دەنووسن) نووسیویەتی:–

ئێمە باڵندەین
کاغەز خۆراکی باڵندەیە
مامۆستاکە خۆی
خۆراك پێشکەش دەکات
ئەو منداڵانەی شیعر دەنووسن
ئەوان باڵندەکانن

* * *

جیهانی خەیاڵی ئەفسانەییو خەیاڵی زانستی سەرنجی منداڵ رادەکێشێو نووسەری سەرکەوتووی بواری ئەدەبی منداڵ ئەو نووسەرەیە کە دەتوانێ لە چیرۆکێکی یا لە شیعرێکی خەیاڵئامێزدا

ئەوە بە منداڵ ببەخشێ کە دەیەوێو نووسەرێکی گەورەی وەکو تۆلستۆی زوو هەستی بەوە کردووە کە منداڵ حەزی لە چیرۆکی خەیاڵی ئەفسانەییو زانستی یەو لە یەکێك لە چیرۆکەکانی دا کە بۆ منداڵ نووسیویەتی باسی ئەوە دەکات (لە دارستانێکدا ورچێك رووبەڕووی دوو منداڵی هاوڕێ ی یەکدی دەبێتەوەو منداڵێکیان هەرکە ورچەکە دەبینێ هاوڕێکەی بەجێدێڵێو رادەکاتە سەر درەختێکی بەرزو خۆی دەشارێتەوەو منداڵی دووەمیش هەناسە لە خۆی دەبڕێو ورچەکە دێ بۆنی پێوە دەکاتو وادەزانێ مردووەو نایخواتو بەجێیدێڵێو دوایی منداڵی سەر درەختەکە لە منداڵەکەی دی هاوڕێ ی دەپرسێ: ئەوە ورچەکە چی پێ گوتی وا دەمی هێنایە بناگوێتەوە... منداڵەکەش گوتی: پێ ی گوتم هەرگیز هاوڕێتی منداڵێك مەکە لەکاتی تەنگانەدا رابکاتو بەجێتبهێڵێ).

لەم چیرۆکەدا کە جۆرە خەیاڵێکی ئەفسانەیی تیایەو تانوپۆکەی واچنراوە کە مرۆڤ وابزانێ ئاژەڵێکی درندە قسەی لەگەڵ منداڵێکدا کردووەو منداڵەکەش لە زمانی تێگەیشتووەو بە قسەی کردووە... تۆلستۆی توانیویەتی بەم شێوە ئەفسانەیی یە سەرنجی منداڵ رابکێشێو لەلایەکەوە چەژێکی خۆشی لە چیرۆکەکە وەربگرێو لەلایەکی دیشەوە لە بواری هاوڕێتی دا جوگرافیای هەستو هۆشو روشنبیرێتی منداڵەکە فراوانتر بێ...

ئێستاشو لە چاخی زانستیو جیهانبینیو بە جیهانی بوونی شتەکاندا رۆژی سەدان گۆڤارو رۆژنامەو کتێبو نامیلکەی پڕ لە چیرۆكو شیعری



خەیاڵی زانستیو خەیاڵی ئەفسانەیی لە سەرجەمی وڵاتانی پێشکەوتووی وەکو یابانو فەرەنساو ئەڵمانیاو ئینگلتەراو ئەمەریکادا بە بڕی ملیۆنەها دانە دەکەونە کتێبخانەکانی جیهانەوەو تاکو ئێستاش فرۆشی کتێبی بابەتی منداڵ لەو وڵاتە پێشکەوتووانەدا لە پلەی یەکەمدایەو منداڵی ئەو وڵاتانە بەختەوەرن کە ئەو کتێبانەیان بە جوانترین شێوازی رەنگاوڕەنگی وێنەدار بۆ چاپ دەکرێ... و منداڵان بە گشتی وەکو زانای دەروونناسی (برۆنۆ بیتلهایم) لە کتێبێکی دا بە ناوی (منداڵان پێویستییان بە هەقایەتە) ئەوە روون دەکاتەوە کە منداڵان سنووری دابڕی نێوان بوونەوەری زیندوو کەرەستەو شتە بێ گیانەکانی سروشتیان لەلا نیەو ئەوان منداڵن لە هەموو شتە گیاندارو بێ جووڵەو بێ دەمو زمانەکانی سروشتدا بۆ وەڵامی پرسیارە لەبن نەهاتۆکانی خۆیان دەگەڕێن... بەڕای من هەر ئەمەشە هانیان دەدات بە تاسەو سەرگەرمییەوە ئەو جۆرە چیرۆکانە بخوێنینەوە کە ئاژەڵو دارو بەردو ئاوو باڵندەو ماسیو پەپوولەو ئەستێرە قسە دەکەن... هەر بۆ نموونە خوێندنەوەی چیرۆکی (بیر تۆس) کە باسی گورگێکی بچکۆلەی خێرخواز دەکات ((بێ گومان گورگ نیە خێرخواز بێ)) بەڵام نووسەری چیرۆکەکە خەسڵەتی خێرخوازی بە گورگە بچکۆلەکە دەداتو لە ناوچەکەی خۆیەوە رادەکات بۆ ناو خێڵێکی قەرەجو لەوێ بۆی دەردەکەوێ کە مرۆڤ زۆر درندەو دڵڕەقەو خۆشەویستیو بەختەوەریو لێکتێگەیشتنو ئاشتیو هەتد نازانێو ئەنجا گورگە بچکۆلەکە بە ناچاری بەرەو ناوچەکەی

خۆی دەگەڕێتەوەو لەوێ دووبارە هەست بە سەربەستی دەكاتەوە... هەروەها خوێندنەوەی چیرۆكی (ئەستێرەنشین) كە نووسەری فەڕەنسایی ((كرستیان لیۆربیە)) نووسیویەتیو باسی ئەوە دەكات كۆمەڵێ منداڵی كوڕو كچ لە ئەستێرەیەكەوە دێن بۆ زەویو بە منداڵانی زەوی دەڵێن ئێوە پێستی لەشتان شینەو لەبەر ئەوە سڵیان لێ دەكەنو لە سەرەتادا نایانەوێ یارییان لەگەڵدا بكەنو پێیان دەڵێن كەسانی پێست شین بۆگەنیان دێو بەڵام لە دوایی دا یەكێكیان لە منالێكی زەوی نزیك دەبێتەوەو فرمێسكەكانی چاوی بۆ دەسڕێ... وەكو منالەكەی سەر زەوی باسی دەكات ئەو منداڵەی فرمێسكەكەی بۆ دەسڕێ كچۆلەیەكی جوانی چاو سەوزو قژ زەردە.... هتد شایانی باسە دەروونناسانو پسپۆرانی پەروەردەی نوێی منداڵ ئەوەیان روونو یەكلا كردۆتەوە كە منداڵ بە خوێندنەوەی ئەو جۆرە چیرۆكە خەیاڵیانە مەودای ژیریو هەستی كۆمەڵایەتیو رۆشنبیریو بزێویو بیركردنەوەو سەرچڵی یەكانی پەرە دەسێنێو وەكو كەسێكی بەهرەمەندو داهێنەر دەڕوانێتە ژیانو ئەو منداڵەی كە دەخوێنێتەوە لە هەموو لایەنەكانی ژیاندا لەو منداڵە سەركەوتووترە كە ناخوێنێتەوەو دەشێ منداڵی دووەمیان لە قوتابخانەدا بە سەركەوتوویی ئەزموونەكانی ببڕێ بەڵام لەبەر ئەوەی ناخوێنێتەوە ناتوانێ ببێتە منداڵێكی داهێنەر... لە كۆتایی دا دەپرسم چەند دایكو باوك لە كوردستاندا هەن بیر لەوە بكەنەوە كتێبخانەیەك بۆ منداڵەكانیان لەماڵەوە دەستەبەر بكەن.... و چەند خانەی منداڵان



هەیە لە كوردستاندا بیر لەوە بكاتەوە بابەتێك چاپ كات بە دڵی منداڵ بێ نەك بە دڵی نووسەری بابەتەكە.

..........................................................

بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:


١- گۆڤاری - ثقافة الاطفال - ژمارە - ١ -.

٢- گۆڤاری - ثقافة الاطفال - ژمارە - ٢ -.

٣- الدماغ البشري / د. طارق ابراهيم حمدي.

٤- الرواية وصنعة كتابة الرواية / ت - سامي محمد.

٥- ما الانثروبولوجيا؟ - د. قيس النوري.

٦- مقالات في التربية الحديثة / خضير عباس اللامي.

٧- كيف تكتب للاطفال / جون ايكن - ت - كاظم سعد الدين.

٨- الخيال العلمي في ادب الاطفال - د. نوري جعفر.

٩- كتێبی - ئەلف لەیلە وە لەیلە / چاپی - دار التوفيق - بەیروت.

١٠- لیوناردۆ داڤینشی - سیجموند فروید / ت - عبد المنعم الحفني.

١١- هەندێ چیرۆكی میللیو ئەفسانەیی كوردی كە لە منداڵی دا بۆیان گێڕاومەتەوە.

## منداڵ لە كۆمەڵگای كۆن و نوێ دا و
## هەڵو مەرجی گەشەكردنی رۆشنبیری منداڵ

ئەگەر بە وردی مێژووی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بخوێنینەوەو توێژینەوەی لەسەر بكەین... بۆمان ڕووندەبێتەوە كە كۆمەڵگەی كۆنی مرۆڤایەتی كۆمەڵگەی كەسانی گەورە بووەو نە لە قۆناغی باوكسالاریو نە لە قۆناغی دایكسالاری دا منداڵ لە ناو بنەماڵەو كۆمەڵگەدا هیچ جۆرە مافێكی خۆی نەبووە... لە هیچ نووسراوێكی كۆنی پێش مێژوودا بایەخ بە منداڵ نەدراوەو قەوارەی بۆ دانەنراوە تاوەكو سەردەمی كتێبە پیرۆزەكان كە دەتوانین بێ سڵو كۆ كردن بڵێین لە هەموو كتێبە پیرۆزەكاندا بە جۆرێك لە جۆرەكان بایەخ بە منداڵ دراوەو هەندێ ماف بۆ دیاری كراوە یاخود هەر نەبێ ناوی منداڵ لەو كتێبانەدا هاتووە... و ناو هێنانەكە هەندێ جار دژی بەرژەوەندی منداڵ بووەو هەندێ جاریش بەرگری كردن بووە لە منداڵ یا باسی كردارێكی دڕندانە بووە كە دژی منداڵ كراوە... هەر بۆ نموونە لە تەورات دا باسی ژیاننامەی منداڵێتی حەزرەتی ئیسماعیلو ئیسحاق كراوەو ژمارەی ئەو منداڵانەش دیاری كراوە كە (هیرودس)ی پادشای جوولەكە لە شاری (بەیت لەحم) كوشتنی... هەروەها ماف ئەو منداڵانەش دیاری كراوە كە پیاوێكی ئازاد لە ژنێكی كۆیلە دەیبێ...



لە ئینجیلیشدا باسی منداڵێتی حەزرەتی عیساو منداڵێتی دایكە مەریەم كراوەو ژمارەی ئەو منداڵانەش دەسنیشان كراوە كە حەزرەتی عیسا وەكو نواندنی پەرجوویەكی خودایی زیندووی كردوونەتەوە...

لە قورئانی پیرۆزیشدا خوای مەزن ئاماژەی بۆ ئەوە كردووە كە پێغەمبەری ئیسلام محمد درودی خوای لێ بێ... منداڵێكی بێ دایكو باوك بووەو هەر بە منداڵی دایكو باوكی مردوونو خوای مەزن خۆی داڵدەو پشتیوانی بووە... بەڵام لە هیچ سوورەتێكدا بە دوورو درێژی باسی ژیاننامەی محمد درودی خوای لێ بێ نەكراوە بەو جۆرەی كە باسی ژیاننامەی منداڵێتی حەزرەتی ئیسماعیلو یوسفو عیساو مووسا كراوە...

بەڵام لە گەڵێ سوورەتی قورئانی پیرۆزدا ئاماژە بۆ ئەركەكانی دایكو باوك كراوە دەربارەی منداڵو بەرامبەر بەوەش باسی ئەركەكانی منداڵان كراوە دەربارەی دایكو باوكو هاوسەنگایەتیو یەكسانی ئەركو مافە گشتی یەكانی ژیانی هەردوو لایان لە دوو توێ ی سوورەتە پیرۆزەكاندا دەسنیشان كراوەو بە جۆرێك لە جۆرەكان ماف هەردوو لا ڕوونكراوەتەوە... هەر بۆ نموونە قورئانی پیرۆز ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە نابێ منداڵ لە دەست دایكو باوك گازندەو دادو بێداد بكاتو لە چاكە خوازی دا لە قسەیان دەربچێ... و لە كاتی پیری دا فەرامۆشیان بكات...

بەرامبەر بەوەش لە گەڵێ سوورەتدا داوا لە دایكو باوك كراوە كە منداڵەكانیان لە برسانداو بە هۆو بیانووی كەمدەرامەتیو هەژاری یەوە نەكوژنو كچانی كوڕیەو منداڵیان زیندە بە چاڵ نەكەنو كەسیان لە میرات بێ بەش نەكەن...

شایانی باسیشە لە فەرموودە پیرۆزەكانی پێغەمبەری ئیسلامدا زۆر باسی بایەخدان بە منداڵو مافی منداڵ كراوەو ڕێز گرتنی منداڵ لە لایەن گەورەوە بە ئەركی سەرشان لە قەڵەم دراوە.

پێیش لەسەر ئەوە دا دەگرم كە لە مێژووی مرۆڤایەتی كۆندا منداڵێتی زۆربەی زۆری پادشاو پاڵەوانو كەسایەتی یەكانو تەنانەت پیاوە ئاینی یەكان نادیارەو بە دەگمەن لێرەو لەوێ منداڵێتی هەندێكیان سەرەتاتكیمان لە گەڵدا دەكەن... هەر بۆ نموونە لە سەردەمی یەكێك لە فیرعەونەكاندا بڕیارو فەرمانی قڕ كردنی منداڵ دراو ئەوە بوو دوای ئەوەی كە جادو بازێك بەو فیرعەونەی گوت تۆ بە دەستی كەسێك لە ناو دەچی لە كاتی فەرمانڕەوایی تۆدا لە دایك دەبێ... ئیتر فیرعەون بڕیاری دا هەر منداڵێك لە دایك بێ گورج سەری ببڕنو بە دەیان هەزار منداڵ لەو سەردەمەدا سەربڕانو كەس بەسەرهاتەكەیان نازانێو مێژوو بە تەنها ژیاننامەی منداڵێكی پاراستووە لەو سەردەمەدا كە ئەویش حەزرەتی مووسایە كە دایكی دەیخاتە سندووقێكەوەو دەیخاتە ئاوی نیلەوەو دەچێتە كۆشكەكەی فیرعەونی ئاماژە بۆ كراوەوەو لەوێ لە باوەشی بنەماڵەی فیرعەونو كۆشكی شاهانەدا گەورە دەبێ... هەروەها لە لاپەڕەكانی مێژوو هەندێ كتێبی پیرۆزدا



ئاماژە بۆ منداڵێتی حەزرەتی عیساو زەردەشت كراوەو لە گەڵێ سەرچاوەی جۆر بە جۆری رۆژ بە رۆژ هەڵاتو رۆژ ئاواشدا ژیاننامەی قۆناخی لە دایك بوونو منداڵێتی پێغەمبەری ئیسلام محمد دروودی خوای لێ بێ تۆمار كراوە.. هەروەها تا رادەیەكیش قۆناخی منداڵێتی پێغەمبەرانی وەكو ئیبراهیمو ئیسماعیلو ئیسحاقو یوسفو یەحیا..... بە جۆرێك لە جۆرەكان لە مێژووداو لە كتێبە پیرۆزەكاندا پارێزراوە...

شانبەشانی ئەوانەش لێرەو لەوێ ژیاننامەی منداڵێتی هەندێ پادشاو پاڵەوانی ئەفسانەییو شازادەو هتد بەرچاو دەكەوێ...

بەڵام بە شێوەیەكی گشتی قۆناغی منداڵێتی هەموو فەرمانڕەواو پادشاو شاژنو پاڵەوانە راستەقینەو ئەفسانەیی یەكانو تەنانەت خواوەندەكانیش شاراوەو نادیارەو رووناكی نەخراوتە سەرو ئەو پاڵەوانو خواوەندو كەسایەتیيانە زۆر كەمن كە مێژوو بایەخی بە ژیاننامەی سەردەمی منداڵێتییان دابێ.... تەنانەت لە هەموو كلتووری گریكدا شانۆنامەیەك یا شیعرێك یا هیچ بابەتێكی وێژەییو فەلسەفی نەدۆزراوەتەوە ئاراستەی منداڵ كرابێو پێوەندی بە منداڵی ئەو سەردەمەوە ببێ... ئەگەر هەشبێ زۆر دەگمەنەو رووناكی نەخراوەتە سەرو لە زۆربەی هەوارە كۆنەی شارستانی یە دێرینەكانی جیهاندا شوێنەواری گۆڕستانو پەرستگاو كۆشكی شاهانەو كتێبخانە دۆزراوەتەوە... بەڵام تاكو ئێستا رووی نەداوە شوێنەواری قوتابخانەیەكی منداڵان بدۆزێتەوەو تەنانەت منداڵێتی كەسانی وەكو

حەزرەتی سولەیمان‌و ئاشوو پانیپاڵ‌و نەرامسین‌و خۆفۆو شاژنە بەڵقیس‌و کیلۆپاتراو حەمورابی‌و گەلگامش‌و ئەنکیدۆو هۆمیرۆس‌و ئەفلاتوون‌و فەرجیل‌و سوقرات‌و یۆربیدس‌و هتد بە شێوەیەکی گشتی نادیارەو نەوەکو راستەقینەو نەوەکو ئەفسانە شتێکی ئەوتۆ لە بارەی قۆناخی منداڵێتییانەوە نەنووسراوەو تۆمار نەکراوە کەڵکی هەبێ... و ئەم بارودۆخەی نادیار بوونی منداڵێتی کەسایەتی یە راستەقینەو ئەفسانەیی یەکان بە شێوەیەکی گشتی‌و گرنگی نەدان‌و بایەخ نەدان بە منداڵ‌و بەهرەو ماف‌و ئەرکی منداڵ مایەی ورووژاندنی سەدان پرسیاری بێ وەڵامە... هەروەها خۆی لە خۆی دا کارەساتێکی گەورەیە لە کۆمەڵگایەکدا کە نزیکەی نیواو نیوی کەسەکانی منداڵن‌و ئەم جۆرە چەوساندنەوەیەی منداڵ تا سەردەمی قۆناخی پیشەسازی‌و کۆتایی هاتنی قۆناخەکە درێژەی کێشاوەو چۆن لە سەردەمی کۆیلەیەتیدا منداڵان لە شەڕی سەرکەوتوودا بە تاڵان دەبران‌و دەفرۆشران‌و منداڵێتییان لێ زەوت دەکرا... بەو جۆرە لە قۆناخی پیشەسازیشدا منداڵان ماف خوراو بوون‌و ئەرکی قورسیان بە سەردا سەپێندراوەو بۆ پەیدا کردنی بژێوی ژیان لە ناخۆشترین جێگادا دژوارترین ئیش‌و کاریان کردووەو بە بێ خواست‌و ویستی خۆیان وەکو کەسانێکی گەورە هەڵسوکەوتیان کردووەو قۆناخی منداڵێتییان لێ زەوتکراوە...

ئەم بارودۆخی ژیانە ناهەموارەی منداڵ گشتگیر بووەو تایبەت نەبووە بە ناوچەیەکەوەو رۆژ ئاواو رۆژ هەڵاتی گرتۆتەوەو تەنانەت وڵاتێکی



وەکو ئەڵەمانیا سەردەمێك لە سەردەمە تاریکەکان ساڵانە دەیان هەزار منداڵی خەسێنراوی بە ئیمبراتۆرییەتی عەباسی دەفرۆشت بۆ ئەوەی ئەو منداڵانە ببن بە کەنیزەك‌و کارەکەرو خزمەتکارو بەردەست‌و مەیگێڕو چی‌و چی ناشیاوی کەسانی دی لە دیوان‌و کۆشك‌و سەرای خەلیفە عەباسی یەکان‌و پیاوان‌و ژنانی دی دەسەڵاتداری ئەو ئیمبراتۆرییەتەی کە لەسەر کەللە سەری سەدان هەزار منداڵی چەوساوەو دیل فەرمانڕەوایی دەکرد... و خەساندنی منداڵانی بێ تاوانی بە شێوەیەکی فەرمی‌و بە بڕیارو فەرمانی شاهانە کرد بە کلتوورێکی هەرە دیاری خۆی‌و زۆر دڕندانە پەرەی بەو کلتوورە دەدا بە تایبەتی‌و بە گشتی لە ناو منداڵانی گەلانی لە شەڕدا تێکشکاودا... و لە ناو ئەو هەموو تەوژمە فەلسەفی‌و وێژەیی‌و ڕەوانبێژی‌و سەرکێشی‌و یاخی بوون‌و بگرەو بەردەیەدا دەوری منداڵ‌و بایەخدان بە منداڵ‌و نووسین لەسەر منداڵ نیەو هەشبێ شتێکی زۆر دەگمەنەو دەورو رۆڵی منداڵ هەر ئەوە بووە مەیگێڕی بارەگای دەسەڵاتداران بێ یاخود لێرەو لەوێ شاعیرێکی وەکو ئەبوو نەواس شیعری ئارەزووبازییان لەسەر بنووسێ... ئەگینا نە کەم‌و نە زۆر لەو سەردەمەدا مافی ژیانی منداڵ رەچاو نەکراوە... و لەم بۆچوون‌و لێکدانەوەو بەدواداچوونەدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە لە هیچ قۆناخێکی مێژووی ژیانی مرۆڤایەتی دا لە سەرەتای داهێنانی نووسینەوە تاوەکو سەدەکانی ئەم دوایی یە هیچ شاکارێکی نووسراو بۆ منداڵ‌و دەربارەی منداڵ لە هیچ بوارێکی دەروونی‌و وێژەیی‌و

هونەریو پەروەردەییو هتد نەهاتۆتە کایە... ئەمە لە کاتێکدا دەیان شاکاری وەکو ئۆدیسەو ئەلیازەو داستانی گەلگامشو سەدان سرووودی ئاینی دەبارەی خواوەندو پاڵەوانە ئەفسانەیی یەکانی میسری کۆنو بابلو نەینەواو ئوورو رۆماو ئەسینا لە هەموو سەردەمە کۆنو دێرینەکاندا نووسراوەو بووەتە کلتوورێکی پیرۆزو مرۆڤایەتیو شارستانیەتو ژیاری ئەمڕۆو داهاتوو شانازی پێوە دەکەن... و ململانێ ی جۆر بە جۆری لەسەر بەرپا دەکەن... هەر بۆ نموونە عێراق شانازی بەوەوە دەکات کە داستانی گەلگامش دەقێکی عیراقی یە... شایانی باسە دەقی لەم جۆرە دەربارەی منداڵ نیە... و ئەم حاڵەتەش بازنە داخراوەکانی پرسیار دەقرنجێنێتو ناچارمان دەکات راستەوخۆ بپرسین: بۆچی لەو جۆرە دەقەو هیچ جۆرە دەقێکی دی کە پەیوەست بێ بە ژیانی منداڵو ماڤی منداڵو منداڵیێتی یەوە نیە... ئایا نەبوونی دەقێکی لەو جۆرە ئەو ناگەیەنێ کە کۆمەڵگاکانی کۆنی مرۆڤایەتی بە پێ ی پێویست ئاوڕیان لە منداڵو منداڵێتی نەداوەتەوە... و ئەوەش روون ناکاتەوە کە بە شێوەیەکی گشتی هەمو ئەو کۆمەڵگایانە کێشەکانی منداڵی سەردەمی خۆیان بە هەند نەزانیوەو بەردەوام هەر خەریکی پەروەردەو مەشق پێکردنو راهێنانی لاوان بوون بۆ جەنگی داگیرکاریو زۆرانبازیو شەڕو کوشتارو راووشکارو لایەکی ئەوتۆیان لە منداڵو کێشەکانی منداڵ نەکردۆتەوە لەو قۆناخانەدا دیار بێو بوو بێت بە دیاردەیەکی ئەو



قۆناخانەو بە جۆرێك لە جۆرەکان کاریگەری هەبوو بێ لەسەر رەوتی پەروەردەییو رۆشنبیریو هزری منداڵانی ئەو سەردەمە...

بەڕای من هۆکاری سەرەکیی ئەو دیاردەیە ئەوە بووە کە ئەو کۆمەڵگایانە کۆمەڵگاگەلێکی شەڕانیو دڵڕەقو بێ بەزەیی بوونو لەبەر ئەوەی هەستو سۆزی ناسکیان خستۆتە سەر نووکی رمو شمشێرو ژێر سمی ئەسپەکانیانەوەو رەخساندنی بارودۆخی پەسەندو گونجاو بۆ رۆشنبیریی منداڵو بیرکردنەوە لە دابینکردنی مافەکانی منداڵ راستەوخۆ پێوەندی بە هەستو سۆزی ناسکەوە هەیە چونکە هەستو سۆزی ناسك واتای جوان بە ژیانمان دەبەخشێو تینو تاوو وزەو ورەی بەردەوامان دەداتێو هانمان دەدات بەسەر نوشوستییەکانمدا زاڵ بینو کشتەکی دۆستایەتیو هاریکاریو گیانی برایەتیمان لەلا بە هێز دەکاتو ئەرکی سەرشانی بەرپرسانی پەروەردەو خوێندنگە لە هەموو قۆناخەکانی تەمەنی منداڵی دا ئەوەیە هەستو سۆزی ناسك لە دڵو دەروونی منداڵاندا بچێنن... و پسپۆرانی نوێ ی پەروەردە ئەوەیان سەلماندووە کە ئەو منداڵەی هەستو سۆزی ناسك نیە منداڵێکی کەمتەرخەمو گۆشەگیرو دڵڕەقو شەڕەنگێزی لێ دەردەچێو... واتای راستەقینەی هاوڕێتیو خۆشەویستیو چاکەخوازی نازانێ... نووسەرو پسپۆری بواری منداڵی رووسی لیۆنید رێونشسکی لەگەڵ ئەوەدا نیە زیاد لە پێویست ناز بە منداڵ بدرێو بەر بۆ هەمو خواستەکانی بەرەڵا بکرێو لە نووسینێکی دا باسی ئەوە دەکات کە منداڵێك باوکی لێ ی تووڕە دەبێو دەست

دەکات بە گریانو دایکی بۆ ئەوەی ژیری بکاتەوە پێ ی گوت رۆڵەکەم – بینیاس – گیان ئەم باوکە پیسە چیە دەی تۆش لێیدەو بیهێنە گریان... بەوجۆرە منداڵەکە بە چەپۆك بە باوکی خۆی دا کێشاو باوکەکەش وای نواند کە دەگری... لیۆنید ریۆنشسکی دەڵێ ئەم جۆرە پەروەردەیە خەسڵەتی ناپەسەند لە دڵو دەروونی منداڵدا گۆش دەکاتو منداڵ دەبێ وا گەورە بکرێ رێزی کەسانی ناو خێزانەکەی بگرێو بە تەنگی هاوڕێکانی قۆناخگەلی خوێندنیەوە بێ.. و دڵسۆزیو بەزەیی بەرامبەر کەسانی لێقەوماوی ناو کۆمەڵگە هەبێو لەم بارەیەوە نموونە دێنێتەوەو دەڵێ (پاشچینکۆ) پیرەژنێکی نەخۆش بوو بە تەنها دەژیاو هەندێ لە منداڵانی گوندەکە لە کاروباری کێڵگەکەیدا یارمەتییان دەدا... و مامۆستاکەیان سوپاسو ستایشی کردنو گوتی دەستتان خۆش بێ ئەم پیرەژنە هەمو کوڕەکانی لە شەڕی بەرگری دا لە نیشتمان کوژراون... کە منداڵەکان بەمەیان زانی ئیتر رۆژانە زیاتر یارمەتییان دەداو لە کاروباری ماڵو کێڵگەدا هاریکاییان دەکرد... بەم جۆرە مامۆستا بو بە هاندەرێك بۆ ئەوەی منداڵە قوتابی یەکان زیاتر خێرخواز بنو زیاتر یارمەتی دایکە پاشچینکۆ بدەن...

جارێکیان منداڵێکی لاسار زۆر ئەشکەنجەی پشیلەیەکی داو باوکی منداڵەکە گوتی ئەگەر پشیلەکە گازێکت لێ بگرێ ژان دەکات... لە وەڵامدا منداڵەکە گوتی ئەرێ وەڵا ژان دەکاتو دەگریم... باوکەکە گوتی ئەم لێدانەی تۆش ژان بە پشیلەکە دەگەیەنێو دەیخاتە



گریان... ئیتر منداڵەکە پەشیمانی دەربڕیو بەزەیی بە پشیلەکەدا هاتەوەو لەو کاتە بەدواوە ئازاری پشیلەکەی نەدا... باوکەکە لێرەدا شێوازێکی پەروەردەیی جوانی بەکارهێناو لە منداڵەکەی تووڕە نەبوو... هەروەها نەیگوت واز لە پشیلەکە نەهێنی لێتدەدەمو وەها وەهات لێدەکەم... بەڵکو هاتو منداڵەکەی تێگەیاند کە پشیلەکەش وەکو خۆمان ئەشکەنجەی بدەی هەست بە ئازارو ژان دەکاتو بەم شێوەیەو لەم رێگەیەوە ژێ ی بەزەیی منداڵەکەی هەژاندو وای لێکرد ئیتر سزای پشیلەکە نەدات.

وەکو پسپۆرانی پەروەردە دەڵێن رێگای دیش زۆرە بۆ ئەوەی منداڵ بە جۆرێك گۆش بکرێ هەست ناسكو پڕ بەزەییو ورە بەرزو خاوەن هەڵوێستی جوان بێو یەکێك لەو رێگایانە ئەوەیە کە بواری خوێندنەوەی کتێبو گۆڤارو نامیلکەی منداڵانی بۆ بڕەخسێنرێو کاتیشی بۆ دابین بکرێ بۆ بینینی فلیمو شانۆگەری خێرخوازیو چاکەکاریو هاریکاری کۆمەڵایەتی.

شایانی باسە سەرکوتکردنو تانەو توانجو پلار گرتنە منداڵ لە لایەن کەسانی گەورەی ناو خێزانەوە دەبێتە هۆکاری بریندار کردنی کەسایەتی منداڵو ئەو منداڵەی بەو شێوەیە گۆشو گەورە دەبێ کاتێ دەبێ بە باوك یاخود بە دایك هەمان شێوازی پەروەردەی دایكو باوکی رەچاو دەکاتو منداڵگەلێك پەروەردە دەکات کە بۆ رۆژگاری خۆی ناشێتو پێچەوانەی ئەو پەروەردەیە دەردەچێت کە

کۆنفۆشیوس گوتوویەتی ئەویش ئەوەیە کە (منداڵانمان... منداڵی چاخی خۆمان نین منداڵی چاخی خۆیانن...).

شتێکی دیش هەیە ئەویش ئەوەیە گوێگرتن لە منداڵو وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی کەسی بەرامبەر لەلای منداڵ خۆشەویست دەکاتو منداڵ زۆر ڕێزی ئەو کەسە گەورانە دەگرێت کە وەڵامی پرسیارەکانی دەداتەوەو ئەو کەسە بە زاناو لێهاتوو دەزانێو حەز دەکات هاوڕێتی بکاتو سوودو بەهرەی لێ وەربگرێو بە پێچەوانەشەوە ئەو کەسانە بە گێلو گەوجو گەمژە دەزانێ کە گوێ ی لێ ناگرنو وەڵامی پرسیارەکانی نادەنەوە... و دایکو باوك دەتوانن شەوان لە کاتی پێشخەوتندا چیرۆکی جۆر بەجۆر بۆ منداڵەکانیان بگێڕنەوەو لەم ڕێگایەوە زانیارییەکانی منداڵەکانیان پەرە پێدەدەنو پێوەندی دۆستایەتیشیان لەگەڵدا توندو تۆڵ دەکەن...

هەروەها وەکو نووسەرو پەروەردەکاری ئەڵەمانیای دیموکراتی (ئەلێزابێس ماخ) ڕوونی دەکاتەوە پێویستە دایكو باوك منداڵان فێری ڕاستگۆییو دڵسۆزیو خۆشەویستی سروشتو جوانیو دادوەری بکەنو ئاشنای باخچەی ئاژەڵانو کتێبخانەیان بکەنو هۆگری وەرزشو مەلەوانیو گەشتو گوزاری شوێنە مێژووییەکانیان بکەنو دەبێ ئەوەشی لەلا دروستبکەنو بچەسپێنن کە نابێ لە جیهانێکی پڕ لە گورگو دڕندەدا ئەو بەرخۆڵەو کارژۆڵەو کار مامز بێ... لەبەر ئەوە پێویستە گیانو وزەی بەرگری تیادا بچێننو هەر ئەو گیانەشە کە گەلێ منداڵ والێدەکات بڕۆنە بوارەکانی پاڵەوانبازی یەوەو لە وەرزشی



مشتەکۆڵەدا خەڵاتی گەورە گەورە وەدەست بێنن... هەروەها لە پەروەردەی نوێدا ئەوە پەسەند نیە دایكو باوك بە منداڵ بڵێن دەبێ ببی بە پزیشك یاخود ئەندازیار هتد... بەڵکو دەبێ بواری منداڵ بدەن خۆیان لە قۆناخی لاوێتی دا پاشەڕۆژی خۆیان دیاری بکەنو بڕیار بدەن ببن بە چی... و لەم بارەیەوە نووسەرو پسپۆری پەروەردەی رووسی لێو لیڤشین دەڵێ: خێزانێك دەناسم بە زۆر کوڕەکەیان نارد بۆ کۆلێژی ئەندازیاری... بەڵام کوڕەکە نەیتوانی تەواوی بکاتو شکستی هانیو نامەیەکی ئاراستەی دایكو باوکی کردو تیادا ئەوەی روونکردەوە کە لە کۆلێژی ئەندازیاری دا شکستی هانیوەو هەوڵی ئەوە دەدات خۆی بۆ بوارێك ئامادە بکات کە لە توانایدا هەیە بە تەواوی تیادا سەر بکەوێ... هەر لەم بوارەدا باسی کچە قوتابی یەك دەکات کە حەز دەکات ئێواران لە کتێبخانەی گوندەکەیاندا لەگەڵ قوتابیانی هاوڕێ ی دا خەریکی ڕێکخستنو پاککردنەوەی کتێبی کتێبخانەکە بێو بە چاککردنەوەی بەرگو لاپەڕە دڕاوەکانی کتێبی کتێبخانەکە خزمەتی گوندەکەیان بکات بەڵام دایکی ڕێ ی نەدەداو نەیدەهێشت... بۆ چارەسەر کردنی ئەم گێچەڵە مامۆستای کچە قوتابی یەکە دایکی کچەکەی بانگهێشت کرد بۆ قوتابخانەو بردی بۆ کتێبخانەکەو بە چاوی خۆی منداڵە هاوڕێکانی کچەکەی خۆی بینی بە هەرەوزی خەریکی خزمەتکردنی کتێبخانەنو ئیتر پەشیمانی دەربڕیو بواری کچەکەی داو کچەکەش هەستی بەوە کرد کە ئازادی پێدراوەو بەو هۆیەوە زیاترو زیاتر دایکی خۆشویست... بەڵام ئەگەر دایکی ئەو بوارەی بۆ نەڕەخساندایە کچەکە ڕقی لە دایکی هەڵدەگرتو لە بری ئەوەی فێری خۆشەویستی ببێ... فێری

رقەبەرایەتی دەبوو... گەلێ رێگای دی هەیە بۆ ئەوەی منداڵ کارامەو رۆشنبیر بێ دایكو باوك لە پەروەردە کردنی منداڵدا رەچاوی بکەن... هەر بۆ نموونە ئەگەر شالا داوای بووکە شووشەیەکی کردو پارەیان نەبوو لەو کاتەدا بیکڕنو دایکی گوتی شالا گیان چوار رۆژی دی سەری مانگەو مووچە وەردەگرینو بۆت دەکڕین... بەڵام شالا هەر گریاو گوتی دەمەوێ ئێستا بڕۆین بۆ بازاڕ بیکڕین... لەو کاتەدا دایکی بچێ لە کتێبخانەکەیماڵەوە کتێبێکی منداڵان بۆ شالا بێنێو پێ ی بڵێ ئەم کتێبە چوار چیرۆکی خۆشی منداڵانی تیایەو هەر رۆژی چیرۆکێکیان بۆ خۆت بخوێنەرەوە کە چیرۆکەکانت خوێندەوە بووکە شووشەکەت بۆ دەکڕم... بڕوانە کچی خۆم تۆ ئەمڕۆ چیرۆکی یەکەمیان بخوێنەرەوە ئەوە سێ چیرۆکی دەمێنێو سبەینێ چیرۆکی دووەمیان بخوێنەرەوە... کە دووەمت خوێندەوە دوو چیرۆك دەمێنێ بیخوێنیتەوە... کە سێیەم چیرۆکت خوێندەوە یەك چیرۆك دەمێنێ بیخوێنیتەوە... واتا یەك رۆژی دەمێنێ مووچە وەربگرینو بووکە شووشەکەت بۆ بکڕینو کاتێ چیرۆکی چوارەم دەخوێنیتەوە... ئیتر مووچە وەردەگرینو دەچین بۆ بازاڕو بووکە شووشەکەت بۆ دەکڕین.. بەم شێوازە دایکەکە لە لایەکەوە کچەکەی فێری ئارام گرتن دەکاتو لە لایەکی دییەوە خولیای خوێندنەوەی لەلا دروستدەکات.

..............................

بۆ ئەم نووسینە سوود لە کتێبی

— مقالات في التربية الحديثة وەرگیراوە / کە نووسەری عیراقی عباس اللامي لە ئینگلیزی یەوە کردوویەتی بە عەرەبی.



## چی دەربارەی منداڵ نووسراوە و چی بۆ منداڵ بنووسین..!؟

سەیرترین دیاردەی ژیان لە لای من ئەوەیە کە مرۆڤ لە سەرەتادا بە گەورەیی هاتۆتە کایەو قۆناخی منداڵێتی نەبینیوەو بە گوێرەی دەقە پیرۆزە ئاینی یەکان خوای مەزن باوکە ئادەمی لە قوڕ دروستکردووە ئەنجا بۆ رەواندنەوەی تەنیایی ئادەم دایکە حەوای لە پەراسوی باوکە ئادەم ئەفراندووەو لە قورئانی پیرۆزیشدا ئەم رووداوە سەلێمندراوە... ئێمە ئەگەر لەم هاتنە کایەیەی مرۆڤ وردبینەوە بۆمان روونده‌بێتەوە کە باوکە گەورەو دایکە گەورەی مرۆڤایەتی بە قۆناخی منداڵێتی دا تێنەپەڕیونو هەردوکیان بە گەورەیی هاتوونەتە کایەو باوەشیان بە ژیاندا کردووە... و هیچ دەقێکی دی ئاسمانیو ئەفسانەیی نیەو نەدۆزراوەتەوە پێچەوانەی ئەم رووداوە بێتو باسی قۆناخەکانی کۆرپەییو منداڵێتیو گەورە بوونی باوکە ئادەمو دایکە حەوا بکات... لە روانگەی ئەم کلتوورەوە بۆ مرۆڤایەتی ماوەتەوە... من بە بێ دوو دڵی سوورم لەسەر ئەوەی کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە سەرەتای بوونو پێکهاتنیەوە هیچ جۆرە پێڕەوو بەرنامەو پرۆگرامێکی داڕێژراوی نەبوو تاوەکو سەدەکانی ئەم دوایی یە بۆ مسۆگەر کردنی مافی رەوای منداڵانو بە هیچ شێوەیەکیش نووسەرێك

هەڵنەکەوتووە بۆ منالێ یا دەربارەی منداڵ بنووسێو چەوساندنەوەی منداڵ لە لایەن کۆمەڵگاوە هەندێ جار گەیشتۆتە رادەی دڕندایەتی... هەر بۆ نموونە لە هەندێ سەردەمی وڵاتی چیندا کچان لە هەندێ بنەماڵەی شازادەدا هەر بە منداڵی پێڵاوێکی ئاسنیان لە پێ دەکراو قفڵ دەدرا بۆ ئەوەی پێ ی گەشە نەکاو لە گۆ بکەوێو نەتوانێ بە بێ یارمەتیدەرێکی دی لە خودی بنەماڵەکەی خۆیان ئەملاو ئەولاو سەرو خوارو هاتوچۆی ئێرەو ئەوێ بکاتو بە خواستی خۆی دوای دۆستو یارو گراوی خۆی بکەوێ... بەم جۆرە کچانی ئەو بنەماڵانە منداڵێتییان پێشێل دەکراو تەمەنی دوای منداڵێتیشیان بە کەنەفتیو کەلەلایی بەسەر دەبرد... بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێ دەقی زارەکیو ئەفسانەو چیرۆکی گوێئاگرداندا بە جۆرێك لە جۆرەکان جار بەجار بوونی منداڵ بەرجەستە دەبێو منداڵ دەبێ بە پاڵەوانو منداڵ ئەوەندە گرنگ دەبێ دایكو باوك خەمی گەورە بۆ ئەوە بخۆن کە منداڵیان نیە... بۆ پاڵپشتی ئەم قسانە لە چیرۆکی – کاڵای باڵای پاشا – دا کە چیرۆکێکی ئەفسانەیی یابانی یە عەلائەدین سەجادی بە کوردی دایڕشتۆتەوە... کەس ناوێرێ فێڵی بەرگ درووە جادو بازەکان ئاشکرا بکاتو لەپڕ منداڵێك هاوار دەکات پاشا رووتەو هیچی لەبەردا نیە...

هەروەها لە هەندێ چیرۆکی گوێئاگردانی بیانیو کوردیشدا پیاوان خۆیان دەخەنە مەترسی یەوەو دەڕۆن بۆ شەڕی ئەو دێوو درنجانەی کە بە جادو بازی منداڵی ئەو پیاوانە دەکوژن... یاخود سەرنگوونیان



دەکەن... لە هەندێ ئەفسانەشدا منداڵی کۆرپەی ناو بێشکە دێتە زمانو ئەو راستی یانە روون دەکاتەوە کە لەلای خەڵکی دی شاراوەیە... و لە گەلێ ئەفسانەو چیرۆکی خۆماڵیشدا منداڵێکی شازادە لەگەڵ لە دایکبوونی دا باوکی یا مامی لە دایکی دەیشارێتەوەو دەیدا بە شوانێك بۆ ئەوەی بیبات بۆ ئەو دەشتەو بیکوژێ... بەڵام شوانەکە پیاو چاك دەبێو لە جەنگەڵێدا دەیشارێتەوەو بە شیری مەڕ گەورەی دەکاتو لە دوایی دا مناڵەکە دەبێ بە پادشاو پاداشتی چاکەی شوانەکە دەداتەوە... بەڵام لە هەندێ چیرۆکدا منداڵ بە نابووتیو دڕندەیی دەخرێتە بەرچاوو من چیرۆکێکی گوێئاگردانی کوردەواریم لە یادە کە منداڵ بووم پیرەژنێکی گەڕەکەکەمان بۆی گێڕامەوەو لە چیرۆکەکەدا منداڵێك لەگەڵ لە دایکبوونی دل سیو دوو ددانی ئاسنین لە دەمی دا دەڕۆیو شەوی یەکەم مانگاکەی دایکی دەخواتو شەوی دووەم بەرخو مەڕەکانی باوکی دەخواتو ئیتر بەو جۆرە دەگاتە رادەیەکی دڕندایەتی ئەوتۆ کە مڕ خۆش دەکات خوشكو براو دایكو باوکی خۆی بخواتو ئیتر هەموویان لێ ی دەترسنو بە شەوان لە ترسی ئەو نانوون نەوەك لووشیان بکات... هتد.

چیرۆکێکی کەشم لە یادە کە پیرەژنی گەڕەکەکەمان لە شاری کفری بە منداڵی بۆی گێڕامەتەوەو لە چیرۆکەکەدا گەورە منداڵ بۆ بەرژەوەندی خۆی فریو دەداتو دوای سەرکەوتنی کارەکەی فێڵ لە منداڵەکە دەکاتو بە گورگی مەرگی دەسپێرێو کورتەی چیرۆکەکەش

ئەوەیە جادو بازێك لە بیابانێكدا چیایەكی ئاڵتوون دەدۆزێتەوەو ئەو دێوەی كە فێری جادووی كردووە پێ ی دەڵێ تەنها منداڵ دەتوانێ ئاڵتوون لەو شاخە بكاتەوەو هەر گەورەیەك بەو شاخەدا سەر بكەوێو دەست بۆ ئاڵتوونی شاخەكە بەرێ یەكسەر دەبێ بە بەردو ئیتر جادو بازەكە منداڵێك دەخەڵەتێنێو دەینێرێتە سەر شاخەكەو كۆمەڵێ بەردی ئاڵتوونی لە شاخەكەوە بۆ هەڵدەداتە خوارەوەو ئیتر جادوو بازەكە دوای كۆكردنەوەی بەردە ئاڵتوونەكان دەڕواتو منداڵەكە لە دواییشدا قەلو داڵ جەستە بچكۆلەكەی بە دەنووك دەخۆنو ئەم كارە هەموو ڕۆژێ دووبارە دەبێتەوەو جادوو بازەكە هەمو ڕۆژێك بەو جۆرەی ڕۆژی یەكەم منداڵێك فریو دەداتو لە دواییدا منداڵەكە لەسەر چیاكە قەل داڵ دەیخوات... لە ئەفسانەی (كەرەكەی دەجاڵ)یشدا دەوری منداڵ ئاشوو بگێڕی یەو هەمو شەوێ كوڕە بچكۆلانەكەی دەجاڵ بە هەڵپەو سەرگەرمیو خۆشیخۆشییەوە بە باوكی دەڵێ باوكە گیان كەی دەكەوینە ڕێ... واتا كەی دەڕۆن بۆ فریودانی خەڵكو هاندانیان بۆ ئەنجامدانی ئاژاوەو ناپاكیو غەلو غەشو فرتو فێڵو خراپەكاری... باوكیشی هەموو شەوێ لە وەڵامی پرسیاری كوڕە بچكۆلانەكەیدا دەڵێ: كورتانو جلی كەرەكە تەواو بووە سبەینێ زوو لە خەو هەڵمسێنە دەكەوینەڕێ... بەڵام سبەینێ كە دەجاڵی باوكی لە خەو هەڵدەستێنێ دەڕوانن مێروولە كورتانو جلی كەرەكەی هەڵوەشاندۆتەوەو ئیتر هەتاكو ئێستاش بە گوێرەی ئەم ئەفسانە



كوردی یە پرسیاری كوڕە منداڵەكەی دەجاڵو وەڵامی باوكیو هەڵوەشاندنەوەی كورتانو جلی كەرەكە هەر بەردەوامە...

لە كلاوڕۆژنەی ئەم نموونانەوە بە بێ سڵو كۆ كردن دەڵێم منداڵ لە كۆمەڵگاكانی پێش مێژوودا یا پشتگوێ خراوەو دەورو ڕۆڵی نیەو نادیارو ونە یاخود ڕۆڵی خراپەكاری دراوەتێ یا ڕۆڵێك سەرانسەر كوێرەوەریو چەوسانەوەو زەوتكردنی مافو خواستەكانی منداڵێتییەتی... ئەم بارودۆخەی منداڵیش كە لە هەموو چاخە كۆنەكاندا ڕەنگی داوەتەوە تاوەكو نزیكەی كۆتایی یەكانی سەدەی نۆزدە... پەڵەیەكی تاریكە بە پەنجەرەی ئەو چاخو سەدانەوەو گەورەكانی ئەو سەردەمانە بەرپرسن لێ ی... بە تایبەتی لەو بارەیەوە كە هیچ شتێكیان نەنووسیوە بۆ ئەوە بشێ منداڵان بیخوێننەوە...

## چۆن و چی بۆ منداڵ بنووسین..؟!

ئەگەر بمانەوێ بۆ منداڵ بنووسین دەبێ ئەوەمان لە بیر بێ کە لە ڕێگایەكو لە شێوازێك زیاتر هەیەو تاسەو چەژی منداڵ بۆ ئەو بابەتەی کە دەیخوێنێتەوە جیاوازەو منداڵیش هەر وەکو گەورە حەز لە بابەتێك دەکاتو حەز لە بابەتێکی دی ناکاتو دەبێ نووسەری منداڵ بزانێ منداڵ بە گشتی حەزیان لە چ جۆرە دەقێكو چ جۆرە شێوازێکە... و ئێمە دەکەوینە هەڵەو تەڵەوە ئەگەر وا بزانین منداڵان هەر حەزیان لەو بابەتە چیرۆكو دیرۆكو شیعرانەیە کە باسی دۆزینەوەی گەنجینەیەك دەکات کە دێوو درنجو ئەژدەرهەنگ بە شیمشێری حەوت دەمی ئاگرین پاسەوانی لێدەکەن... هەروەها ڕاستی ناپێکین ئەگەر وا بزانین منالاّن هەر حەزیان لە بابەتی ئاسانو ڕوونە وەکو ئەوەی بڵێین هەبوو نەبوو چۆلەکەیەك لەسەر لقی درەختێك هێلانەی کردبوو... زستان هاتو رەشەبا هێلانەکەی رووخاندو خەریك بوو لە سەرماندا بمرێو شالاو خێلاّن کە دوو خوشکی قوتابی بوون چاویان پێکەوتو بردیانەوە بۆ ماڵەوەو بە تەختە دار هێلانەیەکی جوانیان بۆ دروستکرد... نا وا نیە منداڵان تەنها حەزیان لەم بابەتە ئاسانە نیەو بەڵکو حەز لە چیرۆکی گەشتی ناو ئەستێرەکانو قووڵایی دەریاکانو ناو جەرگەی بیابانو تۆنێلی ناو ریچکە چیاو تەقینەوەی گڕکانو بوومە لەرزەو شەڕو جەنگی دێوە



زمەو قولەیبانیو نەڕە دێوو چیرۆکی ژیانی گەلانی دێرینو داهێنانە گرنگەکانی مرۆڤایەتیو ژیاننامەی ناودارانو تەنانەت حەز لە نوکتەش دەکەن بەڵام دەبێ ئاگادار بین وەکو چۆن شیعرو چیرۆکی بۆ منداڵ نووسراو جیایە لە هی گەورە... بەو جۆرە نوکتەی بۆ منداڵ دروستکراوو نووسراو جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو نوکتانەدا کە بۆ گەورەی دروستدەکەینو دەینووسین.

هەندێ نووسەر وا دەزانن هەر شیعرێك یا هەر چیرۆکێك باسی منداڵێك بکات ئیتر ئەو دەقە بۆ منداڵ دەشێ بەڵام ئەمە هەڵەیەکی گەورەیەو ئەگەر سەرنج بدەین گەلێ شیعرو چیرۆكو تابلۆی ناوداری جیهانی لە بارەی منداڵەوە دەدوێنو هەندێ لە پاڵەوانەکانیان منداڵنو کەچی هیچیان لە ناوەڕۆکدا بابەتی منداڵ نین... بەڵکو بابەتی گەورەنو گەلێ هزرو بیرۆکەی فەلسەفەییان خستۆتە ڕوو کە لە هەستو بیری منداڵەوە زۆر دوورن.

دەبێ ئەوەشمان لە بیر بێ کە هەندێ منداڵ حەز لە بابەتی زانستی دەکەنو پێیان خۆشە ژیانی (یۆری گاگارین)و (ڤالانتینا تریشکۆڤا)و (ئارمسترۆنگ)و (ماجەلان)و (کۆلۆمبس)و هتد بە شێوەی چیرۆكو شیعرو رۆمانو سیناریۆو شانۆنامە بخوێننەوە... شایانی باسە هەندێ خانەی ڕۆشنبیری منداڵانی جیهان ژیاننامەی نووسەرانو زانایانو هونەرمەندانو ناودارانو پێغەمبەرانو پیاو چاکانو فەیلەسووفانی جیهانیان بە شێوەی شیعرو چیرۆكو ڕۆمان بۆ منالاّن نووسیوەتەوەو لەم ڕێگایەوە بە ئاسانی زانیارییەکی زۆریان بۆ منداڵان دابین

کردووەو ئێمەش دەتوانین لەسەر هەمان شێوازی ئەوان دەزگایەکی چاپو پەخشی بەرهەمی منداڵان دامەزرێنین‌و ژیاننامەی ناودارانی نەتەوەکەمان بە شیعرو چیرۆك‌و رۆمان‌و سیناریۆو شانۆنامە بۆ منداڵانی کورد بەرجەستە بکەین‌و بەم کارەش کورتەی مێژووی پڕ لە سەرکەوتن‌و نوشوستی نەتەوەکەمان بە منداڵانی کورد رادەگەیەنین‌و هەر لە تەمەنی منداڵی یەوە هەزاران پرسیاریان دەربارەی چاکە خوازی‌و بەد کرداری‌و ئازادی‌و دیلێتی‌و سەرکەوتن‌و نوشوستی‌و چی‌و چی دی بۆ قوت بکەینەوەو بەمەش مەودای هەست‌و بیر کردنەوەو رامان‌و سەرنجیان دەربارەی ژیان قووڵترو چڕتر دەبێ... کاتێ بۆ منداڵ دەنووسین مەرجی بنەڕەتی ئەو نووسینە ئەوەیە کە بیر لەوە بکەینەوە خۆمان بە منداڵی حەزمان لە چ جۆرە شیعرو چیرۆکێکی منداڵان بوو... هەروەها زۆر گرنگە کە ئەوەشمان لەلا یەکالا بێتەوە کە ئایا بۆ منداڵ دەنووسین یاخود دەربارەی منداڵ دەنووسین... چونکە نووسین بۆ منداڵ‌و نووسین دەربارەی منداڵ دوو بابەتی زۆر زۆر جیاوازن‌و لە هیچ شتێکدا یەك ناگرنەوە...
دیستۆیفسکی دەڵێ: لەوانەیە بەهێزترین یادەوەری ئێمە یادەوەری منداڵێتیمان بێ... لە روانگەی ئەم گوتەزایەوە دەتوانین ئەوەندە پەیوەست‌و بەیدەستی یادەوەرییەکانی منداڵێتیمان بین بە جۆرێك لە جۆرەکان منداڵ ببینەوە ئەوسا دەتوانین دەقگەلێك بنووسین سەرنجی منداڵ رابکێشێ‌و هەروەکو مایز دووبل دەڵێ کتێبی باشی منداڵان کارێکی وا دەکات ئەزموونی ئاڵۆزو گرێچن‌و تەمومژاوی روون‌و



رەوان‌و ئاسان بێتە بەرچاو... جێ ی خۆیەتی ئەوەش بڵێین کە هەندێ منداڵ هەن بە خوورپسك حەزیان لە خوێندنەوەی هەموو بابەتێکە تەنانەت خوێندنەوەی ناونیشانی بازاڕو شەقام‌و کۆگاو سۆپەر مارکێت‌و نووسینی سەر دیوارو نووسراوی سەر کەرەستەی ناو ماڵ‌و بەو جۆرە زانیاری خۆیان پەرە پێدەدەن‌و فێری وشەی زیاتر دەبن... و پێویستە ئەوەمان لە لا روون بێ کە گەلێ منداڵ بە شێوەیەك لە شێوەکان ژیرو رۆشنبیرن‌و هەستی رەخنەییان بە هێزە... لەبەر ئەوە دەبێ کاتێك چیرۆکێك بۆ منداڵ دەنووسین بایەخی ورد بەو شوێنە بدەین کە رووداوی ناو چیرۆکەکەی تیادا روودەدات‌و ئەگەر شوێنەکە ناو دارستان بوو باشتر وایە نەختێ بە چڕی باسی دارستانەکەو جۆری درەخت‌و کەش‌و هەوای دارستانەکەو باڵدارو ئاژەڵی ناو دارستانەکە بکەین... بەڵام نابێ لە سنووری ئەو دارستانە دوور کەوینەوەو باسی خەسڵەتی دارستانێکی دی بکەین چونکە بەم بازدانە منداڵ لە شوێنی رووداوی چیرۆکەکە دادەبڕین‌و سەرگەردانی دەکەین... ئیتر ئەگەر رووداوی ناو چیرۆکەکە لە شوێنگەلی وەکو چیاو دەریاو بیابان‌و ئاسمان‌و ناو مانگ‌و ئەستێرەو کەشتی ئاسمانی بوو دەبێ رەچاوی خەسڵەت‌و سنووری شوێنەکان بکەین‌و بەیدەستی ئەو خاڵانە بین کە لە باسی دارستاندا ئاماژەم بۆ کردن‌و لە جوگرافیای خودی ئەو شوێنانەوە باز نەدەین بۆ شوێنگەلێکی دی هاوشێوەی ئەو شوێنە. خۆ ئەگەر جێگای رووداوی چیرۆکەکە گوندێکی دیاریکراو بوو پێویستە باسی شێوەی جوگرافیای

گوندەکەو جێگای گوندەکەو جۆری خانۆکانیو ژمارەی منداڵانیو جۆری باڵندەو ئاژەڵی ناو گوندەکە بە چڕی بکەین... و هەموو خەسڵەتێکی دێ لەو گوندەدا دەستەبەر بکەین... و هیچ دیاردەیەك لە دیاردەکانی شار نەهێنینە ناو گوندەکەوە بۆ ئەوەی منداڵ وا هەست نەکات ئێمە جیاوازی یە سەرەکیو بنەڕەتییەکانی نێوان شارو دێ نازانین.... جگە لەوەش ئەوەی بۆ منداڵ دەنووسێ نابێ زۆر خۆی سەرقاڵ بکات بە هەندێ وردەکارییەوە... هەر بۆ نموونە: ئەگەر باسی ئەوەی کرد رەشەبا قامیشی گوێسەبانەکەی شکان هەر ئەوەندە بەسە بڵێ لە گوندا سەری خانوو بە دارو قامیشو حەسیرو پووشو پەڵاش دارە ڕا دەکرێ... و ئەو بەشە دارو قامیشەی لە دیواری سەربانەوە سنگی هێناوەتە دەرێ پێ ی دەڵێن گوێسەبانە ئیتر باسی ئەوە نەکات کە جاران لە شارەکانیشدا زۆربەی ماڵو خانۆکان لەو جۆرە بوون... یا باسی ئەوە نەکات کە دارو حەسیرو قامیشی سەربانیان لە کوێوە هێناوەو چۆن هێناویانە... چونکە ئەوە زیادەڕەویەو منداڵ قەڵسو بێزار دەکات لە بابەتەکە... و هەروەها منداڵ والێدەکات ئارەزووی خوێندنەوەی یا کەمبێتەوە یا هەر نەمێنێو ئەمەش کاردانەوەیەکی باشی نابێ لەسەر گەشە کردنی هزرو بیری منداڵ... هەر وەکو نووسەری ناسراو جۆن ئیکن دەڵێ: منداڵ دەبێ لە تەمەنی شەش حەوت ساڵی یەوە تاوەکو گەورە دەبێ شەشسەد کتێب بخوێنێتەوە... جا من دەپرسم لە وڵاتی ئێمەدا کام بنەماڵەو خانوادە هەلی لەم جۆرە بۆ منداڵەکانیان دابین دەکەن...؟



وەڵامی ئەم پرسیارە رەمەکییانەو سەرپێیانە نادرێتەوەو پێویستی بە لێکۆڵینەوەو بەسەرکردنەوەی مەیدانی هەیەو هەرچۆنێ بێ جارێکیان بەڕێز فەوزی یە مەنمی وۆرك شۆپێکی بۆ شیعرو چیرۆکی منداڵان کردبۆوەو بۆم رەخسا لەو وۆرك شۆپەدا ئەم پرسیارەی کردم ئاراستەی نزیکەی حەفتا هەشتا منداڵێك بکەم کە لە وۆرك شۆپەکەدا لە کتێبخانەی گشتی سلێمانی ئامادە بوونو لە وەڵامدا دوو منداڵی چواردە پازدە ساڵان گوتیان بەڵێ ئێمە شەشسەد کتێبمان خوێندۆتەوە... بەڵام ئەمە رێژەیەکی زۆر کەمە لەناو حەفتا هەشتا منداڵدا کە حەز لە خوێندنەوەو نووسینی شیعرو چیرۆکی منداڵان بکەنو من زۆر دڵنیام کەسانی گەورە هەن کە چەند کتێبێکیان لە بواری وێژەی منالدا چاپ کردووەو نەك شەشسەد کتێب بەڵکو دەتوانم بڵێم شەست کتێبیشیان لە هەمو تەمەنیاندا سەرانسەر نەخوێندۆتەوە... لەبەر ئەوە نازانن چۆنو چی بۆ منداڵ بنووسنو هەندێکیان وا دەزانن هەر بابەتێك بە شێوازێکی روونو رەوان بنووسرێ ئیتر منداڵ حەزی لێ دەکاتو بەو شێوەیە جاری وا هەیە شیعرێك یا چیرۆکێك دەنووسێ کە زۆر دوورە لە جیهانی منداڵەوە بەڵام چونکە روونو رەوانی بە فۆرمو ناوەڕۆکی بابەتەکەوە دیارە ئیتر بە بێ سێو دوو لێکردن لێ ی دەنووسێ شیعر بۆ منداڵ یاخود چیرۆك بۆ منداڵ... ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە کە زۆربەی ئەو کەسانە دووبارەی دەکەنەوە کە دەیانەوێ بۆ منداڵ بنووسن... شیعرو چیرۆکی بۆ منداڵ نووسراو پێویستی بە هەستی تایبەتی خۆی

هەیە... هەستێکی دوور لە هەستی رۆشنبیری‌و مێژوویی گشتی‌و گەشەکردنیشی بەستراوو گرێدراو نیە بە هەل‌و مەرجی رۆشنبیری گشتی یەوەو هەر وەکو چۆن منالێ بوونی ئاشکراو شاراوەی خۆی لە دەرەوەی یاساو رێساو هەل‌و مەرجی هەستی ئێمەدا دروست دەکات... بەو جۆرە شیعرو چیرۆکی منالێش بەو پێیەی کە بە شێکی دەربڕە لە بونیادی دەربڕینەکانی... دەبێ بە تەواوی جیاواز بێ لەو شیعرانەی کە لە سەریراهاتووین بۆ گەورە بینووسین... ئەم جیاوازییەش شێوەو ناوەڕۆك‌و رەوانبێژی‌و وێنەکاری دەگرێتەوە بە تایبەتی لە شیعری بۆ منداڵ نووسراودا... و جێ ی خۆیەتی بە بێ دوو دڵی ئەوە بخەمە ڕوو لەو بەرهەمانەدا کە بۆ منداڵی دەنووسین بە گشتی‌و شیعر بە تایبەتی جێگای خودی نووسەر نابێتەوەو پێویستە ئاراستەی ئەوی دی بکرێ کە منداڵە... و شیعرو چیرۆکی بۆ منداڵ نووسراو دەبێ بە جۆرێك بنووسرێ سەرنجی منداڵ راکێشێ‌و ئەگەر وا نەبێ منداڵ لێ ی دوور دەکەوێتەوەو دوور کەوتنەوەی منداڵیش لە خوێندنەوە دەبێتە هۆکاری خەیاڵ کزی‌و منداڵی خەیاڵ کزیش واتا منداڵێك نەتوانێ شانبەشانی جیهانی بینراو جیهانێکی دی لە خەیاڵ بۆ خۆی دروست بکات... ئەو منداڵە ناتوانێ بە پێ ی پێویست ژیرو ژیکەڵەو چوست‌و وریا بێ... و دەبێ ئەوەش بڵێم ئەگەر بە لای — جان بیاجیە — وە تەمەنی حەوت ساڵی گونجاوترین تەمەن بێ بۆ دەستپێکردنی خوێندنی فەرمی منداڵ... ئەوا بە دڵنیایی یەوە هەمان تەمەن گونجاوترین تەمەنە بۆ ئەوەی منداڵ رابێنین بۆ خوێندنەوەی



ئەو بابەتانەی کە بۆ ئەوی دەنووسین... و هەر تەمەنێك‌و بابەتی خۆی هەیەو ئەو بابەتەی بۆ منداڵێکی حەوت ساڵ دەنووسرێ جیایە لەو بابەتانەی بۆ منداڵی دە ساڵ‌و پازدە ساڵ دەنووسرێ‌و وەکو چۆن راوی چۆلەکەو پۆڕو کەو جیایە لە راوی ماسی‌و ئاسك‌و رێوی هەر بەو جۆرەش نووسین بۆ قۆناخەکانی تەمەنی منداڵ جیاوازو هەمە جۆرن‌و.. کە منداڵ هۆگری خوێندنەوەی ئەو شیعرو چیرۆکانە دەبێ کە بۆ خۆی نووسراوە هەست بە ژیانێکی نوێ‌و بانگەوازێکی نوێ دەکات‌و لە زمانی رۆژانە یاخی دەبێت‌و هەست بە یاخی بوونێك دەکات لە ناخی خۆی دا لە ژیانێك‌و جیهانێك کە کۆن بوون‌و ژیانێك‌و جیهانێکی نوێ بۆ خۆی دروست دەکات. شایانی باسە ئەبێ هەوڵی تەواو بدرێ ئەو کتێبەی کە بۆ منداڵ دەنووسرێ‌و چاپ دەکرێ بڕای بڕ هەڵەی چاپی تیادا نەبێ چونکە بوونی هەڵەی چاپ منداڵ لە بابەتەکە بێزار دەکات‌و لە ئەنجامیشدا لە خوێندنەوەی دوور دەخاتەوە... دەبێ ئەوەش بێنمەوە یاد رووداوە جۆر بەجۆرەکانی سەردەمی منداڵێتی نووسەر کاریگەری زۆری هەیە لەسەر ئەو بابەتانەی کە بۆ منداڵی دەنووسێ‌و ئەو کاریگەرییەش لە رێگەی نووسینەکەوە دەگاتە کەسانی دی.... لەبەر ئەوە ئەو نووسەرەی کە بۆ منداڵ دەنووسێ دەبێ خۆی دوور بخاتەوە لەو بابەتە نووسینەی کە خۆی رەنگی تیادا بداتەوە... و لە سەدا سەد بێلایەن بێ‌و هەوڵنەدات لە هیچ بابەتێکدا کە بۆ منداڵی دەنووسێ لایەنگری چەمکێك لە چەمکەکانی شیعرەکە یاخود چیرۆکەکە بێ... (بۆیە

باسی رۆمان ناکەم چونکە تاکو ئێستا ئەوەندەی ئاگادار بم رۆمان بۆ منداڵ بە کوردی نەنووسراوە).

منداڵی سەرکەوتوو لە ژیاندا ئەو منداڵانەن کە ئارەزوومەندی ئەدەبو هونەرنو تەماشای فلیم دەکەنو گوێ لە مۆسیقا دەگرنو سەردانی پێشانگای شێوەکاری دەکەنو لەگەڵ ئەم ئارەزوویانەیاندا فێری هاوڕێیەتیو دڵسۆزیو راستگۆییو خۆشەویستی نیشتمانو ئازادیو جوانی دەبن... هەر بۆ نموونە منداڵێك کە چیرۆکی ژیانی پاڵەوانێکی چاکەخواز دەخوێنێتەوە حەز دەکات ئەمیش چاکە خواز بێو کاتێکیش ژیاننامەی سەندەریلا دەخوێنێتەوە حەز دەکات لە هەموو کردارە جوانەکاندا لاسایی ئەو بکاتەوە... لەبەر ئەوە پێویستە ئەو بابەتەی کە بۆ منداڵ دەنووسرێ باسی لایەنە جوانەکانی ژیانو کەسایەتی یە جوامێرو چەلەنگو چاکە خوازەکان بکاتو نابێ بابەتی وای بۆ بنووسرێ فێری هەڵسوکەوتی دڵڕەقانەو بێ بەزەییانەی بکاتو وای لێ بێ هاوڕێکانی لێ ی دوور بکەونەوەو بە تەنیا بمێنێتەوە... دەبێ ئەوەشمان لە یاد نەچێ کە گەورەترین تاوان دژی منداڵان بکرێ ئەوەیە کە نووسەرێك بە خواستی خۆی کتێبێك بنووسێ بۆ منداڵان بەو شێوەو ناوەڕۆکەی کە خۆی دەیەوێ... ئەم کارە وەکو ئەوە وایە خۆراکێکی ئێکسپایەر بە منداڵ بدەین... یاخود پێڵاوێکی دڕاوی لە پێ بکەین کە تەپو تۆزو باراناوی تێبچ.... لە کۆتایی دا دەڵێم دەبێ ئەو نووسینانەی کە بۆ منداڵ دەینووسین خەندە بخاتە سەر لێوی



هەر وەکو (روبارد کبلنگ) دەڵێ جوانترین دیمەن لە ژێر ئاسماندا دیمەنی منداڵێکە کە پێدەکەنێ.

.........................................................

بۆ ئەم نووسینە سوودم وەرگرتووە لە:

١- ٥٠ قصيدة للاطفال / فاروق يوسف.

٢- جان بياجية / التطور العقلي لدى الطفل / ت - سمير علي.

٣- تيد هيوز / صناعة الشعر / ت - مي مظفر.

٤- الانهار الضائعة / ت - انطوانيت القس.

٥- الكتاب في الالفية الثالثة / محمد عدنان سالم.

٦- الرواية وصنعة كتابة الرواية / ت - سامي محمد.

٧- مقالات في التربية الحديثة / ت - خضير عباس اللامي.

٨- چۆن بۆ منداڵ دەنووسی / جون ايكن / ت - كاظم سعد الدين.

٩- بیرەوەری یەکانی منداڵێتی خۆم.

١٠- بۆچوونو بیروڕای تایبەتی خۆم.

١١- کلتووری پیرۆزی ئایینیو میللی کوردو جیهان.

# سەرەتاكانی چیرۆكی منالْ و
# توێژینەوەیەك دەربارەی خەسڵەتو جۆرەكانی چیرۆكی منالْ

## سەرەتایەكی پێویست:-

گەلێ كەس وا دەزانن نوسین بۆ منالْ زۆر ئاسانەو هەر قەڵەمت گرتە دەستەوە ئیتر بابەتت بەسەردا دەبارێو كانگای زێڕی داهێنان دەدۆزیتەوە.. بەڵام ئەمە بیرو بۆچوونێكی هەڵەیەو نووسین بۆ منالْ كارێكی رۆشنبیری ئاسان نیەو پێویستی بە ئەزموونی زۆرو زەمینەی لەبارو خەیاڵی فراوان هەیە.. و نووسەری چیرۆكی منالْ هەمیشە پێویستی بەوە هەیە نەك هەر جیهانە ونبوەكانی سەردەمی منداڵێتی بدۆزێتەوەو بەس... بەڵكو دەبێ منداڵ ببێتەوەو ببێ بە منالێكی وەها سەرسام بە دووچاوی پڕ لەسەر سوڕمانو رامانەوە بڕوانێتە جیهانی رووبارو دارستانو چیاو باخچەی منالانو فێرگەو ئاسمانو مانگو ئەستێرەو هەورو بارانو هەموو شتەكانی دەوروبەری خۆیو لە روانگەی منداڵێتی خۆیەوە چیرۆك بۆ منالان بنووسێ... شایانی باسە لە چیرۆكی منالْدا دەبێ پاڵەوانو كەسایەتی چیرۆكەكە یەك دەوری بدرێتێ یا چاكەخوازی یاخود بەدكاریو نابێ پاڵەوانی چیرۆكی منداڵ چاكە خوازبێو لە هەمان كاتیشدا بەدكاربێو ئەم دوو روویەو



دووفاقییە بەدگومانی لەلای منالْ دروست دەكاتو باوەڕی بە كەسایەتی چیرۆكەكە لەق دەبێو تووشی دڵەراوكێی دەكات... هەروەها ئەگەر نووسەری چیرۆكی منالْ ویستی لە چیرۆكەكەدا هەندێ دیمەنی پێكەنیناویو گاڵتەوگەپ بەرجەستە بكات دەبێ ئەوە بزانێ جیهانی گەورەو منالْ جیاوازنو شێوازی نووسین بۆ گەورەو منالْ دوو جۆری جیاوازنو دەبێ وای بەرجەستەتە بكات سەرنجی منالْ بۆلای دیمەنەكە رابكێشێ وەكو ئەوەی لە دیمەنێكدا یەكێك قووتوویەك بۆیەی سپی دەكات بەسەرو چاوی شارلی شاپلن دا یاوەكو ئەوەی كە لە چیرۆكێكی ئیزۆپ دا هاتووە بۆقێك دەیەوێ لە زەبەلاحیدا لاسایی مانگا بكاتەوەو هەر فوو لەخۆی دەكاتو فوو لەخۆی دەكاتو لەپڕ وەكو میزڵدانو بفیلك دەتەقێو لەتوپەت دەبێ...

د. نوری جعفر- وژنە نووسەری منالان (كاسلین بترتوون)و پسپۆری دەروونی منالانو پەروەردەی منالان (بیاجیە)و چەند پسپۆرێكی دی لەو بوارەدا چیرۆكی بۆ منالان نووسراو بەگوێرەی تەمەن جیا دەكەنەوەو دەڵێن ئەم جۆرە چیرۆكە بۆ منالانی تەمەن (پێنج- هەشت) ساڵو ئەو جۆرە چیرۆكەیش بۆ منالی تەمەن (٩-١٢)و ئەو جۆرەی دی بۆ منالی تەمەن (١٣-١٥-١٦)و هتد.

بەرای من وەكو كەسیك بە منداڵی هۆگرێكی پلەیەكی چیرۆكی گوێئاگردانو دیرۆكەكانی گوڵستانو بوستانی سەعدی شیرازیو بەسەرهاتەكانی ناو كتێبی- منطق الطیر-ی فەریدەدینی عەتارو

چیرۆكو دیرۆكو بەسەرهاتو رووداوەكانی ناو كتێبی — الف لیلة ولیلة—و سەرگوشتەكانی مەلای مەزبوورەو ئەحەی كوڕنو بووم... لە روانگەی ئەزموونی دەوڵەمەندو ئێستای خۆمەوە— بیاجیە—و هاوبیرەكانی بەهەڵەداچوونو منالآن لە هەموو تمەنێكدا حەزیان لە هەموو جۆرە چیرۆكێكی خەیاڵیو ریالیستو زانستیو خەیاڵی زانسیو ئەفسانەییو جادوییو پاڵەوانبازیو سەرچڵیو سەركێشیو خێرخوازییە...و من خۆم بەپازدە شازدە ساڵیش گوێم لەو چیرۆكە هەمە چەشنانە گرتووەو چەژم لێیان وەرگرتووە كە بە شەش حەوت ساڵیو دە دوازدە ساڵی پووره رەعنای سەیزادەو باجی كافیەو میمكە عەتیەی دایكی دادە بەهیە بۆیان دەگێڕامەوەو دڵنیاشم منالآن لە هەر هەموو تەمەنێكداو بە هەموو زمانەكانی خۆیان حەزیان لە چیرۆكی —كاڵای باڵای پاشا— ی (هانز ئەندرسن)و چیرۆكی (ئالیس لە وڵاتانی عاجباتییەكان)ی (لویس كارۆل)و چیرۆكی (رۆبنسن كرۆزۆ)و (سەرچڵییەكانی هكلبری فن)ی (مارك توین)و هەروەها (تۆم سوێر)و (سەندەرێلا)و چیرۆكی (الخنفساء الذهبیة)ی (ئەدگار ئالان پۆ)و هەمووچیرۆكە ئەفسانەییو پڕ لە فانتازیا سەرسوڕهێنەرەكانو چەژی لێوەردەگرنو راستە رەنگە هەندێ منالْ هەبن لە تەمەنی پێنج شەش ساڵیەوە پەنجا تا سەد جار گوێیان لە چیرۆكی تیتیلەو بیبیلەو دەنكە هەناریو مەلیك ئەحمەدو هتد بووبێ... رەنگە لە دە دوازدە ساڵیو چواردە پازدە ساڵیدا حەز لە گوێ گرتنی نەكەن بەڵام منالێكی دەدوازدە ساڵ یا چواردە پازدە ساڵ... ئەگەر بۆ یەكەمین



جار گوێی لەو چیرۆكانە بێ بەدڵنیاییەوە بەتاسووقو تامەزرۆوە گوێی لێ دەگرێو بەرای من دیاری كردنی یا پۆلبەندكردنی چیرۆكی گوێئاگردانو چیرۆكی جۆرەبەجۆری منالآن بەپێی قۆناغەكانی تەمەنی منالآن... مەبەست ناپێكیو هەروەكو ئەوە وایە بڵێین رۆمانی (سەدساڵ لە گۆشەگیری)ی (ماركیز)و (بەدگۆران)ی (كافكا) و (پیدرۆپارامۆ)ی (خوان رۆلفو) بۆ كەسانی تەمەن لە سەرووی چلوپێنج ساڵەوە نووسرانو رۆمانی (پیرەمێردو دەریا)ی (هەنگوای)و (باخچە)ی (مارگرێت دۆرا)و (عمارة یعقوبیان)ی (علاءالاسواني) بۆ خوارتەمەنی چل ساڵ نووسراونو كە ئەمە پۆلێنكردنێكی نابەجێو ناپەسەندەو رۆمانو هەموو جۆرەكانی رۆمان هی هەموو كەسێكە حەزی لە خوێندنەوەیان بێتو تەنانەت بۆ منالێشو ئێستا دەزگاكانی چاپو بڵاوكردنەوەی گەلێ لە وڵاتانی جیهان شاكارەكانی رۆماننووسە بەناوبانگەكان بەشێوەیەكی هونەری بۆ منالآن كورتو پوختت دەكەنەوە بۆ ئەوە منالآن بیانخوێننەوەو چەژ لەو رۆمانانە وەربگرن... جگە لەوەش هەولێ بەردەوام هەیە بۆ نووسینەوەی ژیاننامەی رۆمانووسو شاعیرو كەسایەتییە ناودارەكان بەشێوەی چیرۆكو نۆڤلیت بۆ منالآنو ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە منالْ لە هەموو قۆناغێكدا حەز لە خوێندنەوەی ئەو بابەتانە دەكات كە بۆ منالْ دەنوسرێنو ناكرێ ئەگەر منالێك حەزی لە خوێندنەوەی كتێبێكی منالآنەكرد پێی بڵێین ئەو كتێبە هی قۆناغی ئەم تەمەنەی تۆ نیەو مەخوێنەرەوەو فلآن كتێب بخوێنەرەوە... منالْ خۆی بە

گوێرەی زەوق و پلەی ژیری و رۆشنبیری خۆی کتێبی خوێندنەوەی خۆی هەڵدەبژێرێ و ئیتر نە (بیاجێە)و نە هیچ پسپۆریکی پەروەدەیی ناتوانن بە گوێرەی زانیاری خۆیان کتێبی بۆ دەستنیشان بکەن کە بیخوێنێتەوە یا نەیخوێنێتەوەو ئەم جۆرە بیروڕایانە بیروراگەلێکی جێگیر نین و لە وڵات و کۆمەڵگایەکەوە بۆ وڵات و کۆمەڵگایەکی دی و لە منالّی ماڵێکەوە بۆ منالّی ماڵیکی دی دەگۆڕێن و لە بۆتەو قالبێکی چەسپاودا نامێننەوە... بەڵکو بەگوێرەی بارودۆخی ئالّوگۆری دەروونیی و ژیری منالّ دەگۆڕێ و قالّبی جۆراوجۆر وەردەگرێ...

لەم بەرابییەدا ماوەتەوە ئەوە بلّێین کە لە سەرەتادا ئەو گۆڤارانەی چیرۆکی منالّانیان تیادا بلاّودەکرایەوە بریتیبوون لە کۆکراوەیەکی تۆمار ئاسای پڕ لە شیعرو چیرۆك و پەخشان و وێنەی جۆربەجۆرو هەروەها جار بەجاریش چیرۆکی سەرچلّی و گیانبازی و بەشێوەی زنجیرە بلاّو دەکرانەوەو یەکەمین گۆڤاری تایبەتی منالاّنیش لە سەدەی حەڤدەدا لە سویسرا بلاّو کرایەوە... و یەکەمین گۆڤاری منالاّنیش لە ئینگلستان لەلایەن– جۆن نیوبری– یەوە بەناونیشانی (لیلیبیوتان)– گۆڤاری بچکۆل– لە شوباتی سالّی – ١٧٥ لە لەندەن بلاّو کرایەوەو لە سالّی ١٧٥٦ دا خاتوو – دی بومونت–ی بە رەگەز ئینگلستانی یەکەمین گۆڤاری منالاّنی لە فەرەنسا بلاّو کردەوەو لە ئەمەریکاش لە نێوان سالاّنی (١٧٨٩–١٨٣٤) گۆڤاری منالّ–و گۆڤاری –نەوجەوان–و –دیاری مامۆستا–و –کەشکۆلی نەوجەوانان– و– مامۆستا–و– هەروەها – هەمە رەنگەکانی نەجەوانان– و هتد بۆ



منالاّن بلاّوکرانەوە...و هەروەها ئەو گۆڤارانە بایەخیان بە چیرۆکی منالاّن دەداو زۆرجار بە رەسمکارییەوە بلاّویان دەکردەوە...

لە عیراقیشدا یەکەمین ژمارەی گۆڤاری منالاّن بەناونیشانی –التلمیذ العراقي– –قوتابی عیراقی– لە ١/تشرینی دووەمی/ ١٩٢٢ دا بلاّوکرایەوەو بایەخی زۆری تیایدا درا بە بلاّوکردنەوەی چیرۆکی منالاّن و لە ١٥/حزەیرانی/ سالّی/ ١٩٢٤یشدا گۆڤارێکی دی بەناونیشانی– الکشاف العراقی– بلاّوبۆوەو دەیان چیرۆکی جوانیان بۆ منالاّن تیادا بلاّوکرایەوەو یەکەمین گۆڤاری منالاّنیش کە بە کوردی دەرچووە گۆڤاری–گڕوگالّی منالاّنی کورد– بووە کە لە ١/پوشپەری ١٣٢٥ لە سایەی کۆماری مەهابادا بلاّوبۆتەوەو سێچوار ژمارەیەکی لێ دەرچووەو بابەتەکانی لە ئاستی پێویستدا نەبووەو شایانی باسە هەر لەسالاّنی سیوچلەکانی سەدەی بیستەوە کەم تا زۆر هونەری چیرۆکی منالاّن بەشێوەیەکی سەرەتایی و لەژێر کاریگەری شیعرو چیرۆکی عەرەبی بۆ منالّ نووسراوداو بەشێوەی وەرگێران و دانانیش کەم تا زۆرو ناو بەناو بایەخی باشی پێدراوەو زێوەرو فایەق بیکەس و بەختیار زیوەرو گۆران و نەجمەدین مەلاو رەمزی قەزازو هتد پێشرەوایەتی ئەم بابەتە نوێیەی وێژەی کوردییان کردووەو زەمینەیەکیان دارشتووە کە بۆ ئەو رۆژگارە باش بێ و دواتریش و تا ئێستاش دەیان نووسەری سەرەکەوتووی چیرۆکی منالاّن لە رووبەری وێژەی منالاّندا بە کوردی ناویان دەرکەوتووەو چیرۆکی جوان شاکاریان بۆ منالاّنی کورد نووسیوەو دەنووسن و یەکەمین گۆڤاری

منالانیش بە کوردی لە سالی ١٩٧٥ ل بەغدا بەناوی –ئەستێرە– چاپو بلاو کراوەتەوەو دوای چەند ژمارەیەك رژێمی فاشی ئەوسای بەغدا قەدەغەی کردووەو رایگرتووە.

## توێژینەوەیەك دەربارەی خەسلەتو جۆرەکانی چیرۆکی منال

چیرۆکی منالو گەورە جۆرە دەقێکی وێژەیی نووسراو یا زارەکییەو چەند چەشنێك لە چەشنەکانی چیرۆك لەدێر زەمانەوەو لەگەل کۆبوونەوەی کۆمەلگا سەرەتاییەکانی مرۆڤایەتیدا لەسەر خوانی دوای راوشکارو ناو ئەشکەوتەکاندا هەبووەو تاکو ئێستاش دەیان چیرۆکی زۆر دێرین ماوەتەوەو هەندێکیان بەشێوەی زارەکی دەگێڕدرێنەوەو هەندێکیشیان خراونەتە سەر کاغەزو لە دوو تویێ چاپکراوەکاندا دەخوێنرێنەوە...

بەلام چیرۆکی هونەریو نایاب لە زۆربەی ولاتانی ئەوروپادا لە سەردەمی رینیسانسدا هاتۆتە کایەو لە رۆژهەلاتیشدا لەگەل پەیدابوونی چیرۆکەکانی هەزارو یەك شەوەو کلیلەو دمنەو هتد.. جۆرێك لە جۆرەکانی چیرۆکی هونەری بوونی خۆی سەلماندووە...

بەلام نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە لە تەوراتو قورئانی پیرۆزدا جوانترینو هونەریترین جۆری چیرۆك هەیە... لەوانە: چیرۆکی حەزرەتی مووساو فیرعەونو چیرۆکی حەزرەتی سولەیمانو بەلقیزو چیرۆکی حەزرەتی ئەیووبو ئیبراهیمو چیرۆکی حەزرەتی یوسفو چیرۆکی حەزرەتی مریەمو چیرۆکی حەزرەتی ئیبراهیمو نەمرودو هتد شایانی باسە لە ئەوروپادا تاوەکو ناوەندیی سەدەی نۆزدە وا باو بوو



کە چیرۆکی درێژ زەبر بە کۆمەلگا دەگەیەنیو مەترسی هەیە لەسەر دابو نەریتو رەوشتە بەرزەکانی مرۆڤو خێزان...

چیرۆك لەلای هەندی کەس بۆ بەسەربردنی کاتو لەلای هەندێکی دی بۆ چەژلێوەرگرتن دەخوێنرێتەوەو هەندێ چیرۆکیش هەن پەندو ئامۆژگاری بە خوێنەر دەبەخشن.

هەروەها چیرۆکیش چ چیرۆکی گەورەو چ چیرۆکی مندالو زارۆلەکان وەك شیعر چاوکراوەییو زەین روونیو تامو چێژو خەیالمان دەداتێو ژیانمان لەلا جوانو خۆشەویست دەکاتو خۆی لە خۆیدا بەشێکی گرنگە لە ئەزموونی مرۆڤایەتی کە مرۆڤ لەریگەی زمانەوە دەیخاتەڕوو...

شایەنی باسە چیرۆك هەیە درێژەو چیرۆك هەیە ئەوەندە کورتە بریتییە لە چەند دێرێكو هەیە یەك کەسایەتی رۆلی تیادا دەبینێو هەشە دەیان کەسایەتی رۆلی تیادا دەگێرن... ئەم بارو دۆخە لە چیرۆکی گەورەو منالدا هەیە چیرۆك هەیە تراژیدییەو چیرۆك هەیە تراژیدیاییە هەروەها چیرۆکی کۆمەلایەتیو رامیاریو مێژوویيو زانستیو خەیالیو ریالیزمیو هتد هەیە..

چیرۆك هەیە دەربارەی ژیانی رۆژانەی مرۆڤایەتییەو چیرۆك هەیە دەربارەی ئاژەلانی ناو دارستانەو چیرۆك هەیە دەربارەی بوونەوەرەکانی ناخی دەریاو زیندەوەرە خەیالییەکانی ناو ئەستێرەکانە... و چیرۆك هەیە بۆ گەورە دەنووسرێو هەشە بۆ منالو شێوازی نووسینی گەورەو منال جیاوازنو نووسەری لێهاتوو

دەزانێ چۆن‌و چی بۆ منداڵ یا بۆ گەورە بنووسێ‌و هەندێ لە نووسەران رایان وایە کە نووسین بۆ منداڵان کارێکی وێژەیی سەختەو هەموو نووسەرێك ناتوانێ تیادا سەرکەوتووبێ...و مەرج نیە نووسەرێك بتوانێ بۆ گەورە بنووسێ‌ئیتر بتوانێ بۆ منداڵیش بنووسێ... لەوانە: تۆفیق ئەلحەکیم‌و عەبدولرەحمان منیف‌و جۆن ئیکن‌و فازل عەباس ئەلکعبی‌و هتد... شایانی باسە ئێستا بایەخی زۆر بەوە دەدرێ منداڵان خۆیان چیرۆك‌و بابەت بۆ منداڵ بنووسن‌و بۆ ئەم مەبەستەش سەدان گۆڤارو دەزگای چاپ‌و بەخش هەن...

چیرۆك دەقێکی پەخشانەو کەرەستەی خەیاڵیی تیایەو پەیوەندی‌و گۆرانکارییەکانی نێوان کۆمەڵگاو ترس‌و ئازایی‌و کینەو خۆشەویستی‌و شەڕو ئاشتی‌و ململانێ‌و تەبایی‌و جۆری‌و ناجۆری ناو کۆمەڵگاکان دەخاتە روو لێیان دەدوێ‌و نووسەری چیرۆك هەموو ئەم کەرەسانە لە ئەزموونی رۆژانەی خۆیەوە لەناو کۆمەلگاکاندا فێر دەبێ‌و هەروەکو وتمان چیرۆك جۆرە دەقێکی پەخشانی وێژییەو وێژەش چالاکی‌یەکی زمانی‌یەو زمانیش وەکو ئیفلاتوون دەڵێ گرنگترین خەسڵەتە کە مرۆڤ لە گیانلەبەرەکانی دی جیا دەکاتەوەو هیچ زیندەوەرێکی دی ئەم زمانەی مرۆڤی نیەو مەبەستم لە زمان تەنهاو تەنها زمانی ئاخاوتنە نەك ئەو بلمە گۆشتەی کە لە دووتوێی قەپۆزی گاو گۆتالیشدا هەیە...

شایەنی باسە کەسایەتی چیرۆکی گەورەو منداڵ جاری وا هەیە راستەقینەن‌و جاری واش هەیە خەیاڵی نووسەر درستیان دەکات...



هەرچۆنێ بێ کەسایەتییەکانی ناو چیرۆکەکان وەکو هەموو کەسێك بەشێوەیەك لە شێوەکان ئەخۆن‌و پشوو دەدەن‌و نەخۆشدەکەون‌و دەمرن‌و هتد جاری واش هەیە کەسایەتی ناو چیرۆکێك جادووبازەو شیروڕم نایبڕێ‌و هەمیشە کاری خراپ‌و وێرانکاری‌و خوێناوی ئەنجام دەداو هەتاوەکو موویەك لەبن باڵیدایە هەڵنەکێشرێ‌و بەو مووە نەبەسترێتەوە هیچ شمشێرێك کاری لێ ناکات‌و نامرێ‌و لەناو ناچێ...و لە هەموو سات‌و جێگایەکدا دەوری شەڕخوازی خۆی دەبینێ...

هەموو جۆرەکانی چیرۆك بەرهەمی ئەقڵ‌و ئاوەزی مرۆڤەو مرۆڤ بەویستی خۆی لە هەندێ چیرۆکدا زمانی ئاخاوتن‌و گفتوگۆ بەدارو بەردو ئاسن‌و ئاژەڵ‌و ئاوو منداڵی ناوبێشکە هەورو باران‌و کرمی بن بەردو هەموو شتێکی دی دەبەخشێ...

من لەم باسەمدا حەز دەکەم باسی چیرۆکی منداڵ‌و جۆرو خەسڵەت‌و فۆرم‌و ناوەرۆکی چیرۆکی منداڵ بکەم‌و لە پەنجەرەی ئەم بابەتەوە جۆرەکانی چیرۆکی منداڵ بەم شێوەیەك پۆلبەند بکەم:—

**١- چیرۆکی میللی:-**

ئەم جۆرە چیرۆکە کلتوورێکی بەنرخەو لەباوباپیرانمانەوە بۆمان جێماوەو لەرێگای بازرگانی‌و سەفەرو دیدەنی‌یەوە ئاڵوگۆری کەم‌و زۆر شێوەو ناوەرۆکیان دەگرێتەوەو نموونەی ئەم چیرۆکانە زۆرن وەکو تیتیلەو بیبیلەو دەنکە هەنارەو تۆبەی مام رێوی‌و سێ منداڵەکەو باوەژن‌و چەرخوفەلەکەکەی پیرەژن‌و منداڵی ددان ئاسنین‌و هتد...

کورتەی چیرۆکی تیتیلەو بیبیلە ئەوەیە کە گورگێك دووسێ بەچکەی بزنێك بەفرتو فێڵ فریو دەداتو قووتیان دەداتو بزنەکە بە زەبری شاخەکانی ورگی گورگەکە هەڵدەدڕێو بەچکەکانی بە زیندوێتی لە ورگی دێنە دەرەوە...

لە چیرۆکی دەنکە هەنارەشدا باوەژنێکی جادوباز دەنکە هانارەی شۆخو شەنگ لە ماڵدا دەشارێتەوەو دەیەوێ بەفێڵو جادو دێگونە چارەی نابووت (کە کچی خۆیەتی) بدات بە کورەپاشاو لە ئەنجامدا فێڵەکەی ئاشکرا دەبێتو سەر ناگرێ...

چیرۆکی تۆبەی مام ڕێویش ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە ڕێوی هەرگیز واز لە باڵندە خواردنو چڵێسیو نەوسنی نایەنێو پیرەمێرد گوتەنی:–

ڕێوی بێ فێڵ ناوەستێ

مەگەر تەڵە بیبەستێ

لە چیرۆکی سێ مناڵەکەو باوەژنیشدا شەوێك هەر سێ مندالە بێ دایکەکە لە دەست ئەو باوەژنە ستەمکارەی کە جلی جنۆکەی ناوبیری حەوشو سەربانیان پێ دەشواتو نانیان ناداتێ رادەکەنو بەرێکەوت بنچکە نەمامێك هەڵدەکێشن تاکو لە بری گەڵاکانی بخۆن... لەپڕ پەیژەیەك دەردەکەوێو بە پەیژەکەدا دەچنە خوارێو دەگەنە شارێك لە شارەکانی ژێرزەمینو پادشایەك دەیانکات بە منداڵی خۆیو لە دەست باوەژنە جادو بازو زۆردارەکە رزگار دەبن...



لە چیرۆکی چەرخوفەلەکی پیرەژنەکەشدا... پیرەژنێك بەداروپەتك چەرخوفەلەکێکی ئاسمانگەر دروستدەکاتو بەفێڵو جادوکچی پادشای خۆرئاوا لەناو چەرخو فەلەکەکەدا دێنێ بۆ کوڕی پاشای رۆژهەڵات...

لەچیرۆکی ددان ئاسنینیشدا کچێکی ددان ئاسنین لەدایك دەبێو کەسوکارەکەی لە ددانە ئاسنینەکانی دەترسنو نایگرنە خۆیانو لە ئەنجامدا مناڵە ددان ئاسنینەکە لەبەر ئەوەی دەیەوێ خەڵکی شارەکە بخوات... دوژمنی زۆر دەبێو دەیکوژنو تەنانەت کەسوکارەکەشی بە مردنەکەی خۆشحاڵ دەبن...

ئەمانە هەموو چیرۆکی گوێئاگردانی کوردەوارینو دەماودەم بۆمان ماونەتەوەو کە منالبووم پیرەژنەکانی گەڕەکەکەمان چەندین جار ئەم چیرۆکانەیان بۆ گێراومەتەوەو نووسەری لێهاتوو داهێنەر دەتوانێ ئەم چیرۆکانە بەشێوازێکی دیو ئاراستەیەکی تر سەرلەنوێ بۆ مناڵان دابرێژێتەوە... هەر بۆ نموونە دەتوانێ چیرۆکی تیتیلەو بیبیلە بەم شێوەیە بۆ مناڵان بنووسێ:–

ڕۆژێ مام گورگ برسی بوو زانی دادە بزن زاوەو کارژۆڵەیەکی بووە... مام گورگ مڕی لە کارژۆڵەکان خۆشکردو کەوتەڕێ بەرەو ماڵی دادە بزنو بە ئەسپایی لە دەرگایداو کارژۆڵەکان چوونە سەربانو بینییان مام گورگە لە دەرگا دەدات...

یەکێك لە کارژۆڵەکان بە مام گورگی گوت:–

تۆ کێی...؟ چیت دەوێ؟

مام گورگ گوتی: من خاڵی ئێوەمو هاتووم سەردانی ئێوەی خوشکەزامو دەدەبزنی خوشکم بکەم...
کارژۆڵەکە گوتی دایکی ئێمە برای وەك تۆی نیەو ئێمەش خاڵۆی وەکو تۆمان نیە...
مام گورگ گوتی رۆڵەگیان دەرگاکەم لێبکەرەوە توورەکەیە ناسکەجۆی ئەو گەرمیانەم بۆ هێناون بۆخۆتان بیکەن بە برێشکەو شەوانی دوورودرێژی زستان بیخۆن...
کارژۆڵەکە گوتی ئێمە ددانمان نیە جۆ بخۆینو دایکی شیرینمان چووە نەرمەگیای کوێستانو بەرەزای شاخانمان بۆ بهێنێ.
مام گورگ گوتی دەرگاکە نەکەیتەوە دێمە ژوورەوە بە چنگو قەپاڵ ونجرِ ونجرِت دەکەمو تیکەتیکە گۆشتەکەت دەخۆم...
کاتێ کارژۆڵەکان گوێیان لەم هەرەشەیەی گورگە بۆر بوو ئیتر زانییان ئەمە ئەو گورگەیە کە دایکیان ئامۆژگاری کردوون دەرگای لێ نەکەنەوە چونکە درندەیەو دەیانخوات...
ئیتر کاتێ کارژۆڵەکان بینییان وا گورگەکە خەریکە دەرگاکە دەشکێنێ خێرا بەو پەیژە دارینەیەدا کە دایکیان دروستی کردبوو سەرکەوتنە سەربانو گورگەکەیان بەر تلەبەرد داو سەری شکاو لە ترسا بەسەری خوێناوییەوە رایکردو چونکە خوێنی سەری چوبووە ناوچاوییەوە رێگاکەی نەدەبینیو لەپڕ کەوتە ناو بیرێکەوەو ملی شکاو مردو کاتێ دادەبزنی دایکیان گەڕایەوە سوپاسی خوای مەزنی کرد کە گورگ نەیتوانیوە جگەرگۆشەکانی بخوات.



بەم جۆرە دەتوانین لە هەموو سەردەمێکدا چیرۆکی گوێی ئاگردانمان بەشێوازو ناوەڕکێکی نوێ بۆ مناڵان بنووسینەوەو کلتووری رەسەنی نەتەوایەتیمان بپارێزینو نەوە لە دوای نەوە گیانێکی نوێی بە بەردا بکەین.

**٢- چیرۆکی ئاژەڵان:-**

ئەم چەشنە چیرۆکەش لە چەند خاڵێکی لابەلادا لەگەڵ چیرکی میللیدا یەك دەگرێتەوە بەڵام لە خاڵە سەرەکیو شەنگەستەییەکاندا جیاوازنو دوو جیهانی جوداکارنو چیرۆکی میللی کلتوورییەو لەدێرزەمانەوە دەماودەم بۆمان ماوەتەوە بەڵام چیرۆکی ئاژەڵان ئەگەرچی هەندێکیان کلتووریش بن بەڵام دەکرێ نووسەرانی هاوچەریش چیرۆکی ئاژەڵان بنووسنو لەم بارەیەوە ئەم چیرۆکەی خۆم بە نموونە دێنمەوە کە بەنانیشانی (جووجەڵەی ئاسنین) نووسیومە:-
داپیرەیەك لە ئاواییەکی چیانشیندا چەند مریشكو کەڵەشێرێکی راگرتبوو بۆ ئەوەی مریشکەکان هێلکەی بۆ بکەنو هەندێ لە هێلکەکان بخواتو هەندێکیشیان بفرۆشێوبە پارەکەی پێویستیەکانی رۆژانەی بکڕێو کەڵەشێرەکانیش تاریكو روون بخوێننو داپیرە بۆ نوێژی بەیانیو ئەنجامدانی کاروباری ناوماڵ لە خەوهەڵسێنن... جارجاریش مریشکەکان کڕ دەکەوتنو داپیرە دەینانەوەو لە ئەنجامدا دە دوازدە جووجەڵەیان هەڵدەهێناو دەبوون بە سامانو سەرمایەیەکی دڵخۆشکەر بۆ داپیرەگیان...

بەڵام ڕێوییەك فێر ببوو هەموو جارێ جووجەڵەی مریشکەکانی داپیرەی دەخواردو داپیرە هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو هیچ پلانێکیشی بۆ پارێزگاریکردنی جووجەڵەکانی نەدەزانی...

ڕۆژێ لەڕۆژان یەکێك لە مریشکەکان فێڵێکی بەبیردا هاتو چوو بۆلای جادووبازی ئەشکەوتی جاسەنەو پێیگوت ئەگەر فێری زانسی جادووم بکەی پڕ سەبەتەیەك هێلکەت دەدەمێ...

جادووبازەکە مریشکەکەی فێری زانستی جادوو کردو مریشکەکەش پڕ سەبەتەیەك هێلکەی دا بە جادووبازەکە...

مریشکەکە ئێوارە گەڕایەوە بۆ ناو کولانەکەو بە زانستی جادوو شەش حەوت جووجەڵەی ئاسنینی دروستکردو لە بەردەم کولانەکەدا دانیانو شەو ڕێوییەکە هاتو دڵی خۆش بوو...

وتی بەخوا وا دیارە داپیرە نەخۆشە لەبەر ئەوە نەیتوانیوە جووجەڵەکان بکاتە کولانەکەوە...

ئێستا ئەم جووجەڵە ناسکۆڵانە قووت دەدەمو دەچمە ناو کولانەکەوەو هەموو مریشكو کەڵەشێرە قەڵەوەکان دەخۆم...

ئەنجا ڕێوییەکە پێکەنیو وتی ئەمشەو جەژنی منەو گورج پەلاماری جووجەڵەیەکی ئاسنینی داو قەپاڵی پیاداکردو جووجەڵە ئاسنینەکە ئەوەندە ڕەق بوو ددانی ڕێوییکە شکاو لەشپرزەییدا جووجەڵە ئاسنەکەی قووت داو لە قورگیگیراو ئیتر هەناسەی وەستاو مردار بۆوەو بەو جۆرە مریشکەکە توانی بە زانستی جادوو ڕێوییکە



لەناوبەرێو مریشكو کەڵەشێرو جووجەڵەکانی داپیرەگیانو هەموو ئاوایییەکەش لە چڕنووكو قەپاڵی ڕێوی چڵێس ڕزگات بکات...

ئەگەرچی ئەم چیرۆکە دروستکراوی خۆمە بەڵام لە کتلوری کوردیو جیهانیدا چیرۆکی ئاژەڵان زۆرەو هەر بۆ نموونە چیرۆکەکانی–ئیزۆپ–ی یۆنانیو کتێب –ئەلحەیوان–ی جاحزی بە ڕەگەز فارسیو ئەلف لەیلەوە لەیلەی ڕۆژهەڵاتیو کلیەلەو دیمنەی هیندستانیو هتد لە کلتوری کوردیشدا نموونە زۆرەو لەوانە: پیرەژنو پشیلەکەی هەروەها پیرەژنو دڕکی پێی کەلەشێرەکەیو هێسترو مام گورگی دکتۆرو هتد...

لەچیرۆکی پیرەژنو پشیلەکەیدا پیرەژنەکە دەنکە مێوژێك دەدۆزێتەوەو بانگی پشیلەکەی دەکاتو پێی دەڵێ پشە جوانەکە وەرە ئەم دەنکە مێوژە بخۆ بەڵام پشیلەکە خەوی دێو ناچێ دەنکە مێوژەکە بخواتو کە لە خەو هەڵدەستێو دەزانێ پیرەژنەگە خۆی دەنکە مێوژەکەی خواردووە هەڕەشە لە پیرەژنەکە دەکات تاوەکو دەنکە مێوژەکەی پێ نەداتەوە ئاشت نابێتەوەو هەرچەندە پیرەژنەکە تورەکەیەك مێوژی دی بۆ دێنێ بەڵام پیشلەکە دەڵێ هەر ئەو دەنکە مێوژەم دەوێو بیانوو بە پیرەژنەکە دەگرێو هەرچەند ئاگرێك بکاتەوە بۆ ئەوەی چایەك لێ نێ یا دوو پەپکەی پێ ببرژێنێ پشیلەکە نایەڵێ ئاگرەکە بگەشێنێتەوەو میزی پیا دەکاتو دەیکوژێنێتەوەو دەڵێن هەتاکو ئێستاش مشتومڕی پیرەژنەکە

دریژەی هەیەو پیرەژنەکە ئاگر دەکاتەوەو پشیلەکە میزی پیا دەکاتو دەیکوژێنێتەوە...

من کاتی خۆی دایکی خۆشەویستم خاتوو سعدیە شێخ حسین شێخ حسن کەسنەزانی ئەم چیرۆکەی بۆ گێڕاومەتەوەو گەلێ جاریش کە ورکو بیانووی زۆرم بگرتایە پێی دەگوتم مەبە بە پشیلەکەی پیرەژنەکە ئەوەندە ورکو بیانوو مەگرە.

لە چیرۆکی دڕکی پێی کەڵەشێرەکەدا کە کاتی خۆی میمکە عەتیەی خەڵکی کفری بۆی گێراومەتەوە پیرەژنێك خەریکی نان کردنەو کەڵەشێرەکەی دێتو دەڵێ دڕکێك چووە بەبنی پێمداو ئازارم دەداتو یارمەتیم بدەو بۆم دەربێنە... پیرەژنەکە خێرا دڕکەکەی لەپێ دەردێنێو تووڕی دەداتە ناو تەنوورەکەوە... ئیتر کەڵەشێرەکەی لێی تووڕە دەبێو دەڵێ ئەگەر دڕکەکەم لە تەنوورەکە بۆ دەرنەهێنیتەوە نانەکانت بە چڕنووكو دەنووك ونجڕ ونجڕ دەکەمو دەڵێن هەتاکو ئێستاش هەرچەندە پیرەژنەکە نان دەکات... کەڵەشێرەکە نانەکەی بە دەنووكو چڕنووك ونجڕ ونجڕ دەکات...

لە چیرۆکی هێسترو مام گورگی دکتۆریشدا کە لە گەلێ سەرچاوەی چاپکراوی کوردیدا خوێندوومەتەوە... هێستریك لە سەوزەڵانێکدا دەژیو گورگێك دەیەوێ بەفێڵو تەڵەکە بیخواتو هێسترەکەش بە فێڵەکەی دەزانێو پێی دەڵێ دڕکێك چووە بە سمی قاچی راستمدا بۆم دەربێنە... ئیتر گورگەکە دەچێ دڕکەکە دەربێنێ لەسمیو دەستەبەجێ هێسترەکە بە هەموو هێزێکی خۆیەوە پێلەقەیەك لە



گورگەکە دەداتو لەو لووتکەیەوە دەیخاتە خوارەوە کە لە سەری دەلەوەڕیو خۆی رزگار دەکاتو هێسترەکەش لەتوپەت دەبێ دەڵێن لەو ڕۆژەوە تاوەکو ئێستا هەموو گورگێك لە هەموو هێستریك دەترسێ...

**٣- چیرۆکی زانستی:-**

چیرۆکی زانستی ئەو چیرۆکانەیە کە پەیوەندی بە زانستەوە هەیەو لەبارەی زانستییەوە دەدوێ.. وەکو خەسڵەتەکانی گەردوونو سووڕانەوەی زەویو دووریو نزیکەی ئەستێرەکانو داهێنراوە زانستیەدێرینو هاوچەرخەکانو هتد...

دەکرێو لەم بوارەدا ململانێ بێ لەنێوانی دانیشتوانی ئەستێرەکاندا یا وتوویێژبێ لە نێوانی شەوو رۆژو زەویو ئاسمانداو خۆم لەم بارەیەوە چیرۆکێکی بە شیعر دارێژراوی فارسیم لە یادە کە کرابوو بە کوردیو لە کتێبخانەکەی باوکمدا لە ماڵەوە هەبوو چەندین جار خوێندوومەتەوە چیرۆکەکە دەمەتەقێ وتووێژ بوو لەنێوانی ئاسمانو زەمین داو نووسەرەکە بەناونیشانی –سەماو زەمین– بڵاوی کردبۆوەو لەو تووێژو دەمەتەقێیەدا ئاسمانو زەوی مشتومڕیانەو هەریەکەو بەوی دییان دەڵێ من لە تۆ جوانترو پیرۆزترو سەرنجراکێشترم هتد...

دەتوانین لەم جۆرە وتووێژە لە نێوانی شەوو رۆژدا دروستبکەینو ئەم چیرۆکە بنووسین:

کاتێ ئاسمانو هەموو گەردوون لە تاریکاییدا نوقم بوو... شەو هاواری کرد:–

– من لەرۆژ جوانترمو سەدان هەزار ملیۆن ئەستێرەو كێشكەرو هەسارەی جوانو نازەنین لە ئاسمانە بێ پایانەکەمدا دەتریفێتەوەو من ئاسوودەیی بە هەموو جیهان دەبەخشمو بواری خەوتنو خەوبینینو پشوویان بۆ دەڕەخسێنمو بەهۆی مانگی ئاسمانەکەی منەوە خەڵك ژمارەی رۆژەکانو مانگەکانو ساڵەکان دەزانن...

بەڵام کاتێ بانگی بەیانی داو دواتر رۆژ بۆوەو خۆر هەڵات... رۆژ هاواری کردو گوتی:–

– من لە شەو رووناکترو جوانترمو بەهۆی خۆرە میهرەبانەکەی ئاسمانەکەی منەو کلۆرۆفیلو خۆراك بۆ دارو درەختو رووەكو نەمامو گژوگیای زەوی دابین دەبێ بەهۆی خۆرە بەتینو تاوەکەی منەوە هەزارەها جۆری میکرۆبو ڤایرۆس لەناو دەچنو قەلاچۆ دەبنو بەهۆی خۆرە گەشەکەی منەوە دەریاکان دەبن بە هەڵمو هەڵمەکان دەبن بە بارانو بەهار لەدایك دەبێو من چووستیو چالاکی بە مرۆڤ دەدەمو هانی دەدەم ئیشو کار بکاتو زەوی بچێنێو جووتو درەوو گێرەو شەنو کەو بکاتو ژیان بەرەو پێشەوە ببات...

### ٤- چیرۆکی کۆمیدیو گاڵتەوگەپ:-

ئەم جۆرە چیرۆکە دەچێتە خانەی گاڵتەجاریو تەنزو لاقرتێو تەوسو توانجو پلارو پێکەنینەوەو بەڵام لە ناوەرۆکدا پڕە لە ئامۆژگاریو پەندی کۆمەڵایەتیو رێنماییو بەرگری کردن لە هەقیقەتو راستیو چیرۆکەکانی ئەحەی کوڕنوو دیرۆکەکانی لالە سەرحەدو نوکتەکانی خاڵەرەجەبو مەلای مەزبوورە بەشێکن لەم



جۆرە چیرۆکەو هەر بۆ نموونە دەتوانین نوکتەی (کەوا بخۆ)ی مەلای مەزبوورە جارێکی دی بەم جۆرە بۆ منالان دابرێژینەوە:–

جارێکیان میری بۆتان مەلای مەزبوورە بانگێشت دەکات بۆ یادەوەری ئاهەنگی دامەزراندنی میرنشینی بۆتانو مەلای مەزبوورەش بەجلو بەرگێکی ئاساییەوە دەچێ بۆ کۆشکی میرو لە بەردەم کۆشکەکەدا پاسەوانەکان رێی لێدەگرنو نایەڵن بڕواتە ژوورەوە...

ئەنجا مەلا دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوەو دەستێ کەواو سەڵتەی تازە لەبەر دەکاتو کلاوێکی جوان لەسەر دەکاتو مشکییەکی گوڵەنکە ئاورێشم دەبەستێو پشتوێنێکی شاڵ لە پشتی گرێچن دەکاتو کەوشێکی سووری بریسکەدا لەپێی هەڵدەکێشێو عەبایەکی مەرەزی سوورمەرێژ دەدات بەشانیداو خۆی عەتر باران دەکاتو دەگەڕێتەوە بۆ کۆشکی میرو ئەم جارە پاسەوانەکان دەستی بۆ بە سنگەوە دەگرنو فەرمووی بۆ ژوورەوە لێدەکەنو مەلا دەچێتە ژوورەوەو سلاو دەکاتو لەسەر خوانی نانخواردن دادەنیشێو جلوبەرگە نوێکانی بەری خۆی دادەکەنێ توڕپیان دەداتە سەر خوانی نانخواردنەکەو هاوار دەکات کەواو سەڵتەو عەبای شان سورمەو کلاوو مشکی گوڵنکەی ئاورێشمو کەوشی بریقەدارو پشتوێنی شاڵ تێر تێر پلاوو گۆشت بخۆن... ناسکە نان بخۆن قەلی برژاو بخۆن.. کە مەلای مەزبوورە وا دەکات دانیشتوانی دیوانی میری بۆتان دەشڵەژێنو میر بەرێزو شکۆمەندییەوە دەپرسێ مامۆستا چی رووی داوە... لەچی زویر بوویی وا دەکەی... مەلای مەزبوورەش دەڵێ قوربان میری میران

من لە پێشدا بەجلوبەرگێكی ئاسایییەوە هاتمو پاسەوانەكان ریگای هاتنە ژوورەوەیان نەدامو دوایی گەڕامەوە بۆ ماڵو ئەم جلوبەرگە تازانەم لەبەر كردو پاسەوانەكان بەرێزلێنانەوە بواری هاتنە ژوورەوەیان دام كەواتا من بانگێشتی نانخواردن نەكراوم بەڵكو جلوپۆشاكە تازەكانم بانگێشت كراون با ئەوان لەم نانو خوانە بخۆن...

ئەم چیرۆكە توانجو پلارێكە لەو كەسانەی كە رێزو شكۆمەندی مرۆڤ لە ماڵو سامانو داراییو جلوبەرگی گرانبادا دەبینن و هیچ گرنگیو بایەخێك بە ئەقڵو ئاوەزو ژیریو داناییو زانایی مرۆڤ نادەنو بیر لەوە ناكەنەوە كە روو تەڵەیەكی وەكو غاندی بە جزداشەیەكی خامو جاوەوە بەریتانیای مەزنی تێكشكاندو هیندستانی لە دیلێتی ئازاد كرد... جێی داخە تاكو ئێستا نووسەرانی كورد نەیانتوانیوە دیرۆكەكانی مەلای مەزبوورەو خاڵە رەجەبو لالە سەرحەدو ئەحەی كورنوو لەبەرگێكی نوێو دارشتنێكی هاوچەرخانەدا بنووسنەوەو پێشكەشی منالآنی كوردی بكەن بۆ ئەوەی لە زەردەخەنەو پەندو ئامۆژگاریو رێنمایی ئەم جۆرە چیرۆكە بێبەش نەبنو ئاگاداری لایەنێكی بەربڵاوو فراوانی كلتووری نەتەوایەتیو دابو نەریتی پێشینانی خۆیانو باوباپیرانی خۆیان بنو ئەوانیش نەوە لە دوای نەوە بەرگی نوێ بە بەر ئەم كلتوورە نەمرەدا بكەن.

**٥- چیرۆكی خەیاڵی زانستی:-**



زۆربەی ئەو فیلمانەی كە باسی شەڕی ناو ئەستێرەكانو داهێنانی چەكی نوێو ئامێرو دەرمانی نوێو هتد دەكەن دەچنە خانەی خەیاڵی زانستییەوەو هەر بۆ نموونە خەیاڵ بكەین لە داهاتوودا لە بری ئۆتۆمبێلو فرۆكەو گەمیو شەمەندەفەر زانستی بگاتە ئاستێك مرۆڤ بتوانێ بە دووباڵی ئەلكترۆنی بفڕێو بگاتە ئەو شوێنەی كە دەیەوێو تەنانەت بچێت بۆناو مانگو ئەستێرەكانیش هەروەها بۆ چارەسەركردنی گەرماو سەرمای هاوینو زستانیش زانستی بگاتە رادەیەك جۆرە حەبێك دروستبكرێو هەركەسێ بەهاوین قووتی بدا گەرمای نەبێو هەركەسێ بەزستان بیخوات سەرمای نەبێ... یاخود خەیاڵی باڵداری وەها بەرزەفڕ بكەین كە كارگەكان بتوانن بەهۆی زانستەوە جلو بەرگێكی وەها دروستبكەن بەهاوین شێی ساردیو بە زستان تینی گەرمی ببەخشن..

ئەمانە هەمووی خەیاڵگەلێكی زانستی پەسەندو لەبارن بۆ ئەوەی ببن بە كەرەستەیەكی گونجاوو تێرو تەسەلی نووسینی چیرۆكی خەیاڵی زانستی... هەر بۆ نموونە وەك ئەم چیرۆكە كە لە نووسینی خۆمە:-

باوكی شالا حەزی دەكرد بچێ بۆ حەجو بەڵام پارەی نەبوو بچێو شەو لە خەویدا لە بازاڕی ئامێرە ئەلكترۆنییەكان دوو شاباڵی ئاسنینی كڕیو لەخۆیی بەستو دای لە شەقەی باڵو چوو بۆ حەجو لەو كاتەدا شالا خان گوتی باوكە گیان نانوچای بەیانیم ئامادە كردووە هەستەو بفەرموو با هەموومان پێكەوە قاوەڵتی بكەین...

لم چیرۆکەدا بوونی جووتێك باڵی ئەلکتۆرنی بۆ فڕینو حەجو گەشتۆ گوزار کردن خەیاڵێکی زانستیی‌یە چونکە لە راستیدا تاکو ئێستا کەرەستەو ئامێری فڕینی لەم جۆرە نیەو دانەهاتووەو هەر خەیاڵەو لەبەر ئەوە ئەم چەشنە خەوە چیرۆکە لە لیستی خەیاڵی زانستیدا پۆلبەند دەکرێ...

شایانی باسە لە چیرۆکی گوێئاگردانی کوردەواریدا لەم جۆرە چیرۆکەی خەیاڵی زانستی زۆرەو من کاتی خۆی پوورە رەعنای سەیزادە چیرۆکێکی بەناونیشانی (پیرەژنی جادووبازو چەخوفەلەکەکەی) بۆ گێراومەتەوە ئەمە کورتەی چیرۆکەکەیە:—

کوڕە پاشای رۆژهەڵات حەزی لە کچە پاشای رۆژ ئاوا بوو پیرەژنێکی جادووباز چەرخوفەلەکێکی بەدارو پەتك دروستکردو بە ئاسماندا فڕیو گەیشتە وڵاتی خۆرئاوا لەوێ بەفێڵ کچە پاشاکەی هەڵخەڵەتانو خستیە ناو چەرخوفەلەکەکەوەو بەرەو خۆرهەڵات هەڵفڕیو کچەکەی بە سەنگایی خۆی فرۆشت بە کوڕەپاشای خۆرهەڵات...

لەم چیرۆکەدا چەرخوفەلەکی لە دارو پەتك دروستکراوی باڵدار خەیاڵێکی زانستیی‌یەو نووسەری سەرەکەوتووی بواری نووسینی چیرۆکی منداڵ دەتوانێ ئەم جۆرە خەیاڵەی کلتووری کوردەواری لە بواری نووسینی چیرۆکی منداڵدا بەرجەستە بکات...

**٦- چیرۆکی پاڵەوانبازیو سەرچڵی:-**

ئەم جۆرە چیرۆکەش لە کلتووری گەلانی جیهانیدا بە گشتیو گەلی کوردا بەتایبەتی زۆرەو هەر بۆ نموونە رۆبن هۆدو رۆبنسن کرۆزۆ دوو



نموونەی کلتووری جیهانینو مەلیك ئەحمەدو کوڕە بچکۆلەو کوڕە کەچەڵەش نموونە گەلێکی دیاری ئەم بوارەن لە کلتووری کوردیداو لەچیرۆکی گوێئاگردانی خۆماڵی‌دا هەمیشە لەناو حەوت برادا هەر کوڕە بچکۆلە پاڵەوانو جوانخاسو جوامێرو سەرچڵو جەربەزەیەو لەناو بنەماڵەی مەلیکێکیشدا هەر مەلیك ئەحمەدی کوڕە بچکۆلەبوێرەو کاری جوانمەردیو گیانبازی ئەنجام دەداتو شاری بێ ئاو لە ئەژدیهای حەوت سەر رزگار دەکاتو ئاو دەگێڕێتەوە بۆ شارو هەمیشەش لە چیرۆکی پاڵەوانبازی کوردیدا کوڕە کەچەڵە دەمامك دەپۆشێو کاروباری خێرخوازی جێبەجێ دەکاتو کچی شای پەرییان لە زیندانی شای نەڕنەڕە دێوان رزگار دەکاتو یارمەتی کەسانی داماوو لێقەوماو دەداو لەم بارەیەوە کلتووری کوردی دەوڵەمەندەو حەز دەکەم لێرەدا کورتەی چیرۆکێك بە ناونیشانی (مەلیك ئەحمەد) بخەمە بەر دیدەی خوێنەران:—

— مەلیك ئەحمەد کورە بچکۆلەی پاشای سەرزەمین دەبێو پاش ئەوەی برا گەورەکەیو برا ناوەنجێکەی دەستە پاچە دەبنو هیچیان پێناکرێ بەرامبەر ئەو دێوە رەشەی کە دوو شەو لەسەریەك دەدات بەسەر شارەکەیانداو تاڵانو بڕۆیەکی زۆر دەبات... بۆ شەوی سێیەم مەلیك ئەحمەدی کوڕە بچکۆلەی پاشای سەرزەمین رووبەرووی دێوە رەشەکە دەبێتەوەو دەستێکی دپەرێنێو دیوەکە لە ترسا رادەکاتو مەلیك ئەحەد شوێن چۆراوگەی خوێنی دەستی دێوەکە دەکەوێ لەتوونی حەوت پێچی ژێرزەمیندا دێوەکە دەدۆزێتەوەو دەیکوژێو

لچولووتو گویّی دەبڕیّو دەیخاتە ناو دەستەسڕەکەیەوەو لە باخەڵیدا هەلیدەگریّو ئیتر تینووی دەبیّو روو لە شارێکی ژێرزەمین دەکاتو لە دەرگای ماڵی پیرەژنێك دەکاتو داوای چۆڕیّ ئاو دەکاو پیرەژنەکەش نەختیّ ئاوی لە جامۆڵکەیەکدا بۆ دێنیّو مەلیك ئەحمەد هەست دەکات بۆنی ئاوەکە زۆر ناخۆشە... لەبەر ئەوە ئاوەکە ناخواتەوەو لە پیرەژنەکە دەپرسیّ بۆنی ئاوەکەتان بۆ وا ناخۆشە...!

پیرەژنەکە دەڵیّ چیت لیّبشارمەوە ئەمە ئاو نیە میزی خۆمەو ئاو لەم شارەدا زۆر کەمەو ئەژدیهایەکی حەوت سەر بەری ئاوەکەی شاری گرتووەو هەموو رۆژیّ کچێکی جوانو ناسکۆڵەی دەدەینیّ بۆ ئەوەی چەردەیەك ئاومان بداتیّو ئەمڕۆ نۆرەی کچە بچکۆلەکەی پاشای ژێرزەمینە بدرێت بە ئەژدیهاکە...

مەلیك ئەحمەد دەچێتە سەر قەراغی ئاوەکەو چاوەڕوان دەکات تاوەکو کچە پاشای ژێرزەمینی بۆ دێننو ئیتر دەستبەجیّ مەلیك ئەحمەد بەرەنگاری ئەژدیهاکە دەبیّو هەر حەوت سەرەکەی دەپەڕێنیّو دەیکوژیّو سەرەبراوەکانی لە دەستەسڕەکەیدا لەناو باخەڵیدا دەشارێتەوەو کچە پاشا رزگار دەکاو کچە پاشاش دەستی هەڵدەکێشیّ لە خوێنی ئەژدیهاکەو ناو لەپی خۆی لەسەر پشتی مەلیك ئەحمەد چاپ دەکاتو مەلیك ئەحمەد دەڕواو خۆی دەشارێتەوە بەڵام سەرەنجام بەجێدەستی خوێناوی کچە پاشا.. کە لەسەر پشتی چاپ بووە... دەیدۆزنەوەو لە پاداشتی ئەو ئازایەتییەدا



پاشای ژێرزەمین کچەکەی خۆی دەداتیّو هەردووکیان لەسەر باڵی سیمرخێك دەگەڕێنەوە بۆ سەر زەمینو مەلیك ئەحمەد لەسەر داوای باوکی کە پیر بووە دەبێت بە پاشای سەرزەمینو شاییەکی حەوت شەوو حەوت رۆژە بۆ کچە پاشای ژێر زەمین ساز دەکاتو دیاریو سەوقات بەسەر هەژارانی شاردا دابەش دەکات...

سلاو لەگیانی پاکی میمکە عەتیەخانو دادەکافیەو میمکە ئامینەی ئاوایی سپیسەر کە لە بەغدا دادەنیشتنو سەردانی ماڵی ئێمەیان دەکرد لە کفری... هەر یەکەو بە تۆزی جیاوازییەوە ئەم چیرۆکەیان بۆ گێراومەتەوە...

## ٧- چیرۆکی تراژیدییاو کارەسات:-

چیرۆکی تراژیدیاو کارەسات جۆرە چیرۆکێکی پڕخەمو پەژارەوکوێرەوەریو مەرگەساتەو پاڵەوانو کەسایەتییەکانی هەردەم لە دڵەراوکیّو درەدۆنگیو نا ئاسوودەییدا دەژینو لەم جۆرە چیرۆکەش لە کلتووری کوردیو جیهانیدا زۆرەو هەر بۆ نموونە چیرۆکی مەمی ئالانو خەجیّو سیامەندو محمدو سێویّو شیرینو فەرهادو مەمو زینو هتد شاکاری ئەم بوارەنو جگە لەوەش هەندیّ چیرۆكو داستانی گەلانی دیش هەنو بەجۆرێك لە جۆرەکان کوردێنراونو بوون بە بەشێك لە کلتووری کوردی... لەوانە چیرۆکی کوشتنی زۆراب بە دەستی رۆستەمی باوکی خۆی کە لە شانامەی

فیردەوسیەیەوە هاتۆتە ناو کلتووری کوردییەوەو چیرۆکی یوسفو زولەیخاو لەیلاو مەجرووم کە لە کلتووری عەرەبییەوە کوردێنراون...
ئێستاش حەز دەکەم چیرۆکێکی خۆم کە بەناونیشانی (دەرمانی جادوو گەرەکە) بۆ منالانم نووسیوە وەکو نموونە لەم باسەدا بخەمە بەرچاو:—

* خالۆ جوامێر تەنها کورێکی دەبێو کوڕەکەی نەخۆشدەکەوێو هی دکتۆرێک دەرمانی دەردەکەی ناکاتو رۆژێک جادووبازێک رێی دەکەوێتە دێکەو بە جووتیارەکە دەڵێ دەرمانی دەردی کوڕەکەت لە سێ چڵە گیا دروستدەکرێتو چڵەگیاکان لەژێر تاقەدار هەنارەکەی باخی دێواندا شین بوونو باخی دێوان لە قوللەی قافەو قوللەی قافیش دوانزە مانگەی ساڵ تاریکستانەو تروسکاییەك ئاگری تیادا بکەیتەوە هەموو داستانەکە گڕ دەگرێو سێ چڵەگیاکەش دەسووتێتو دەرمانەکە با دەیبات...

خالۆ جوامێر بە مەبەستی دەستکەوتنی سێ چڵەگیاکەی دەرمانی کوڕەکەی بەرەو قوللەی قاف دەکەوێتەڕێو پاش چل شەوو چل رۆژ رێگا بڕینو ماندو بوون دەگاتە ناو دارستانەکەی قوولەی قافو بەرگەی سەرماو سۆڵ تارسکستانەکە ناگرێو بەنیازی خۆ گەرم کردنەوەو رووناکردنەوەی دارستانەکەو بۆ دۆزینەوەی سێ چڵەگیاکە هەندێ چیلکەو گژوگیاو چڵوچێوو درکو خڕنووك کۆ دەکاتەوەو چەرخەکەی لە گیرفانی سەڵتەکەی دەردێنێو ئاگرێك بە داروچیلکەکانەوە دەنێو لە پڕ هەموو دارستانەکە گڕ دەگرێو سێ



چڵە گیاکە دەسووتێو خالۆ جوامێر بەنائومێدی بۆ گوندەکەی خۆی دەگەڕێتەوەو دەڵێن تاکو ئێستاش بەدیار کوڕە نەخۆشەکەیەوە دانیشتووەو چاوەڕوانە رۆژێ لەرۆژان جادووبازەکە دیدەنی ئاواییەکە بکاتەوەو دەرمانێکی نوێ بۆ کوڕە نەخۆشەکەی دەستنیشان بکات...

**٨- چیرۆکی مێژوویی:-**

ئەم تەحرە چیرۆکە ئەو رووداوانە دەگرێتەوەو کە لە مێژوودا روویان داوەو رووداوی خۆشو ناخۆش هەنو هەریەکێك لەو رووداوانە پاڵەوانو کەسایەتی خۆی هەیەو هەر بۆ نموونە کەلێ چیرۆکی ئەفسانەیی لەبارەی شێخ مەحموودی نەمرەوە هەیەو دەڵێن کاتێ ئینگلیزە خوێنرێژو داگیرکەرەکان شێخی نەمریان بەدیل گرت ویستیان بیکوژنو شەهیدی بکەن بەڵام کاتێ دایان لەسێدارە پەتی سێدارەکە هەر دەکرایەوە لەملی گیر نەدەبوو... کە ویستیان گوللەبارانی بکەن گوللە نەیدەبڕیو جا بۆ ئەوەی بە هەرجۆریك بێ بیکوژن خستیانە ناو مەنجەڵێ زەبەلاحی پڕ لە رۆنی داخراوەوە بەڵام بەوەش نەمردو ئەنجا خستیانە ناو مەکینەی قیمەکردنەوەو بەڵام مەکینەکە قیمەی نەکردو ئەنجا لە حەلحەلەی ئاسمانەوە لەناو فرۆکەیەوە خستیانە خوارەوەو بەوەش نەمردو ئیتر ناونرا شێخی نەمر...و هەتاکو ئێستاش هەزاران ساڵی دیش لە دڵی گەلی کوردو مێژوودا نەمرە...

لەم جۆرە چیرۆك‌و دیرۆکە لە بارەی خولە پیزەشەوە هەیەو دەڵێن خولەپیزە ئەگەر بیزانیایە ئازووقەی سوپای ئینگلیزە ئیمپریالیزەکان بەڕێوەیە خۆی‌و چەتە خێرخوازە هاوریکانی بە چەکەوە ڕێگایان پێدەگرت‌و دەستکەوتی کاروانەکەیان بەسەر هەژارو نەدارو داماوانی ناوچەکەدا دابەشدەکرد...

شایانی باسە من لە بابەتی منالڵدا گەلی کەسایەتی مێژوویی کوردم بە منالاَن ناساندووە لە سەرووی هەموویانەوە شێخی نەمردو مامەیارەو دوانزە سوارەی مەریوان‌و سەلاحەدینی ئەیوویی‌و خانی لەپزێرین‌و هتد..

دەخوازم لە داهاتووشدا لە بواری بابەتی منالاَندا ئەم ئەرکە بەشێوەیەکی فراوانتر جێبەجێی بکەم‌و هەم‌و ژن پیاوە ناودارەکانی کورد بە منالاَنی نەتەوەکەم بناسێنم...

**٩- چیرۆکی ئەفسانەو بەندو باو:-**

ئەم بابەتە چیرۆکە لە کلتووری هەموو گەلاندا هەیەو خەیاڵ لەم چیرۆکانەدا دەوری بالاَو بەرز دەبینێ‌و خەیاڵ بەجۆرێك ئەم جۆرە چیرۆکانە دەرازێنێتەوە خوێنەر وا دەزانێ لەگەڵ ڕووداوێکی راستەقینەدا دەژی... و لە هەندێ لەم چیرۆکانەدا سەری بڕاوو درەخت‌و ماسی‌و باڵندەو منداڵی ناو بێشکە دێنە زمان‌و قسە دەکەن‌و هەندێ جار راستییەکی شاراوەو نهێنی ئاشکرا دەکەن... هەر بۆ نموونە بە منداڵی پوورە رەعنای سەیزادەو میمکە ئامینەی سپیسەری کە لە بەغدا دانیشت‌و گەلێ جار چەندین شەو دەبوون بە میوانمان



هەر یەکەو بە نەختێ جیاوازییەوە چیرۆکێکیان بۆ گێراومەتەوە ئەمە کورتەکەیەتی بەناونیشانی (سێوی بەخت) لێرەدا دەیخەمە ڕوو:-

مەلیك ئەحمەد حەوت ساڵ بوو ژنی هێنا بوو بەلاَم منداڵیان نەدەبوو... بەیانیانێك کە هێشتا بوومە لێڵ بوو لەرێی مزگەوت کەسێکی قەلەندەری تووش دەبێ‌و پێی دەڵێ: مەلیك ئەحمەد خەمبارو دڵزار مەبەو خوا بەشی زۆرەو خەوم پێتەوە دیوە ئەگەر بچی لە باخی شای دێوان دوو سێو بێنی‌و خۆت‌و ژنەکەت بیخۆن کوڕێکی کاکۆڵ زێرین‌و کچێکی ددان مرواریتان دەبێ... ئیتر مەلیك ئەحمەد بەرەو باخی شای دێوان دەکەوێتەرێ‌و دەگاتە چوار ڕێیانیك‌و نازانێ بەکام ڕێگادا بڕوات‌و لەپڕ چاوی بە سەرێکی بڕاو دەکەوێ‌و سەرەکە پێی دەڵێ ئەگەر کەپرێکم بۆ بکەی لە هەتاوی هاوین‌و باران‌و رەهێڵەی زستان بمپارێزێ پێت دەڵێم کام ڕێگایە دەگاتە باخی دێوان...

مەلیك ئەحمەد کەپرێك بۆ سەرە بڕاوەکە دەکاو ئەویش پێی دەڵێ یەکەمین ڕێگا بگرە دەگەیتە باخی دێوان ئاگادار بەو لەبیرت نەچێ لە دوو سێو زیاتر بکەیتەوە زەنگە گەورەکەی باخەکە لێدەدات‌و شای دێوان لە خەو رادەپەڕێ‌و لە دەست‌و شمشێری رزگات نابێ...

ئیتر مەلیك ئەحمەد ئەڕواو پاش حەوت شەوو حەوت ڕۆژ دەگاتە باخەکەو لەبیری دەچێ‌و لەبری دوو سێو سێ سێو دەکاتەوەو زەنگی باخەکە لێدەدات‌و شای دێوان لە خەو رادەپەڕێ‌و بانگی سەگی ناو

باخەکە دەکات کە مەلیك ئەحمەد بگرێ سەگەکە دەڵێ نایگرم چونکە تۆ سەد ساڵە منت زنجیر کردووەو ئەو ئێستا منی بەرەڵا کردووە.
ئەنجا بە فەرش‌و قاڵیی ناو باخەکە دەڵێ بیگرن‌و ئەوانیش دەڵێن تۆ چل ساڵە ئێمەت لوول کردووە ئەو ئەمڕۆ رایخستووین نایگرین...
ئەنجا دێوەکە بەشێری ناو دارستانەکە دەڵێ ئەی شێر بیگرە شێر دەڵێ تۆ چل ساڵە کاوجۆم دەدەیتێ‌و ئەو ئەمرۆ گۆشتی بەرخۆلەی دەرخواردداوم چۆن دەیگرم. ! ! ! ئەنجا شای دێوان بەسیمرخی ناو باخەکە دەڵێ سیمرخ تۆ مەلیك ئەحمەدم بۆ بگرە.. سیمرخ دەڵێ تۆ چل ساڵە منت لە قەفەزدا بەند کردووەو ئەو هاتووە منی لە قەفەز ئازاد کردووە چۆن دەیگرم... دواجار شای دێوان بە دەرگای باخەکە دەڵێ دەرگا تۆ بیگرە... دەرگا دەڵێ تۆ چل ساڵە منت کلیل‌و کلۆم داوەو ئەو ئەمڕۆ هاتووەو منی کردۆتەوە لەبەر ئەوە بەقسەت ناکەم‌و نایگرم... ئەنجا شای دێوان شمشێرەکەی لەکیلان دەر دەکات‌و دەڵێ ئەی شمشێر ئەوان نەیانگرن دەی تۆ بیبڕە... شمشێرەکە دەڵێ تۆ چل ساڵی رەبەقە منت لە کێلاندا دیل‌و کۆیلە کردووەو ئەمڕۆ بەبۆنەی هاتنی ئەوەوە لەزیندانی کێلان دەرکراوم‌و هەناسەی تازەم مژیوە بەقسەت ناکەم‌و من نایبڕم...
ئیتر لەم کەین‌و بەینەدا مەلیك ئەحمەد سواری ئەسپەکەی دەبێت‌و سێ سێوەکە لەگەڵ خۆی دا دەباتەوەو شای دێوانیش لە داخاندا هەڵدەترۆپی‌و هەپروون بە هەپروون دەبێ‌و هەموو زیندەران‌و داروبەردی ناو دارستانەکە لە دەست زەبرو زەنگی رزگاریان دەبێ‌و



حەوت شەوو حەوت رۆژ هەڵپەرکێ‌و شاییلۆغان دەگێڕن... منیش هاتمەوە کەوشەکەم دڕا لە ماندوو بوون بەولاوە هیچم پێ نەبڕا...

* بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە.. کەم و زۆر سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:-
١- اثر البيئة في الحكاية الشعبية العراقية/ د. عمر محمد الطالب
٢- مقالات في التربية الحديثة/ ترجمة- خضير عباس اللامي
٣- الرواية والمكان/ياسين النصير
٤- الوجيز في دراسة القصص/ ترجمة- عبدالجبار المطلبي
٥- فن القصة/ د. محمد يوسف نجم
٦- گۆڤاری /ثقافة الاطفال/ ژمارە -١-
٧- گۆڤاری / ثقافة الاطفال/ ژمارە -٢-
٨- جون إيكن/ ترجمة: كاظم سعدالدين
٩- الخيال العلمي في ادب الاطفال/ د. نوري جعفر
١٠- المداخل التربوية/ فاضل عباس الكعبي
١١- یادەوەری منداڵێتی خۆم...
١٢- التطور العقلي لدى الطفل/ جان بياجيه

**ئەو کتێب و بڵاوکراوانەی لقی کەرکووکی یەکێتی نووسەرانی کورد پاش کۆنفرانسی ئازادی بەچاپی گەیاندوون جگە لە گۆڤاری گزنگ کە بەردەوام مانگانە دەردەچێت**

| ز | ناوی کتێب | بابەت | نووسەر | وەرگێڕ | ساڵ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٠٨ | خوێندنەوەی چەند دەقێکی | خوێندنەوە | سامان محەمەد | | ٢٠١٠ |
| ١٠٩ | هەرمێیەکانی فیرعەون | شیعر | ئەحمەدی مەلا | | ٢٠١٠ |
| ١١٠ | تەونێك لە شیعر و وشە | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | مەحمود نەجمەدین | | ٢٠١١ |
| ١١١ | ١١١ نامەی سۆزداری | تێکستی دڵداری | کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: حەمە سەعید زەنگنە | | ٢٠١١ |
| ١١٢ | دانای کوێخا شەوکەت | ڕۆمان | موعتەسەم ساڵەیی | | ٢٠١١ |
| ١١٣ | سەمای روح | کورتە چیرۆك | نەوزاد یوسف کاکەیی | | ٢٠١١ |
| ١١٤ | سلێکوك هۆکلێر عاجباتیی هەشتەم | ڕۆمان | عەبدوڵڵا سەڕاج | | ٢٠١١ |
| ١١٥ | خەزان و شنەی بەیان | شیعر | غازی ڕەشید زەنگنە | | ٢٠١١ |
| ١١٦ | بزووتنەوەی ڕوانگە و شاعیرانی حەفتا و | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | د.هیمدادی حوسێن | | ٢٠١١ |
| ١١٧ | ئاوابوونی جەستە لە سەفەری دڵدا | شیعر | ستار ئەحمەد عەبدولڕەحمان | | ٢٠١١ |
| ١١٨ | دەرگاکان | کۆچیرۆك | خالید مەجید فەتحوڵڵا | | ٢٠١١ |
| ١١٩ | تەنیا لەبەر مەعاشەکەیە | کورتیلە چیرۆك | بەکر دەروێش | | ٢٠١١ |
| ١٢٠ | گەشەکردنی زمانی منداڵ | زمانی منداڵ | | و: د.ئازاد باخەوان و | |
| ١٢١ | لە لووتکەی ئەدەبی ئەڵمانەوە | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | عومەر عەلی شەریف | | ٢٠١١ |
| ١٢٢ | وازیەکانی رەشە گۆم | ڕۆمان | کاکە مەم بۆتانی | | ٢٠١١ |
| ١٢٣ | شاری لەغەم ئاوسبوو | ڕۆمان | سالار ئیسماعیل سەمین | | ٢٠١١ |
| ١٢٤ | ململانێ لەگەڵ پرسیاردا | کۆدیدار | دانا عەسکەر | | ٢٠١١ |



| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٢٥ | ئەو نامانەی بۆ پیرێتی خۆم | دەق | سوارە نەجمەدین | | ٢٠١١ |
| ١٢٦ | عامُ الصِّفْرْ | شعر | صباح رەنجدەر | ترجمة: المهندس محمد حسين رسول | ٢٠١١ |
| ١٢٧ | ڕاکشان لە تەنیشت تارمایی نیشتمانەوە | چەند دەقێکی شانۆیی | عەبدولا سڵێمان (مەشخەڵ) | | ٢٠١١ |
| ١٢٨ | لقاءات تحت أشعة الحروف المشرقة | مجموعة حوارات | سردار زنكنه | | ٢٠١١ |
| ١٢٩ | دزەکان | کۆمەڵە چیرۆك | | ئازاد نەجم | ٢٠١١ |
| ١٣٠ | ڕووبەرێکی ڕەخنەیی | ڕەخنەی ئەدەبی | د. فوئاد ڕەشید | | ٢٠١١ |
| ١٣١ | کتێب | خوێندنەوەی بیست | جەلیل کاکەوەیس | | ٢٠١١ |
| ١٣٢ | لە سۆاخی عیشقدا | کۆمەڵە چیرۆك | سەلمان شێخ بزێنی | | ٢٠١١ |
| ١٣٣ | عومەر سەیفەدین | لێکۆڵینەوە | | و. لە تورکییەوە: | ٢٠١١ |
| ١٣٤ | مەحوی ناسی | لێکۆڵینەوە | هیمداد شاهین | | ٢٠١١ |
| ١٣٥ | بەیداخ | نۆڤلێت | حەمە کەریم عارف | | ٢٠١١ |
| ١٣٦ | زایەڵەی ئاوەسپی | کۆمەڵە بەرهەم | ئا: بەکر دەروێش | | ٢٠١١ |
| ١٣٧ | بازاڕی ناوخۆیی | ڕۆمان | | و: بورهان ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ١٣٨ | ڤلادیمێر سیمۆنەڤیچ ڤیسۆتسکی | وەرگێڕان | | و: لە رووسییەوە: | ٢٠١١ |
| ١٣٩ | پەنجەرە بچووکەکان | چیرۆك | ئازاد عەبدولواحید | | ٢٠١١ |
| ١٤٠ | چەند بوارێکی زانستی زمانەوانی کوردی | زمانەوانی | حمید خالید کەریم | | ٢٠١١ |
| ١٤١ | گەڕانەوە | چیرۆك | چنوور نامیق | | ٢٠١١ |
| ١٤٢ | لە مەدرەسەی نالییدا | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | حەمە مەنتك | | ٢٠١١ |
| ١٤٣ | توخمەکانی بێ دەنگی | کۆمەڵە چیرۆك | | و: ستار شێخانی | ٢٠١١ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٤٤ | ئەو هەتیوەی نابێت بە پیاو | چیرۆك | **عەزیز نەسین** | و: **عەبدولس** | **٢٠١١** |
| ١٤٥ | چۆن و چی بۆ منداڵ | لێكۆڵینەوە | **لەتیف هەڵمەت** | | **٢٠١١** |